# ڕۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 576 سێشەممە 6/ 4/ 2010 | نرخ 750 دینار | No.576 Tue 6/ 4/ 2010



گروپی کۆمپانیاکانی دیوان

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان ئاگاداری هاوڵاتیانی خۆشەویستی سەرانسەری کوردستان دەکات، کە وادەی دەرچوونی خەڵاتەکانی نزیک بۆتەوە کە (5) ئۆتۆمۆبێلی شۆفرلێت (٠) کیلۆمەترە لە هەموو لقەکانی دیواندا لە کڕینی هەر بابەتێکی ناوماڵ و دەرگا و پەنجەرەی (pvc) کەوانتەردا لە بیرتان نەچێت پسوڵەی بەشداربوونی خەڵاتەکان وەرگرن

٠٥٣٣١٣٧٣٢٥

٠٥٣٣١٢٠٦٤٢




## کەمال کەرکوکی: ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزمان هەیە

ل ٨-٩

# گۆڕان تەنازول لە مافی میللەت ناکات

**ڕۆژنامە**

لەکاتێکدا ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێم دووەم کۆبوونەوەی لەگەڵ لیستە براوەکان ئەنجامدەدات. بزووتنەوەی گۆڕان بەهیچ شێوەیەک تەنازول لەمافی خەڵکی کوردستان ناکات.

بزووتنەوەی گۆڕان لەسەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی عێراق و یەکخستنی گوتاری کوردی لەبەغدا، داواکاری و مەرجی پێشوەختی بریتییە لە پێشخستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستان لەپێش بەرژەوەندی حیزب و گرووپ و شەخس، هەروەها لەبارەی کێشە ناوخۆییەکانیشەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەهیچ شێوەیەک سازش و نەرمیی نانوێنێت لەبەرامبەر گەڕاندنەوەی مافی ئەو هەزاران هاوڵاتییەی سزای سیاسیی دراون.

لەلایەکی دیکەوە نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)دا ئاماژەی بەوەکرد، لە هەرێمی کوردستان دەسەڵات بەدەست هاوپەیمانیی کوردستانەوەیە، ئەم دەسەڵاتە لەماوەی دوو هەڵبژاردنەکەی ئەمدواییانەدا، دەنگدەرانی لیستی گۆڕانی ئازارداوە و سەدان کەس لە کارمەندانی وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و پاسەوانی سنوور لەکارەکانیان دەرکراون، وەزارەتی پەروەردە لەبەر هۆکاری سیاسیی، سەدان مامۆستای گواستووەتەوە، بە ڕاشکاوی پێمانوتوون، ئێمە ناتوانین لە بەغدا هاوکارییان بکەین، لەکاتێکدا ئەوان دژایەتی هەواداراني ئێمە دەکەن لە کوردستان.

هەر لەوبارەیەوە قادری حاجی عەلی، سەرپەرشتیاری وەفدی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کۆبوونەوەکەی سەرۆکایەتی هەرێم وتی: «ئێمە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان پێشتر ڕازیبوونی خۆمان ڕاگەیاند، بەڵام بە مەرج، کە مەرجی سەرەکیی ئێمە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستانە بە نەهێشتنی سزای سیاسیی، تا دەرکردنی کارمەندو پۆلیس و سەربازو گواستنەوەیان بەنیازی وازپێهێنانیان لە وەزیفەو تەنانەت ئیجرائاتی تەعەسوفی و هەروەها لێدان و زیندانیکردن و هەوڵی تیرۆرکردن و تاواندروستکردن و زۆر شتی دیکەش کە لە کوردستان ڕوویانداوە، ئێمە وتمان تا ئەم داواکارییە قبوولنەکرێت و بارودۆخ ئاسایی نەبێتەوە، ناتوانین پێشنیازەکان قبوولبکەین و لەسەر خاڵەکانی دیکە ڕێکبکەوین.

## ڕۆژانە بایی (٣) ملیۆن دۆلار نەوتی هەرێم دەفرۆشرێت و داهاتەکەی ناچێتە بودجەوە!

**هەولێر، هەنگاو هاشم**

ڕۆژانە بڕی (٨٥٠٠) تەن نەوتی خاو لە ڕێگەی کۆمپانیای (عێراق ئۆیل)ەوە لە پاڵاوگە نەوتییەکانی تاوگێ و شیواشۆکەوە بەشێوەی نایاسایی بە ئێران دەفرۆشرێن.

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیەی دەست ڕۆژنامە کەوتووە و مەرجەکانی زیادکردنی ئاشکرای لەخۆگرتووە بۆ کۆمپانیاکانی گواستنەوەی نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و مۆری تایبەتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی بەسەرەوەیە، ئاماژە بەوە کراوە؛ پرۆسەی لێزیادکردنەکە لەسەر بنەمای کێبڕکێی بەهای ئەو بەرهەمە نەوتییانە (گازوایل، نەوتی ڕەش، نەفت) دەبێت، کە لە پرۆسەی پاڵاوتن لە پاڵاوگە بچووکەکان دەردەچێت، کە لەیەک تەن نەوتی خاو بۆ بەڵێندەری براوە دابیندەکرێت لە یەکێک یان لە هەردوو کێڵگە نەوتییەکانی (تاوگێ و تەقتەق).

مەرجەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی بۆ بەڵێندەرەکان (٢٠) خاڵ لەخۆدەگرێت و تیایدا هاتووە، کە بەڵێندەر پێویستە ڕۆژانە (٨٥٠٠) تۆن نەوتی خاو لە کێڵگە نەوتییەکانی تاوگێ و تەقتەق باربکات و ئەو بڕە نەوتە خاوەش دابەشبکات بەسەر پاڵاوگە بچووکەکاندا، بەڵێندەر ناچارکراوە کە ئەو نەوتەی وەریدەگرێت دەبێت بەسەر پاڵاوگە بچووکەکاندا دابەشی بکات، بەپێچەوانەوە ئەگەر بۆ مەبەستی بازرگانیی بەکارییبهێنێت، ڕۆژانە بە نرخی جیهانیی سزادەدرێت.

بۆل٢

# کێ ناهێڵێت پەرلەمان کۆبێتەوە؟

**ڕۆژنامە**

د.ڕەفیق سابیر، پەرلەمانتاری یەکێتی لەسەر فراکسیۆنی کوردستانیی، نکۆڵیی لەوە ناکات، کە بڕیاردان لەسەر بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بە هۆکاری سیاسیی ڕاگیراوەو لە هەمانکاتدا هەر بەهۆی ئەو هۆکارەوە پەرلەمان کۆنەبووەتەوە، وتی: «هۆکارێکی سیاسییە، کە برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەر هۆیەک بێت تائێستا لە پەرلەماندا ڕوونیان نەکردووەتەوە، نایانەوێت گفتوگۆکانی بودجە بەردەوام بێت و پەرلەمانیش کۆبێتەوە، دەنا هیچ هۆکارێکی یاسایی نییە بۆئەوەی پەرلەمان کۆبوونەوەکانی خۆی نەکات». لەوبڕوایەشدایە؛ ئەو هەڵوێستە هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی کۆسپ لەبەردەم کابینەی شەش و شەخسی سەرۆکی حکومەت.

وتیشی: «بەداخەوە پڕۆژەیاسای بودجەو تەنانەت کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خۆشی لە دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمانە».

**وردەکاریی زیاتر لە ل٣دایە.**



## ئەبوبەکر عەلی: بزووتنەوەی گۆڕان دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە

ل ١٠



## د. تاهیر هەورامی: سیستمی تەندروستی هی سەردەمی عوسمانییەکانە

ل ١٨




# نەوشیروان مستەفا: بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی دەرکراوە سیاسییەکان، هاوکاریی هاوپەیمانیی کوردستانیی ناکەین

**دیمانەی: (الشرق الاوسط)**

فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان لە کوردستان کە بۆ یەکەمجار بەشداریی لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کرد، ئێستا بووەتە ژمارەیەک لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقو دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر هاوسەنگی سیاسیی لە دیمەنی عێراقدا.

لەچوارچێوەی دیاریکردنی ئەو ڕۆڵەدا، (الشرق الاوسط) چاوی بە نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان کەوتو لەسەرەتاوە پرسیاری لەبارەی هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیو مەرجەکانی بۆ بەستنی هاوپەیمانێتییە سیاسییەکانی داهاتوو لێکردو وتی: «هەڵوێستی پێشوەختمان بەرامبەر هیچ لایەنێکی بەشداری پرۆسەی سیاسییو براوە لە هەڵبژاردنی گشتیدا نییە، ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی زۆربن یان کەم، سەبارەت بە مەرجەکانیش، مەرجی پێشوەختمان نییە بۆ گفتوگۆکردن، تەنانەت بۆ کاری هاوبەشیش لەگەڵ هەرلایەنێک کە لەناو پەرلەماندا بێت، جگە لە زاڵکردنی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی گەلی عێراق بەسەر بەرژەوەندییەکانی گرووپێک یان تایەفەیەک یاخود حیزبێکی سیاسییو پاراستنی سیستمی دیموکراتی پەرلەمانی فرەیی ئیتیحادی».

لەبارەی ئەو هێزانەی کە بزووتنەوەکە بەنزیکتر لەخۆی لە رووی دیدو هەڵوێستە سیاسییەکانەوە دەیانبینێتو دەکرێت پشتیان پێببەسترێتو هاوپەیمانێتییان لەگەڵ بکرێت، وتی: «ئێمە، هەڵوێستەکانمان لەسەر بنەمای بەرنامەو ئەو دروشمە سیاسییانەی لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ کراوە بنیات نانێین، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو خاڵە سەرەکییانەی حکومەتی ئیئتیلافی داهاتووە لە بەرنامەی وەزاریی خۆیو رەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتییو خزمەتکردنی گەلی عێراقە لەو بەرنامەیەدا».

لەبارەی ئەو مەترسییانەی کە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی دەیانخاتەڕوو سەبارەت بەهەوڵی هەندێک هێزی سیاسیی عێراقی بۆ لاوازکردنی رۆڵی کورد لە بەغداو جەختکردنەوەی سەرکردەکانی هاوپەیمانیی لەسەر سەوابتە نەتەوەییەکان، شەرقولئەوسەت پرسیاری لێکرد، ئایا هاوکاریی هاوپەیمانیی کوردستان دەکەن لەو مەسەلانەی لە داهاتوودا دەخرێنەڕوو، مەرجەکانیان بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو هاوپەیمانییەدا چین؟، نەوشیروان مستەفا وەڵامی دایەوە: «چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندیدا هەنو هەندێکیمان لە حکومەتەکانی پێشوو بە میرات بۆ ماتەوە، کێشەی کۆنو دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پێش رووخاندنی رژێمی پێشوو، هەندێکیشیان تازەنو لە ماوەی دوای رووخاندنی رژێم دروستبوون، ئەم کێشانە چاوەڕێی چارەسەرکردنن بۆئەوەی حکومەتی ناوەندی بیپەرژێتە سەر مەسەلە زۆر گرنگەکانی پەیوەست بەبنیاتنانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی نوێی عێراق، بۆئەوەی عێراق بەهێزبێت لە ناوخۆو بەهێز بێت لەچوارچێوەی ئیقلیمیدا، بەڵام لە هەندێک رووەوە دیدمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە جیاوازە لە دیدی هاوپەیمانیی کوردستانی، لەبەر ئەم هۆیە بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداریمان لە هەڵبژاردندا کرد... خاڵێکی دیکە کە پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە، لە هەرێمی کوردستان، دەسەڵات بەدەست هاوپەیمانیی کوردستانەوەیە، ئەم دەسەڵاتە لەماوەی دوو هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییانەدا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە (تەمموز)ی ساڵی رابردوو و هەڵبژاردنی (ئازار)ی پەرلەمانی عێراق، دەنگدەرانی لیستی گۆڕانی ئازارداوەو سەدان کەس لە کارمەندانی وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو پاسەوانی سنوور لەکارەکانیان دەرکراون، وەزارەتی پەروەردە لەبەر هۆکاری سیاسیی، سەدان مامۆستای گواستووەتەوە، بە راشکاوی پێمانوتوون، ئێمە ناتوانین لە بەغدا هاوکارییان بکەین، لەکاتێکدا ئەوان دژایەتی هەوادارانی ئێمە دەکەن لە کوردستان. سەبارەت بەو مەترسییانەی خراونەتەڕوو، من پێموایە، دابەشبوون نییە لە ریزی کورددا، بەڵکو جیاوازیی هەیە لە بۆچوونی سیاسیی بۆ کێشەکانو چارەسەرەکانیاندا. هێزی کورد لە عێراق، لە ژمارەی کورسییەکانیان لە پەرلەمانی عێراق سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەوەوەیە کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی دەوڵەتی عێراقن. ئیستیحقاقی نەتەوەییو ئیستیحقاقی هەڵبژاردن هەیە، رەنگە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن کاربکاتە سەر بچووککردنەوە یان پەراوێزخستنی رۆڵی کورد لە بەدەستهێنانی پۆستە وەزارییەکان، بەڵام ئەوە کارناکاتە سەر ئیستیحقاقی نەتەوەییان لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقو دامەزراوەکانیدا».

لەبارەی رادەی ئامادەیی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی داهاتووی عێراقو ئەو مەرجانەی لەبەرامبەردا دەیانخاتەڕوو، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان وتی: «ئەگەر بەرنامەی وەزاریی حکومەتی داهاتوو نزیک بێت لەبەرنامەی سیاسیمان، بەشداریی تێدا دەکەین، بەشداریی ئێمەو بەشداریی کورد لە حکومەتی داهاتوو بۆ ئێمە گرنگەو هەروەها بۆ حکومەتی عێراقیش، مەرجمان گونجاویی بەرنامەی حکومەتی داهاتووە لەگەڵ بەرنامەی سیاسیمان وەکو بزووتنەوەی گۆڕان».

نەوشیروان مستەفا، قسەکانی بە وەسفکردنی هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییە کۆتاییهێنا، بەوەی «هەنگاوێکی گرنگ بووە لە چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقو ئێمە لەو بڕوایەداین کە سازدانی هەڵبژاردن، ئەگەر ساختەکاریشی تێدا بکرێت، لە ئەنجامنەدانی باشترە».

# د. رەفیق سابیر: پارتی نایەوێت گفتوگۆی بودجە بەردەوام بێت

**راپۆرتی: سەنگەر جەمال**

سیناریۆکانی پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)و پەلەپەلکردن بۆ تێپەڕاندنی لە سەرەتای ناردنی بۆ پەرلەمانو گوێپێنەدانو ئەنجامنەدانی کۆبوونەوە لە ئێستادا، نیگەرانیی دروستکردووەو جێگەی تێبینی چاودێرانە، هەروەک پەرلەمانتارێک بەپێویستی دەزانێت لیستی دەسەڵات روونکردنەوە بۆ هاوڵاتییان بدات سەبارەت بە دواخستنی گفتوگۆکانی بودجە.

## بودجە بۆ مەبەستی سیاسیی

عەدنان عوسمان، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ پەلەکردن لە بودجە لە سەرەتای ساڵەوەو هەوڵدان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری بە مەبەستی تێپەڕاندنی بۆ ئەوەبووە ببێتە بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنو وتی: «دەسەڵات پێیوابوو وەک ساڵانی رابردوو گفتوگۆیەکی کەموکورتی لەسەر دەکرێتو دەبێتە بەشێک لەو ئەجێندایەی دیارییان کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت بودجەکە کەلێنی زۆری تێدایەو گفتوگۆکانیش تێرو تەسەلنو هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بە گەرمی خۆیان بۆ گفتوگۆ لەسەر بودجەو هەموولایەنو وردەکارییەکانی ئامادەکردووەو موناقەشەی دەکەنو بێدەنگ نابن لەو کەموکوڕییو خروقاتانەی تێیدا کراوە، دەسەڵات بۆی دەرکەوت، کە ناتوانن بۆ مەبەستی هەڵبژاردنو سوودی لێوەرگرنو رەنگبوو تێپەڕاندنیشی ببوایەتە لاوازبوونی پێگەی حکومەت لە کوردستاندا، لەبەر ئەوە دوایانخست».

## ململانێی پارتیو یەکێتی بودجە پەکدەخات

دواخستنی پڕۆژەی بودجەوئەنجامنەدانی کۆبوونەوەی پەرلەمان لەماوەی (٢٠) رۆژی رابردوودا، جێی رەخنەیەو بەشێکی پەرلەمانتارانیش پێیانوایە؛ ململانێکانی یەکێتیو پارتی کە پێکهێنەری لیستی زۆرینەی پەرلەمانن، کارو کۆبوونەوەکانی پەککخستووە.

عەدنان عوسمان، بەپێویستی دەزانێت بودجە دووربێت لەو ململانێیانەو وتی: «ئێمە لە سەرەتاوە تکامان وابوو بودجە نەکرێتە بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردنو وەکو ئیستیحقاقی خەڵک مامەڵەی لەگەڵ بکرێتو تێکەڵی سیاسەت نەکرێت، بەڵام لایەنەکانی دیکە بەتایبەت لیستی کوردستانی، ئەگەر ململانێیەکیان هەیە ئەوە دوورو نزیک پەیوەندیی بە ئێمەوە نییەو ئێمە ئێستاش هەمان ئەو رەخنەو تێبینیانەمان هەیە، کە لە سەرەتای هاتنی بودجەوە بۆ پەرلەمان هەمانبووەو پەیوەست نییە بە ئەجێندایەکی سیاسیی دیاریکراوەوە».

لەلایەکی دیکەوە د.رەفیق سابیر، پەرلەمانتاری یەکێتی لەسەر فراکسیۆنی کوردستانی، نکوڵی لەوە ناکات، کە بڕیاردان لەسەر بودجەی (٢٠١٠) هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بە هۆکاری سیاسیی راگیراوەو لە هەمانکاتدا هەر بەهۆی ئەو هۆکارەوە پەرلەمان کۆنەبووەتەوە، وتی: «هۆکارێکی سیاسییە، کە برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەر هۆیەک بێت تائێستا لە پەرلەماندا روونیان نەکردووەتەوە، نایانەوێت گفتوگۆکانی بودجە بەردەوام بێتو پەرلەمانیش کۆنەبێتەوە، دەنا هیچ هۆکارێکی یاسایی نییە بۆئەوەی پەرلەمان کۆبوونەوەکانی خۆی نەکات». دووپاتیشی کردەوە، جگە لە بودجە کۆمەڵێک پڕۆژەی جیاواز لەلایەن فراکسیۆنە جیاجیاکانەوە پێشکەشی پەرلەمان کراون، کە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان پێویستو گرنگە بە یاسا رێکبخرێن، «بەڵام بۆ ئەو مەسەلانەش راگیراوە بەبێ هۆکاری نادیار».

لەوبڕوایەشدایە؛ هەڵوێستی پارتی هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی کۆسپ لەبەردەم کابینەی شەشو شەخسی سەرۆکی حکومەتو وتی: «ئێمە چاوەڕێی کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکەین بۆئەوەی بزانین هۆکاری ئەم دواخستنی دانیشتنانە چییەو سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی خۆی هەبێتو روونکردنەوە لەوبارەیەوە بدات».

## بودجە لەدەرەوەی ئیرادەی پەرلەمانە

بەشێکی پەرلەمانتاران نایشارنەوە، کە ئێستا بودجە لە دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمانەو لیستی دەسەڵات دەیانەوێت لە دەرەوەی پەرلەمان چارەنووسی دیاری بکەن.

د.رەفیق سابیر، لەوبارەیەوە وتی: «بەداخەوە پڕۆژەیاسای بودجەو تەنانەت کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خۆشی لە دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمانە، ئێمە چاوەڕوانی ئەوەبووین پەرلەمانێکی سەربەخۆو خاوەن بڕیارو چالاکمان هەبێت، بەڵام پێدەچێت تائێستاش هەوڵێکی جدیی لە کوردستان هەبێت بۆئەوەی پەرلەمان بکرێتە ئەداتێک بەدەستی حیزبەکانەوە».

هەروەک پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان-یش هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی ئێستا بودجە لەدەرەوەی ئیرادەی پەرلەمانەو وتیشی: «تێبینییەکی زۆر وردو راستیشەو رەخنەیەکی گەورەیە لە حیزبی باڵادەست لە پەرلەمان، کە رێژەی کورسییەکانیان ئەوەندەیە، کە هەر یاسایەک بیانەوێت دەتوانن تێیپەڕێنن».

پێشیوایە: «خەڵکانێک لە پەرلەماندا دەیانویست لە غیابی ئۆپۆزسیۆندا فرسەت بقۆزنەوە بۆ ئەوەی تێی بپەڕێنن، خێرە ئێستا دەنگیان نییەو داوا ناکەن بۆئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێتو گفتوگۆ لەسەر بودجە بکرێت؟!، کەواتە ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی لیستی دەسەڵاتەو خۆیانن گوێ بە بودجە نادەنو بێباکانە دوایانخستووە بێ هیچ روونکردنەوەیەک بۆ خەڵکی کوردستان».




# بەڕێوەبەرێکی دیکە لەسەر گۆڕان لابرا

**شارا عەبدولڕەحمان**

بەڕێوەبەری قوتابخانەی پیرەمێردی بنەڕەتیی لە شارۆچکەی بەردەقارەمان، بەگومانی پەیوەندیی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە لە پۆستەکەی لادەبرێتو دەکرێتەوە بە مامۆستا، بڕیاری لابردنی ئەو بەڕێوەبەرەش لەسەر پێشنیازی کارگێڕی کۆمیتەی بازیانی یەکێتی بووە.

ئارام مەردان فارس، بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: رۆژی (٣/١٥) بڕیاری لەسەرکار لابردنم لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانییەوە بۆ دەرچوو، تەنیا هۆکاریش بۆ ئەو کارە، ئەوەیە کە گومانیان هەیە لەوەی، کارم بۆ بزووتنەوەی گۆڕان کردبێت.

لەبەرامبەردا کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هیچ کەسێک لەسەر هەڵوێستی سیاسیی شوێنگۆڕکێی پێنەکراوە، بەڵکو لەسەر پێشنیازی یەکەی سەرپەرشتیارێتی بنەڕەتیی ئەو کارە دەکرێت». بەڵام مامۆستا ئارام، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، «سەرپەرشتیارێتیی بنەڕەتیی ئاگاداری بڕیارەکە نەبوون، لەسەر هەڵوێستی سیاسییو کارکردن بۆ گۆڕان لابراوم، نەک کێشەی پەروەردەییو خوێندن».

# سێ سەرنج پێش کۆبوونەوەکانی ئەمڕۆ

**ئازاد چالاک**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٤/٤)، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، کۆبوونەوەی نێوان لیست و قەوارە سیاسییەکانی کوردستان بە سەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم و بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا. پاش تەواوبوونی دانیشتنەکان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا سەرۆکی هەرێم ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەی خستەڕوو، هەروەها لەلایەن شۆڕش حاجی-یەوە ڕاگەیەندرا، کە ئەوان وەک بزووتنەوەی گۆڕان مەرجی سەرەکییان بۆ کاندیدکردنەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، برتییە لە نەهێشتنی سزای سیاسیی لە بەرامبەر لایەنگران و هەوادارانی گۆڕان، ئەم لێدوانانە قسەو باس و شیکردنەوەی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، کە بەڕای من:

### ١- سەرۆکی هەرێم

سەرۆک دەبوایە خۆی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی نانبڕاوەکانی ڕابگەیاندایەو ئەو کارە باشەی بۆ خۆی وەک سەرۆکی هەرێم تۆمار بکردایەو چاوەڕوانی ئەوە نەبوایە، کە گۆڕان و لایەنەکانی دیکەو تەنانەت هەندێک کەسایەتیی دیاری ناو پارتی ئەم مەسەلەیە باس بکەن و بورووژێنن، ئینجا بخرێتە ئەجێندای کاری کورد لە بەغداو بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەو یەک هەڵوێستیی لە مەسەلە چارەنووسسازەکان!

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم هەموو خەڵکی کوردستان بەشدار نەبوون لە دەنگدان بە پەرلەمان و سەرۆک، ئەوانەشی کە دەنگیان دا (١٠٠٪) دەنگیان نەدا بە مەسعود بارزانی، لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتە دیموکراسییە هاوشێوەکانی، سەرۆکەکانیان بەزۆرینەی دەنگی هاوڵاتییان دەبنە سەرۆک و زۆربەی جاریش هەردوو کاندیدی ڕکەبەر بە جیاوازییەکی کەم دەبنە سەرۆکی وڵات و ڕکەبەرەکەی پیرۆزبایی لە سەرۆکی داهاتوو دەکات و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردنی لەپێناوی بەرژەوەندیی وڵات و دیموکراسی ڕادەگەیەنێت و لەسەر دەنگنەدانیش تاکە یەک هاوڵاتیش نانبڕاو ناکرێت و ڕێز لە یاساو دەستوورو ئازادییە دیموکراسییەکان دەگیرێت.

بەڵام بەداخەوە دەڵێم؛ سەرۆکی هەرێم ئەم هەلە مێژووییەی لەدەست دا.

### ٢- سەرۆک کۆمار

سەرۆک کۆماریش وەک سەرۆکی هەرێم و هەموو سەرۆکەکانی دنیا، مەرج نییە یەک دەنگیی و کۆدەنگیی هەموو خەڵکی هەرێم و خەڵکی عێراقی لەسەربێت، جگە لەوەی کە نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەو کۆدەنگییە لەژێر فشارو مەرجدار بێت.

سەرۆک کۆمار پێویستی بە هەشت کورسی نییە بۆ ئەوەی وەک باوک لەلایەن ڕۆڵەکانییەوە بناسرێت و پەسەند بکرێت، چونکە ئەو پۆستە بەپێی دەستووری عێراق شوان و پارێزەری جێبەجێکردنی خودی دەستووری عێراق و مافەکانی هەموو خەڵک و پرەنسیپە دیموکراسییەکانە لەعێراق، تەنانەت هی ئەو کەسانەشە، کە دەنگی پێ نادەن، بۆیە نەبووەو ناکرێت بۆ وەرگرتنەوەی هەر پۆستێک سەرۆک مەرج دانێت، یاخود تەنانەت ڕازیش بێت بەوەی کە بەمەرجێکی لەو جۆرە ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار.

زۆر بەداخەوە پاش زیاتر لە (٢٥) ساڵ کاری سیاسیی و ڕاگەیاندن لەگەڵ بەڕێز سەرۆک کۆمار، کە سیاسەت و خەبات و پشوودرێژیی لێوە فێربووین، ئەمڕۆ ڕازی بێت بەوەی، کە هەتا سەرۆکایەتی کۆمار وەرنەگرێتەوە، ئەوا دەبێت نانبڕاوەکان وەک خۆیان بمێننەوەو سزابدرێن.

پێموایە؛ سەرۆک کۆمار دەبوایە پێش کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بە فەرمانێکی (سیاسیی حیزبی حکومیی) هەموو ئەو بڕیارانەی هەڵبووەشاندایەتەوەو ئەمە بۆ خودی سەرۆک کۆمار دەبووە مایەی سەرکەوتن و ئەم مەسەلەیەشی لەدەستی لایەنەکانی دیکە دەسەندەوە.

نەدەبا مەسەلەی نانبڕاوەکان و سزادراوەکان دوابخرێت، چونکە ئەو کۆبوونەوانە دەبێت بۆ تاووتوێکردنی چارەنووسی کوردبێت لە بەغداو بەرنامەی کاری کوردو بەستنی هاوپەیمانیەتییەکان، نەک باسکردنی مەسەلەیەکی ئاوا قێزەون، کە لە کەم کون و قووژبنی ئەم دنیایە پەیڕەو دەکرێت بە وڵاتە هەرە دواکەوتووەکانی دنیاشەوە.

### ٣- بزووتنەوەی گۆڕان

کۆبوونەوەی لیستی گۆڕان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بە سەرکەوتوو نازانم و جێی نیگەرانییە، کە بەو شێوەیە لەڕاگەیاندنەکان ئەنجام و بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بڵاوکرایەوە.

نانبڕاوەکان ڕاستە کێشەیەکی پڕ زامە، هەم بۆ کەس و خانەوادەی سزادراوەکان و هەم بۆ ئاست و پێگەی دیموکراسی لە هەرێم و ئەزموونەکەی، بەڵام ئەو کێشەیە هەموو کێشەی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن نییە لە هەرێم و لە بەغداو دەبوایە گۆڕان بەتایبەتی و ئۆپۆزسیۆن بەگشتیی بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەبوونایە، کە مەسەلەی نانبڕاوەکان و مەسەلەی پۆستی سەرۆک کۆمار بەیەکەوە ببەسترێنەوە، چونکە مەسەلەی هەڵبژاردنی هەر کەسێک پەیوەستە بە ماف و هەڵوێستی ئارەزوومەندانەی تاک و لایەنە سیاسییەکان، کە یاساو خودی دەستووری عێراق و مرۆڤایەتی سەلماندوویەتی، بەڵام مەسەلەی نانبڕین و دەرکردن و گواستنەوەو....هتد دژی هەموو ئەمانەن، کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون.

گرێدانی ئەو دوو مەسەلەیە بەیەکەوە هەڵەیەو هیوادارم سەرۆکی هەرێم لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا بەشێوەیەکی دیکە لەلای خۆیەوە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکات.

---

## فراکسیۆنی گۆڕان:
# بێدەنگیی پەرلەمان لەسەر بودجە، مەترسیدارە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

فراکسیۆنی گۆڕان بێدەنگیی پەرلەمان لەسەر بودجە، بە مەترسیدار لەقەڵەمدەدات، هاوکات فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن دانیشتنەکان بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی هەرێم دەستپێبکاتەوە.

ڕۆژی یەکشەممە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوەو تیایدا فراکسیۆنەکان داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، پەرلەمان دەستبکاتەوە بە دانیشتنەکانی تایبەت بە بودجەی هەرێم.

ئەحمەد وەرتێ، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەماندا داوامانکرد دەستبەجێ دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ گفتووگۆکردنی بودجە دەستپێبکاتەوە.

هاوکات عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی وتی: «دواخستنی بودجە بەبێ پاساو جێگەی نیگەرانییەو داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین گفتوگۆکانی بودجە دەستپێبکاتەوە.

هاوکات فراکسیۆنی گۆڕان لە یاداشتێکیدا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕن بەتێپەڕبوونی مانگێک لە دەستپێکردنەوەی خولی گرێدراوی دووەمی پەرلەمان، بێئەوەی هیچ کۆبوونەوەیەک لەسەر تاووتوێکردنی مەسەلەی بودجە بکرێت و داوادەکەن «دەستبەجێ پەرلەمان دەستبکاتەوە بە کۆبوونەوەکانی».

لە یاداشتەکەدا هاتووە: «ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان زۆر بەنیگەرانییەوە دەڕوانینە ئەم بێدەنگییە مەترسیدارەی پەرلەمان، سەبارەت بە ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەی ڕەسمیی تایبەت بە بودجە، لە هەمانکاتدا داواکارین دەستبەجێ دەستبکرێتەوە بە ئەنجامدانی کۆبوونەوە ئاساییەکانی تایبەت بە بودجە، تا چارەنووس و پرۆژەی بودجە دیاریی بکرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتییانەوە هەیە».

---

# (٣٦٠) فەرمانبەری وەزارەتی کارەبا دەوام ناکەن و مووچە وەردەگرن

**شارا عەبدولڕەحمان**

(٣٦٠) فەرمانبەری فەرمانگەی کارەبای کەرکوک لە هەولێر بێئەوەی دەوامی ڕۆژانەیان هەبێت، مووچە وەردەگرن.

فەرمانگەی کارەبای کەرکوک لە هەولێر سەر بە وەزارەتی کارەبایەو تایبەتە بەو کەسانەی کە لە شاری کەرکوک و دەوروبەرییەوە لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی عیراقدا ئاوارەبوون یان دەرکراون و ژمارەیان زیاتر لە (٦٥٠) کەسە، بەڵام (٣٦٠) کەسیان دەوام ناکەن و مانگانە لە وەزارەتی داراییەوە مووچە وەردەگرن.

چێنەر حسێن خەفاف، سەرۆکی دیوانی وەزارەتی کارەبای هەرێم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «فەرمانگەی کارەبای کەرکوک لە هەولێر سەر بە وەزارەتی کارەبایە، بەڵام دائیرەیەکی خەزێنەیان هەیە، کە سەر بە وەزارەتی داراییەو لەو وەزارەتەوە مووچەیان پێدەدرێت و ئێمە تەنیا کاروبارە ئیدارییەکانیان بۆ ڕایی دەکەین، فەرمانبەرەکانیشیان، کە ژمارەیان زیاتر لە (٦٥٠) کەسە خەڵکی کەرکوک و حەویجەو پردێ و ئەو ناوچانەن، ئێستا ژمارەیەکیان چوونەتەوە بۆ کەرکوک و ژمارەیەکیشیان هەر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ماونەتەوە».

جەختی لەوەشکردەوە، کە (٣٦٠) کەس لەو فەرمانبەرانە هیچ دەوامێکی ڕۆژانەیان نییە، و ئەگەر پرۆژەیەکی سەر بە وەزارەتەکەمان هەبێت لە ناوچەکانی خۆیاندا دەیاننێرین بۆ ئیشکردن تێیدا، بەڵام هیچ پرۆژەیەک پێویستی بەو ژمارە زۆرە لە فەرمانبەر نییە، لەبەرئەوە بەزۆریی بێکارن».

چێنەر خەفاف وتیشی: «تائێستا چەندجارێک ویستوومانە چارەسەر بۆ ئەو فەرمانبەرانە بدۆزینەوە، بەڵام حکومەتی عێراق وەریاناگرێت، ئێمەش ناتوانین دەستبەرداریان ببین و بێ مووچەیان بکەین».

---

# (٧١٢) پێشێلکاریی لەدادگاکانی هەرێم تۆمارکراون

**بەهادین یوسف**

لە ساڵی (٢٠٠٩) زیاتر لە (٧١٢) پێشێلکاریی یاسایی لە دادگاکانی کوردستان تۆمارکراون، کە (٢٢٣) حاڵەتی لە دادگاکانی تاوان و کەتن و نەوجەوانان و (١٤٧) حاڵەتی لە دادگاکانی لێکۆڵینەوەو (٢٠٤) حاڵەتیان لە دادگا بەرایی و شارستانی و دادگاکانی باری کەسایەتی و (٩٨) حاڵەت لە فەرمانگەکانی جێبەجێکردنی (سێ) پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراون.

بەپێی ڕاپۆرتی سێیەمی پالپشتی دادگاکان، کە لەلایەن ڕێکخراوی (DHRD) (سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی مافی مرۆڤ)ەوە ئەنجامدراوە، لەماوەی ساڵی (٢٠٠٩)دا (٧١٢) حاڵەتی پێشێلکاریی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.

پێشێلکارییەکانیش لە بوارەکانی ئەنجامدانی پێشێلکاریی، لە دژی مافەکانی تۆمەتباران بە بەرگریکردن لەخۆیان، لەناو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی هەرێمداو پێکنەهێنانی دادگاکان و دواکەوتنی دادگاییکردن و مانەوەی تۆمەتبارانی ڕاگیراو بۆ ماوەی دوورودرێژ لە چاوەڕوانیی دادگاییکردنداو کەمیی شارەزایی یاسایی لای هەندێک دادوەران لەسەر بابەتە یاساییەکان و ڕێو شوێنی ئەنجامدانی دادگاییکردن و گوێپێنەدان و گرنگینەدان بە ڕێو شوێنی یاسایی لە ئەنجامدانی دادگاییکردنەکان و وردبینینەکردنی دۆسییەکان و جیاوازیکردن و واسیتەکردن لە هەندێک لە دۆسییەکاندا لەلایەن دادوەرانەوە، پێدانی زانیاریی نادروست بە دادگا لەلایەن هەندێک لایەنی جێبەجێکەری یاساو جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادوەران، بە ئازادنەکردنی تۆمەتباران و لێنەپرسینەوە لەوانەی کەمتەرخەمیی ئەنجامدەدەن و مافی زیندانیی و تۆمەتباران پێشێلدەکەن.

ڕاپۆرتەکەی (DHRD) چەندین پێشێلکاریی مەترسیداری دیکەی تۆمارکردووە، لەوانە: بەکارهێنانی توندوتیژیی و ئەشکەنجەدان لە دژی تۆمەتباران لەکاتی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، دەستگیرکردنی ناشەرعیی لەلایەن کارمەندانی پۆلیس و ئاسایشەوەو گوێپێنەدان لە جێبەجێکردنی ڕێو شوێنی یاسایی و بڕیارەکانی دادوەرانی لێکۆڵینەوە لەلایەن بەرپرسانی پۆلیس و ئاسایشەوە، پێشێلکردنی مافی تۆمەتباران بۆ بەرگریکردن، پێشێلکردنی سەروەریی یاسا لەلایەن هەندێک لە دادوەرانی لێکۆڵینەوەو دەستخستنە ناو کاروباری لێکۆڵینەوە لەلایەن هەندێک لە دادوەران و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوەوە.

---

# نەزاهە ١٤ بەرپرسی کورد لەکاردەخات

**هەستیار قادر**

دەستەی نەزاهەی عێراق فەرمانی ڕاگرتنی سەرجەم ئەندامانی لیستی برایەتی نەینەواو دووبەرپرسی کوردی وەزارەتی دەرەوەی دەرکرد، کە فۆڕمی زانیاری سەروەت و سامانیان پڕنەکردووەتەوە.

لە بەیاننامەیەکدا دەستەی نەزاهەی عێراق بڕیاری ڕاگرتنی کاری (٤٨) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاکان و (١٢) دادوەرو (١٢) گەورە بەرپرسی وەزارەتی دەرەوەی دەرکرد، بەهۆی ئەوەی فۆڕمی زانیاری سەروەت و سامانیان بۆ ساڵی (٢٠٠٩) پڕنەکردووەتەوە.

لەنێو ئەو بەرپرسانەی کە لە کارەکانیان لەلایەن دەستەی نەزاهەوە ڕاگیراون، ناوی (ڕاست نوری شاوەیس) بە پلەی باڵیۆزو (سروود ڕەشید نەجیب) وەزیری دانوستکار هاتووە، کە هەردووکیان کوردن و هەروەها لیستی لەکار ڕاگیراوەکان ناوی (١٢) ئەندامەکەی لیستی برایەتی نەینەوای تێدایە لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، کە سەرجەمیان سەر بە یەکێتی و پارتین.

لەوبارەیەوە دەرمان خەتاری، وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا ئەو بڕیارەی دەستەی نەزاهەیان بە ڕەسمیی پێنەگەیشتووەو لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بیتسوویانەو پڕنەکردنەوەی فۆڕمی زانیاری سەروەت و سامانی ئەندامەکانیشیان پەیوەندیی بە بایکۆتکردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵەوە هەبووە، کە تائێستا دەوامیان نەکردووە.

وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا، ئاماژەی بەوەشدا؛ کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەنیازن فۆڕمی زانیاری سەروەت و سامانی ئەندامانی لیستەکەی پڕبکەنەوەو ڕەوانەی دەستەی نەزاهەی بکەن».

---

### پاشماوەی.. ڕۆژانە بایی (٣) ملیۆن دۆلار...

لەبەشێکی دیکەی مەرجەکانی وەزارەتی ناوبراودا هاتووە، کە پێویستە بەڵێندەر لەسەر بنەمای بەرهەمە نەوتییەکان مامەڵە لەگەڵ خاوەن پاڵاوگەکان بکات و پێویستە بە بەهایەکی گونجاو ڕێکبکەوێت لەگەڵ خاوەن پاڵاوگەکان، چونکە وەزارەت بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە دابەزاندن و بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕەوە نییە، هەروەک وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئەو مەرجەشی بۆ هەر بەڵێندەرێک دیاریکردووە، کە دەبێت بڕی (٢) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ژمێریاری وەزارەت دابنێت چ بە چەکی پەسەندکراو بێت یان خیتاب زەمان بۆ ماوەی (٣) مانگ.

کاروان ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە سەروبەندی دانیشتنمان لەگەڵ د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان، لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢١) تەندەرێک دراوە بەگرێبەست بۆ ڕەوانەکردنی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی شیواشۆک و تاوگێ بەشێوازی نەوتی ڕەش، کە بڕی (١٠٠) پلە گەرمدەکرێت بۆئەوەی ڕەشبکرێت، بدرێت بە پاڵاوگەکان بە تانکەری ژمارە تورکی و ئێرانی و عێراقی و ڕەوانەی بەندەری ئیمام خومەینی دەکرێت».

وتیشی: «ڕۆژانە زیاتر لە (٨٥٠٠) تەن نەوت دراوە بە کۆمپانیای عێراق ئۆیل، بەپێی ئەم گرێبەستە بۆ هەر یەک تەن نەوت بەهای (٣٤٠) دۆلار دانراوە، بەمجۆرەش ڕۆژانە بە بەهای (٢٨٩٠٠٠٠) دۆلار نەوت لە هەردوو پاڵاوگەی شیواشۆک و تاوگێ بە نایاسایی دەفرۆشرێت، بێئەوەی داهاتەکەی ئاشکرابکرێت».

## «کەمکردنەوەی بودجەی حیزبەکان بەگۆترە بوو»

# کابینەکەی بەرهەم ساڵح، ڕووبەڕووی ڕەخنەی حیزبەکان دەبێتەوە

ڕاپۆرتی، شارا عەبدولڕەحمان



کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم

فۆتۆ: krg

بودجەی مانگی ئازاری حیزبە کوردستانییەکان (٥٠٪) کەمیکرد، بەو هۆیەشەوە ئەو حیزبانە نارەزایی دەردەبڕنو ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە حکومەت لە بێ بەرنامەیی ئەو کارەی کردووەو دەبوو پێشتر لەو حاڵەتە ئاگاداری بکردنایەتەوە، لەکاتێکدا بودجەی ٢٠١٠و پرۆژەیاسای بودجەی حیزبو قەوارە سیاسییەکان تائێستا لەپەرلەمانی کوردستان پەسەند نەکراوە.

عەبدوڵڵا حاجی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مانگی ڕابردوو بەبێ ئەوەی ئاگاداربکرێینەوە، حکومەت نیوەی بودجەکەی پێدایین، بەبێ ئەوەی لە هۆکارەکەی تێمانبگەیەنێت، کە بەداخەوە دەبوو ئەوە بەپێی یاسا ڕێکبخرێتو پێشتر لەگەڵمان قسەیان بکردایە، چونکە ئەو بڕیارە کێشەی بۆ دروستکردووین، چونکە ئەو کارانە بەپلانی پێشوەخت دەکرێت، نەک لە ڕێکداو بەبێ پرسو ڕا».

لەکاتی ڕاگەیاندنی بودجەدا لەلایەن حکومەتەوە بڕیاریدا کە تا یاسای بودجەی حیزبەکان دەردەچێت بودجە وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی یاساکە دەرچووبێت، حکومەتی هەرێم دەستیکرد بە کەمکردنەوەی بودجەی حیزبەکان.

ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەهۆی ئەوەی یاسای بودجەی حیزبەکان پەسەند نەکراوە، بودجەکە بەنیوە پێیان دراوە تا بودجەی هەرێمو بودجەی حیزبەکان پەسەند دەکرێت».

لەبەرامبەردا سوبحی مەهدی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان، بە ڕۆژنامەی وت: «بیانوەکە ئەوەیە لەچوارچێوەی کەمکردنەوەی خەرجیاتی حکومەت کە بەنیازیەتی، بودجەکەمانی کەمکردووەتەوە، بەڵام بە بڕوای من بڕینی ئەم بودجەیە زۆر مەدروس نییەو جۆرێک لە بێ بەرنامەیی پێوە دیارە، هاوکات کاریگەریشی دەبێت لەسەر ژیانی حیزبایەتیو کاری ڕێکخراوەیی لە هەرێمدا».

حیزبە کوردستانییەکان داوادەکەن، لە پرسێکی وەک بابەتی داراییو لێبڕینی بودجەدا ڕاوبۆچوونی حیزبو لایەنە سیاسییەکان وەربگرنو تاکلایەنانە بڕیارنەدەن.

کەمال ڕەحیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان وتی: «بودجەی ئێمە خۆی لەخۆیدا کەمبوو، ئێستاش ئەو بودجە کەمەمان پێدراوە، بەشی کرێی بیناکانمان دەکات، لەبەرئەوە پێمانوایە: فشارێکە بۆئەوەی حیزبەکان لەناو پەرلەماندا پەلە لە پەسەندکردنی بودجە بکەنو دەنگی پێبدەن».

بە وتەی بریکاری وەزارەتی دارایی، سەرجەم حیزبە کوردستانییەکان بە یەکێتیو پارتیشەوە بودجەکەیان کەمکراوەتەوەو حاڵەتی جیاکاریی بۆ هیچ حیزبێک نەبووە.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد؛ کە یەکێتی بودجەی مانگی ئازاری پێنەدراوە، وتیشی: «ئەو بودجەیەی کە بەحیزبەکان دراوە بودجە نەبووە، بەڵکو لە شێوەی مووچەیەک بووە بۆ ئەندامەکانیان، دەنا بودجەی مانگی ئازار هێشتا دابەشنەکراوە».

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٤/٣)ی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ حیزبو لایەنە کوردییە براوەکانی بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە سەرۆکی حکومەتیش ئامادەی بوو، حیزبە کوردستانییەکان دووبارە ئەو پرسەیان وروژاندەوەو داوای ڕوونکردنەوەیان لە سەرۆکی حکومەت کردووە.

عەبدولستار مەجید، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرۆکی حکومەت وەڵامێکی ڕوونی نەدایەوەو پێی ڕاگەیاندین؛ کە حکومەتەکەی کێشەی کورتهێنانی دارایی هەیەو دواتر بە ژمارە بۆمانی ڕووندەکاتەوە.

سەرۆکی حکومەت لە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمو لایەنە سیاسییەکان ئاماژەی بەوەکردووە؛ کە تەنیا ئەو حیزبانە نین، کە بودجەکەیان کەمبووەتەوە، بەڵکو یەکێتیو پارتیش بەر ئەو حاڵەتە کەوتوون، بەڵام وتەبێژەکەی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی ئاماژەی بەوەکرد؛ کە ناکرێت یەکێتیو پارتی بەو حیزبانەی دیکە بشووبهێنرێن، «چونکە ئەوان دەیان سەرچاوەی داراییان هەیەو زۆربەی کادیرو کارمەندەکانیان لەسەر حکومەت مووچە وەردەگرن، بەڵام کێشە بۆ حیزبەکانی دیکە دروستبووە، کە تەنیا سەرچاوەیان ئەو بودجەیە کە حکومەت دەیانداتێ».

هاوکات قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لە پارەوە بودجەمان بڕاوەو پێدەچێت هەتا یاسای بودجەی حیزبەکان پەسەند نەکرێت ئێمە «مافی خۆمان» بۆ نەگەڕێتەوە، بۆیە داوایکرد پەلە بکرێت لە پەسەندکردنی ئەو یاسایەداو ئاماژەشی بەوەکرد؛ پێویستە حیزبەکان بەپێی مافو ئیستیحقاقاتی سیاسیی خۆیان بودجەیان پێبدرێت، نەک بە میزاجی شەخسییو سیاسیی.



# پەرلەمان جورئەتی ئاشکراکردنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی نییە

راپۆرتی: رۆژنامە

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەردوو دیوانی چاودێری دارایی (هەولێرو سلێمانی) بەناشەرعیی و نایاسایی وەسفدەکات، لە هەمان کاتدا بە دەیان نووسراو داوای راپۆرتیان لێدەکەن، پەرلەمانتارانیش پێیانوایە؛ پەرلەمان جورئەتی ئاشکراکردنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی نییەو تەنیا بۆ مەرامی سیاسیی دەیانخاتەڕوو.

### گۆڕان داوای راپۆرتەکانی چاودێری دارایی دەکات

فراکسیۆنی گۆڕان لە (٢٠٠٩/١٠/١٢) یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردبوو، سەبارەت بە خستنەڕووی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ساڵەکانی (٢٠٠٨و ٢٠٠٩)، بۆ بەردەم پەرلەمانتاران، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان هیچ وەڵامێکیان نەبوو، هەربۆیە فراکسیۆنی گۆڕان بۆ جاری دووەم لە (٢٠٠٩/١١/١٨) یاداشتێکی دیکەیان ئاراستەی سەرۆکایەتی کرد، تا وەڵامیان بدرێتەوە، دواتر سەرۆکایەتی پەرلەمان پاش (٤) مانگو لە رێکەوتی (٢٠١٠/٣/١٧) وەڵامی یاداشتەکانی فراکسیۆنی گۆڕانی داوەتەوە.

### پەرلەمان؛ چاودێری دارایی شەرعیەتی یاساییان نییە

دەربارەی ئاشکراکردنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، بەڕێوەبەرێتی کاروباری پەرلەمان بە نووسراوی ژمارە (ک ١٢٠) لە رۆژی (٢٠١٠/٣/١٧) وەڵامێکیان ئاراستەی فراکسیۆنی گۆڕان کردووە بە ئیمزای جێگری سەرۆکی پەرلەمان تایبەت بە بیروڕای لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ یاداشتەکەی فراکسیۆنی گۆڕانو تێیایدا هاتووە: پەرلەمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی ناکات، چونکە هیچ یەک لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی شەرعیەتیان نەماوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی، یەکەم: ئەم دوو دیوانە یەکیان نەگرتووەتەوە دووەم: لەبەر ئەوەی کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٢٤) لە رۆژی ٢٠٠٢/١١/١٦دا بڕیاری داوە بە مامەڵەکردن، لەگەڵ دوو ئیدارەیی کە لە کوردستاندا هەبووە، هەتا یەکگرتنەوە یان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان کامیان زووتر بوو.

«لـەبـەر ئــەوەش، کـە هـەڵـبـژاردنـی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوەو ئیدارەش یەکیگرتووەتەوە لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە، هیچ یەکێک لەم دەزگایانە شەرعیەتی یاساییان نییەو مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت».

دوابـەدوای ئەو وەڵامەی سەرۆکایەتی پەرلەمانو فراکسیۆنی گۆڕان جارێکی دیکە یاداشتێکیان لە (٢٠١٠/٣/٣٠) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کـردەوەو داوای ئاشکراکردنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی کردەوە، ئاماژەش بەوەکراوە، کە لەبەر ئەوەی پەرلەمان یاسای ژمارە ٢ی ساڵی (٢٠٠٨)ی دەرکردووە، کە تایبەتە بە دیوانی چاودێری دارایی، تیایداهاتووە هاتووە: کە ئەو دیوانە سەر بە پەرلەمانی کوردستان دەبێت، هەربۆیە فراکسیۆنی گۆڕان جەخت لەسەر ئەو راپۆرتانە دەکاتەوە، کە لە رۆژی دەرچوونی ئەو یاسایەوە لەلایەن هەردوو دیوانی چاودێری داراییەوە رەوانەی پەرلەمان کراون، چونکە بەپێی یاساکە پێویستە دیوان ساڵانە راپۆرتەکانی ئاراستەی سەرۆکایەتی بکات. هـەروەک تیایدا هاتووە کە بەپێی لێکدانەوەی پەرلەمان بێت بوونی دوو دەزگای ئاسایشیش لە هەرێمی کوردستان ناشەرعین، چونکە تائێستا ئەم دوو دەزگایە یەکیاننەگرتووەتەوە، لێرەشەوە ناکرێت هیچ دامودەزگایەکی رەسمیی حکومەت مامەڵە لەگەڵ دەزگای ئاسایشی سلێمانیو هەولێر بکەن، چونکە ناکرێت لەم پێناوەدا تەنیا دیوانی چاودێری دارایی بە ناشەرعیی وەسفبکەینو باس لە دەزگای ئاسایش نەکەین.

### راپۆرتەکان بۆ مەرامی سیاسیی بەکاردەهێنرێن

لەکاتێکدا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، هــەردوو دیوانی چاودێری دارایی بە ناشەرعی دادەنێنو مامەڵە لەگەڵ راپۆرتەکانیان ناکات، خودی پەرلەمان لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩)دا زیاد لە نووسراوێکی ئاراستەی دیوانی چاودێری دارایـی کـردووەو تیایاندا داوای بەشێک لەو راپۆرتانە دەکـەن، کە ئامادەکراون، پەرلەمانتاران ئەو مامەڵەی سەرۆکایەتی بە بەحیزبیکردنی پەرلەمان وەسفدەکەن، کە بۆ مەرامی سیاسییو حیزبی ئەو راپۆرتانە بەکاردەهێنن، نەک بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵیی.

د. زانا رەئوف ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو: تا ئێستا ٨٠٪ی راپۆرتەکانی دیوان کە بۆ پەرلەمان نێردراون پشتگوێخراون، سەرۆکایەتی بۆ مەبەستێکی دیاریکراوو بۆ مەرامی سیاسیی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی رەوانەی لیژنەکان دەکات، وەک راپۆتی تایبەت بە بودجەی وشکەساڵیی، کە هاتە لیژنەکان، هەربۆیە بە وتەی ئەو: «ئەگەر پەرلەمان بەمجۆرە مامەڵە بکاتو بەردەوام بێت لە شاردنەوەی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، لەبری دامەزراوەیەک، کە ئەرکی بەدواداچوونو نەهێشتنی گەندەڵییە پەرلەمان دەبێتە گەورەترین بەرگریکار لە گەندەڵیی».

### رێکەوتنە ستراتیژییەکە رێگرە لە ئاشکراکردنی ئەو راپۆرتانە

لـەکـاتـێـکـدا، راپـۆرتـەکـانـی دیـوانـی چاودێری دارایی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەشاردرێنەوە، ناتوانرێت رەخنە لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی بگیرێت، کە بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون، چونکە سەدان راپۆرتیان ئاراستەی حکومەتو پەرلەمان کردووە، بەڵام وەک عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان دەڵێت: «پەرلەمان جورئەتی ئەوەی نییە لێکۆڵینەوە لە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی بکات، لەبەر ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نوێنەرایەتی حیزب دەکەنو پەرلەمانیش، کە توانای لێپێچینەوەی وەزیرێکی نەبێت بەبیانووی تێکچوونی رێکەوتنە ستراتیژییەکەوە، ئیتر چۆن دەتوانێت دەستبخاتە سەر گەندەڵییەکانو راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی ئاشکرابکات، کە بە وردیی ئەو گەندەڵییانەیان ئاشکراکردووەو لەئاست هیچ بەرپرسو پۆستێکدا نەوەستاوەو ئەگەر ئەوە بکرێت، ئەوا زۆرێک لە بەرپرسانی حیزبیو وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان رووبەڕووی یاسا دەبنەوە».

### ئاشکراکردنی ئەو راپۆرتانە، ئەرکی لیژنەی نەزاهەیە

لــەدوای ئـەو وەڵامــەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەردەکەوێت کە نایانەوێت ئەو راپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی ئاشکرا بکەن، بەپێویست دەزانرێت لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بەدواداچوون بۆ ئەو راپۆرتانە بکات.

د. زانـا رەئـوف، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانیشە دەڵێت: «ئەگەر لیژنەی نەزاهە نەتوانێت فشاری ئەوەبکات، ئەو راپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی، کە لە سەرۆکایەتی شاراونەتەوە، ئاشکرابکرێن، ئــەوا لیژنەی نەزاهە میسداقیەتی خۆی لەدەست دەدات، بەتایبەت، کە تائێستا نەیتوانیوە بە ئەرکی خۆی هەستێت، کە ئاشکراکردنو بەدواداچوونی گەندەڵییە، هەربۆیە ئاشکراکردنی ئەم راپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی گەورەترین کاری ئەو لیژنەیە دەبێت».

ئاشکرا نەکردنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی بۆ پەرلەمانتاران، بە بڕوای د.رەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە خولی رابـردووی پەرلەمان لیژنەی نـەزاهـەی نـەبـووەو راپۆرتەکان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان گلدراونەتەوەو ئێستاش سەرۆکایەتی پەرلەمان هەر بەو نەریتە دەڕوات بەڕێوەو راپۆرتەکان ئاشکرا ناکات، بەڵام ئێستا بە مافی خۆیانی دەزانـن ئەو راپۆرتانە ئاشکرابکرێن.

لەگەڵ ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی نەزاهە دەربــارەی بودجەی (٢٠١٠)، کە دراوەتـە سەرۆکایەتی پەرلەمان، جەخت لەسەر ئاشکراکردنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایـی کراونەتەوە، بەڵام د.رەفیق سابیر، جەختی لەوەکردەوە، کە تائێستا بە رەسمیی داوای ئەو راپۆرتانەیان لە سەرۆکایەتی نەکردووە، کاتێک مەسەلەی بودجە کۆتاییهاتنی یەکلایی کرایەوە ئەو کاتە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان قسەدەکەن!.


Kurdistan parliament- Iraqi
Kurdistan - Erbil
Directorate Of Parliament Affairs
NO:
DATE:


دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

### لیژنەی نەزاهە، چاوەڕوانی پێکهێنانی دەستەی نەزاهە دەکات

د.بەشیر خەلیل ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان پێیوایە؛ ئەگەر داوای راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایش بکەن، ناتوانن وەک پێویست بەدواداچوونیان بۆ بکەن، وتیشی: «لەبەرئەوەی تائێستا دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان پێک نەهاتووە، کە لایەنی جێبەجێکارە، ئەوا لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان کارەکانی تەواو نییە، چونکە تا ئەو دەزگایە پێکنەیەت، کاریش بکەین ئەنجامی نابێت»، ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی رەتکردەوە؛ کە لایەنی دادگا بتوانێت کارەکانی ئەم لیژنەیە تەواوبکات، کاتێک گەندەڵییەک ئاشکرادەکرێت.

لە بەرامبەردا، عەدنان عوسمان، ئەو بۆچوونەی رەتکردەوەو ئاشکرایکرد؛ لیژنەی نەزاهە لەگەڵ دەستەی داواکـاری گشتیی قسەیان کردووەو دوای ئاشکراکردنی هەر گەندەڵییەک، ئەوا لیژنەی نەزاهە دەتوانن دۆسییەکە رەوانــەی داواکــاری گشتیی بکەن، ئەوکاتە رێوشوێنی یاسایی لەبارەوە دەگیرێتەبەر، لەلایەکی دیکەوە دەستەی نەزاهە لە عێراقدا هەیە، کە دەزگایەکی فیدراڵییە بۆ هەموو عێراقە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە لە بودجەی (١٧٪)کەش بودجەی بۆدابیندەکرێت، هەربۆیە پێویست بە پێکهێنانو چاوەڕوانکردنی دەستەی نەزاهەی هەرێم ناکات، ئەگەر بەرپرسانی حکومەت رێگە بدەن ئەو دەستەیە لە کوردستان نووسینگەو لقی هەبێت، ئەوا کارەکان بە باشترین شێوە بەڕێوەدەچێت.

### چاودێری دارایی داوای لابردنی نهێنێتی راپۆرتەکان دەکات

دوای ئــەوەی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی کە رەوانەی پەرلەمان کراون و تا ئێستا وەک پێویست بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەیان لێنەکراوە لەلایەن حکومەتو پەرلەمانو تەنانەت نەدراوە بە پەرلەمانتارانو لیژنە پەیوەندیدارەکانیش، لەبەرئەوەش کە لیژنەی نەزاهە تا ئێستا وەک پێویست بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە، دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لە سەرەتای ئەمساڵدا داوایەکی پێشکەشی پەرلەمان کردووە تا راپۆرتەکان لەپاش ساڵێک نهێنییان لەسەر لاببرێت، چونکە بە بۆچوونی ئەوان ئەگەر راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی کە سەدەها گەندەڵی ئاشکرادەکەن، لە میدیاکانەوە بۆ رای گشتیی بڵاوبکرێنەوە، ئەوا گەندەڵچییەکان ترسیان دەبێتو چیتر سامانی میللەت بە هەدەر نابەن.

لە کاتێکدا کە دیوانی چاودێری دارایی رەخنەی ئەوە دەگرێت، کە راپۆرتەکانیان کاری لەسەر ناکرێت، جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەو دوو دیوانە هەستیارە بە نایاسایی وەسفدەکات، بۆیە لێرەدا دەکرێت بپرسین ئەگەر هەردوو دیوانی چاودێری دارایی دوو دەزگای نایاسایین، چۆن حکومەتی هەرێم لە بودجەی (٢٠١٠) بودجەیان بۆ تەرخاندەکات؟،

هەروەک ئەو دوو دیوانە بەتایبەت دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، کە بە ملیارەها دۆلاریان گەڕاندووەتەوە بۆ بودجەی گشتیی، ئەگەر دەزگایەکی ناشەرعی بـن، چۆن حکومەت دان بەکارەکانیاندا دەنێت و دادگا لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکانی ئەوان گەورە بەرپرسان دەداتە دادگا؟ دەبێت چاوەڕوانی وەڵامی دیوانی چاودێری دارایی بین، کە ئایا شەرعیەتی یاساییان هەیە؟ ئەگەر نایاساییین ئەوا زیاتر لە ٢٠٠ فەرمانبەرو ٢٣ دەستەو ٦ بەڕێوەبەرایەتی گشتیو ٢٦٣٢راپۆرتی گەندەڵیی کە ئامادەکراون تا ٢٠١٠/٤/٤ چارەنووسیان چی لێدێت؟

### حکومەت، دەبێت پارەی گەندەڵکاران بە داوای لێبوردنەوە بگەڕێنێتەوە!

بەپێی وەڵامــەکـەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان بێت، ئێستا هەموو ئەو فەرمانبەرە حکومییو حیزبییانەی کە دوو مووچەی زیادیان وەردەگـرت کە بڕەکەی ٦ ملیار دینارەو گەڕێنراوەتەوە بۆ بودجەی هەرێم، ئێستا دەتوانن سکاڵا لە دژی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایـی سلێمانی تۆماربکەنو مووچەکانیان وەربگرنەوە، چونکە هەردوو دیوان ناشەرعین، هەروەک بەپێی هەمان بڕیار گەندەڵکاران لە کوردستان ئەوانەی دراونەتە دادگاو ئەوانەشی هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدان دەتوانن داوا لەسەر دیـوان تۆماربکەنو حکومەتی هەرێمیش ئەوکاتە دەبێت ئەو پارانە بگەڕێنێتەوە بۆیان بە ١٨ ملیۆنو ٧٥٠ هەزار دۆلارەکەی وەزارەتی کارەباشەوە.

سەرۆکایەتی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم دەبێ داوای بڕی ئەو بودجەیەش بکەنەوە کە چەند ساڵە تەرخاندەکرێت بۆ هەردوو دیوانە ناشەرعییەکەی هەرێم!

سەیر لەوەدایە هەردوو دیوانی چاودێری دارایــی هەرێم لە هەولێرو سلێمانی بۆ بەرگری کردن لە دیوانو کارمەندەکانیان، تائێستا نەهاتوونەتە جواب، ئەوەش بۆخۆی پرسیارێکی گەورەتر دێنێتە پێشەوە ئایا ئەو بێدەنگییە وەک عەرەب دەڵێت: «نیشانەی رازیبوونیانە»؟.

### گۆڕان داوا لەسەر سەرۆکی پەرلەمان تۆماردەکات

ئەگەر وەڵامی یاداشتەکانی فراکسیۆنی گـۆڕان بە ئاشکراکردنی راپۆرتەکانی چاودێری دارایی نەدرێتەوە، ئەوا بەوتەی د.زانا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە هیچ پاساوێک رێگەنادەن ئەو راپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی بە نهێنیی بمێننەوەو ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەدەنگ داواکارییەکەیانەوە نەیەن، ئەوا بە نیازن داوای یاسایی لە دژی عەدنان موفتی، سەرۆکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستانو کەمال کەرکوکی، وەک جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە خولی رابردوو و سەرۆکی پەرلەمان لە خولی ئێستای پەرلەمان تۆماربکەن.

# رێکەوتنە ستراتیژییەکە لاسەنگ بوو

راپۆرتی: بەرهەم خالید

بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسیی، راپۆرتەکەی هەفتەی رابردووی گۆڤاری گوڵان سەرەتای کاڵبوونەوەو کۆتایی رێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتیو پارتییە، بەوەش قۆناغێکی نوێی ململانێی سیاسیی نێوان ئەو دووحیزبە دەستپێدەکات، بەتایبەت کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئازاری رابردوو، پارتی کردە حیزبی یەکەمو یەکێتیش پلەی دووەمی بۆ گۆڕان جێهێشتو بووە حیزبی سێیەم.

راپۆرتەکەی گوڵان وێڕای رەتکردنەوەی لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە. پەیامێکی ئاشکرایە، کە چیتر پارتی ئامادەنییە وەک هێزێکی سەرەکیی مامەڵە لەگەڵ یەکێتی بکات، بە بڕوای چاودێرێکیش هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنامەکە خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسیو ئاڵوگۆڕی سرووشتییانەی دەسەڵات دەکات.

گۆڤاری گوڵان، کە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات، لە ژمارە ٧٧٤ی رۆژی (٢٠١٠/٣/٢٩)دا راپۆرتێکی لەژێر ناوی (هەڵسەنگاندنی گوڵان بۆ کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان... خوێندنەوەیەک بۆ گوتاری پیادەکراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان) بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا بە توندیی رەخنە لە ئەدای د.بەرهەم ساڵحو کابینەی شەشەم دەگرێتو بە کابینەیەکی شکستخواردووی دەداتە قەڵەم بە بەراورد لەگەڵ کابینەی پێنجەمو تێیدا هاتووە؛ «بەڕێز د.بەرهەم، کە ئێستا بەپێی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، لەماوەی شەش مانگی رابردوو لە پیادەکردنی ئەم پۆستەدا، بەداخەوە هەنگاوەکانی دژی بنەماکانی رۆحی ئەو رێککەوتنە ستراتیژییەیە».

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەشدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە؛ پابەندبوونیش بە رۆحو ئامانجی ئەم رێککەوتنە بوو، دوای هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموزی (٢٠٠٩) لەگەڵ ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی لە ئاکامی جیابوونەوەی گۆڕان لە یەکێتی تووشی داکشانێکی گەورەی جەماوەریی هات، بەڵام پارتی لەبەرئەوەی پارێزگاریی بەم سیستەمەوە بکات، پابەندبوو بەو رێککەوتنەو پۆستی سەرۆک وەزیرانی کوردستانی دایەوە بە یەکێتی، لەگەڵ ئەوەی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانیشدا (تەنانەت لە سلێمانیش) دەنگی پێویستی نەهێنابوو.

بڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتە مشتومڕێکی زۆری لە ناوەندی سیاسییو میدیایی خستەوەو یەکێتیی نیشتمانی نیگەرانکرد. بەڵام هەرزوو مەکتەبی سیاسیی پارتی لە روونکردنەوەیەکدا رایگەیاند: «ئەو راپۆرتە بە هیچ شێوەیەک تەعبیر لە رووانگاو هەڵوێستی پارتی ناکات».

بەڵام بە بڕوای رێبین رەسوڵ، چاودێری سیاسیی، بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە بە ئیعازی سەرووتر بووە بۆ ئەوەی تیشک بخرێتە سەر کەمبوونەوەی ئاستی یەکێتی لە ناو پەرلەمانو حکومەتو جەماوەرداو باڵادەستیی پارتی لەدوای هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی عێراق، کە مانگی رابردوو بەڕێوەچوو.

مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیش پاش روونکردنەوەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە روونکردنەوەیەکدا ئەو راپۆرتەی بە «نامەسئولانەو پڕ لە ناڕاستی» وەسفکردو ئەوەی خستووەتەڕوو، «کە ناوەڕۆکی راپۆرتەکە لەگەڵ گیانی هاوپەیمانێتی نێوان یەکێتیو پارتیدا ناکۆکو دژە».

راپۆرتەکەی گۆڤاری گوڵان وێڕای رەخنەگرتن لە ئەدای کابینەی شەشەمو رەخنەی لە ئەدای د.بەرهەم لە سەرۆکایەتی حکومەتی ئیدارەی پێشووی سلێمانیو پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق گرتووە لەلایەن د.بەرهەمەوەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە، کە د.بەرهەم ئەو پۆستانەی خستووەتە خزمەتی یەکێتییەوە، نەک خەڵکو تێیدا هاتووە؛ «بەرنامەی ئیدارەکەی د.بەرهەم لە سلێمانی، ئیدارەی سلێمانی کردبووە ئالییەتێک بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری یەکێتی، بۆ ئەوەی ئەم ئیدارەیە بتوانێت هەندێک پرۆژەی رووکەشو گوتارێکی خزمەتگوزاریی رووکەشی هەبێت، ئەزموونی دووەمی حکومڕانیی د.بەرهەم، ئەزموونی جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ناوەندی بەغدایە، کە بەداخەوە د.بەرهەم لەو ماوەیەی کە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، چەند کارێکی کردووە، کە تەنیا بۆ خزمەتی یەکێتی بووە، نەک خەڵکی کوردستان».

رێبین رەسوڵ باس لەوە دەکات، لەدوای هەڵبژاردنی (٧)ی ئازارەوە ئاراستەیەک لەناو مەکتەبی سیاسیی پارتی لەگەڵ ئەوەدان کە چاو بە رێکەوتننامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتیو پارتیدا بخشێنرێتەوە، چونکە چیتر یەکێتی ئەو هاوپەیمانە بەهێزە نییە کە بتوانێت شان لە شانی پارتی بداتو لە رووی ئاستی جەماوەرییو ژمارەی کورسییەوە کەمیکردووە، بۆیە ئەو ئاراستەیە داوادەکەن کە ئەو هێزەی پارتی لە سەر ئەرزی واقیع هەیەتی، لە ئاستی سیاسیشدا رەنگبداتەوەو ئیستیحقاقی زیاتری هەبێت، وتیشی: «ئەوەش داوایەکی رەوایە، لەبەرئەوەی ئێستا پارتی باڵادەستەو دەتوانێت ئەو رێکەوتنە بەوشێوەیە هەمواربکرێت، کە بەرژەوەندییو هێزی پارتیو یەکێتی تێدا پارێزراو بێت».

دەربارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش رێبین پێیوایە؛ یەکێتی باجی ئەو هەڵە سیاسییانە دەدات کە لە رابردوودا کردوویەتیو ئێستا یەکێتی لە حاڵەتی لاوازیدایەو پارتی هێزی سەرەکییە لە کوردستان، «بۆیە دەبێت یەکێتی وەک ئێستا سەیری خۆی بکات نەک رابردوو، هەروەک لەسەر پارتیشە کە وریایانە مامەڵە بکاتو ئەنجامەکان بەرەو هەڵەی سیاسیی نەبات».

## فازڵ میرانی: هەندێک کەسی ناو یەکێتی دەیانەوێت ئەو دۆخە دژ بە پارتی بەکاربهێنن

ئاماژە سیاسییەکان ئەوە ئاشکرادەکەن، کە بۆچوونەکانی ناو راپۆرتەکەی گوڵان سەرەتای کاڵبوونەوەی رێکەوتننامەی ستراتیژیی یەکێتیو پارتییە، کە بەهۆیەوە چوارساڵ جارێک پۆستە باڵاکانی هەرێم لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ پێدەکەن، بەڵام پەیڕەوکردنی سیستمی نیمچەکراوە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، پێگەی هەریەکە لە یەکێتیو پارتی دەرخستو بەهۆیەوە پارتی (٣١) کورسیو یەکێتی (١٣) کورسی بەدەستهێنا.

بەڵام فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەو بابەتانەی لە مێدیاکاندا دژ بە یەکێتی یان پارتی بڵاودەبنەوە ببنە هۆکاری ناکۆکیی لەنێوان یەکێتیو پارتی، لە میانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کوردستان تیڤی، کە شەوی پێنجشەممەی رابردوو بڵاوکرایەوە، میرانی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ پارتیو یەکێتی رێکەوتننامەی ستراتیژییان هەیەو پێشێلی ناکەن.

میرانی ئەوەشی راگەیاند: هەندێک کەس لەناو یەکێتی کە بەرپرسن لەوەی بەهۆی هەڵەو خراپیی تەکنیکەوە دەنگێکی زۆریان نەبووەتە هۆی بەدەستهێنانی کورسی، دەیانەوێت ئەو دۆخە بگوازنەوە بۆ دەرەوەو دژ بە پارتی، بۆیە ئێمە زۆر وریاترینو گوێ بەوانە نادەینو پابەندین بە رێکەوتنی نێوانمانەوە لەگەڵ یەکێتی.

هەروەها د. بەرهەم ساڵح، رۆژی ٤ی ئەم مانگە لە سلێمانی دەربارەی راپۆرتەکەی گوڵان رایگەیاند «کەسانێک هەن کە تائێستا دیارە وادەبینن کە نانی خۆیان لە گرژبوونو تێکچوونی بارودۆخی کوردستانە، ئیرادەو عەقڵییەتی شەڕی ناوخۆن».

د. بەرهەم هەروەها وتیشی: «کەس ناتوانێت منەتم بەسەردا بکات کە من سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانم».

لەلای خۆیەوە ئاسۆس هەردی، رۆژنامەنووس، باس لەوە دەکات؛ ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەی دوایی، کە بە ژمارەی کورسیش پارتی هێزێکی زۆر گەورەتری هەیە لە یەکێتیو بەوهۆیەشەوە جۆرێک لە لاسەنگی لە رێکەوتنی نێوان ئەو دوو حیزبەدا دروستبووە، پارتی بە مافی خۆی دەزانێت کە جۆری پەیوەندییەکە لەگەڵ یەکێتی بگۆڕێت، وەک ئەو دۆخەی کە ئێستا لە ئارادایە، هەرچەندە رەنگە بە ئاشکرا ئەوە نەڵێن. هەردی لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «کۆمەڵێک ئەنجامی هەڵبژاردن زەبری خۆی هەیە لەسەر هێزەکان، بۆیە هەر پارتو لایەنێکی سیاسیی ئەگەر هەستبکات رادەی پشتیوانیی جەماوەرو پێگەی جەماوەریی زیادیکردووە، سرووشتییە کە بیر لەوە بکاتەوە بەپێی ئەو واقیعە تازەیە وێنەی نەخشەی وڵات بکێشێت، ئێستاش کەس ناتوانێت نکۆڵی لەم واقیعە نوێیە بکات».

بە بۆچوونی ئاسۆس، لەمەودوا پارتی بە مافی خۆی دەزانێت زۆربەی بڕیارە چارەنووسسازەکان نەک هەر لە بەغدا، بەڵکو لە هەرێمیش بە دەستی خۆی بێت، هەروەها بەشدارییپێکردنی یەکێتی لە کوردستانو لە بەغداش بەپێی ئەو قەبارەیە بێت کە هەڵبژاردن هێناویەتیە ئاراوە، وتیشی: «ئەوەش گەمەی سیاسییەو دەبێت هەموو لایەنەکان پێوەی پابەندبنو وەک ئەو ئاستەی هەیەتی مامەڵە بکات».

بەپێی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو ئەو دەنگانەی لایەنە کوردییەکان بەدەستیانهێناوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، پارتی یەکەمو گۆڕان دووەمو یەکێتی سێیەمە، ئەوەش رێکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی دەخاتە بەردەم ئەگەری هەڵوەشاندنەوە.

رێبین رەسوڵ پێیوایە؛ هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەی ستراتیژیی لە ئێستادا لە بەرژەوەندیی پارتیو خەڵکی کوردستانو زیانی یەکێتییە، نەمانی رێکەوتننامەکەش وا دەکات بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن حوکمی وڵات بکرێت نەک رێککەوتن، «ئاساییە حیزبێک ماوەیەک دەسەڵاتدار بێتو دواتر ببێتە ئۆپۆزسیۆنو بە پێچەوانەشەوە ئەوەش لە خزمەتی کۆی پرۆسەی دیموکراسیدایە».



کۆبوونەوەیەکی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی
فۆتۆ: pukmedia



مەم بورهان قانع

## یەکدەنگیی لەبەغداد

رۆژی شەممەی رابردوو کۆبوونەوەی چوار لیستە کوردییە براوەکەی پەرلەمانی عێراق، لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەچوو.

دوابەدوای کۆبوونەوەکە هەندێک سەرچاوەی هەواڵ باسیان لەوەکرد، «گۆڕان»یش رەزامەندیی نیشانداوە لەگەڵ لیستەکانی دیکەی براوەی کوردستاندا، بەیەک لیست بچنە بەغداو تاڵەبانی وەک نوێنەری خەڵکی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق کاندید بکەن.

دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیەو بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، رۆژی دواتر نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی «شەرقولئەوسەت»، رایگەیاند: تا کێشەی نانبڕاوەکان چارەسەرنەکرێت، گۆڕان هاوکاریی هاوپەیمانیی کوردستان ناکات...».

بێگومان ناکرێت وەها لە گۆڕان بڕوانین تەنیا لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی نانبڕاوەکاندا دروستبووە، هەروەک چۆن ئەم کێشەیە لێکەوتەی گۆڕانەو بەر لە سەرهەڵدانو لەدایکبوونی گۆڕان، شتێک نەبووە ناوی کێشەی نانبڕاوەکان بێت، واتە کێشەی نانبڕاوەکان ناکرێت تەنیا ئەولەویەت بێت بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکان، هەروەک چۆن ئەوە کێشەی نانبڕاوەکان نەبووە، کە بووەتە هەوێنی لەدایکبوونی «گۆڕان»، بەڵکو لەپشتی لەدایکبوونی گۆڕانەوە لێشاوێک نابەرابەریی، نایەکسانیی، گەندەڵیی، نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتیو نەچەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیو مافی هاوڵاتیبوون...هتد هەن، بۆیە کێشەکانی دیکە کێشەی دیاریکراوی ساتەوەختێکی دیاریکراون (دەشێت لەم ساتەوەختەدا چارەسەربکرێن)و ناکرێت وەک کێشەی بنەڕەتیو کۆنکرێتیی گۆڕانکاریکردن لەهەر هەرێم، یان وڵات، یاخود سیستمێکی خراپی حوکمڕانیکردندا لێی بڕوانرێت.

بۆ خۆم لە هەڵگرانی ئەو بیروڕایەم، پێویستە لە بەغدا یەکدەنگو یەک گوتار بین، ئەمەش بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر هەوڵێکی پلانگێڕانە، کە لەلایەن «برا عەرەبە چاوڕەشەکانمان»ەوە، لەدژمان دادەڕێژرێن، هەڵبەتە ناکرێت ئێمە بڕوا بەو قسەیە بهێنینو بڵێین: با کێشەکانی ئەمدیوی حەمرین نەبەینە ئەودیو. وەک چۆن هەندێکی دیکە پێیانوایە؛ نابێت کێشەکانی ئەمدیوی قەرەهەنجیر ببرێنە ئەودیوی قەرەهەنجیر...هتد.

بڕوامولیە؛ ناکرێت قسە لەیەک گوتاریی و یەکدەنگیمان لەهەر فەزایەک، یان جوگرافیایەکی دیاریکراودا بکەین، ئەگەر بێتو لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا کۆمەڵێک کێشەو گرفت لەنێوانماندا هەبێت، وەک ئەوەی دوو برا لەماڵەوە چەقۆ لەیەکتری بسوونو شەڕی دابەشکردنی ماڵەکەیان بکەن (هەرچەندە رەنگە ئەم شوبهاندنە زۆر نزیک نەبێت، چونکە بە تەنیا حیزبو هێزە سیاسییەکانی هەرێم خاوەنی ئەو ماڵە نین، کە هەرێمی کوردستانی پێدەوترێت)و لە ماڵەکانی دراوسێیاندا باسی لێبووردەیی بکەنو سوێند بەسەری یەکتری بخۆن!، هەروەک چۆن زانینی حەقیقەتی پەیوەندییەکانیان لەناو ماڵی خۆیاندا لەلای دراوسێکانیان، ئەو سوێند بەسەری یەکتر خواردنە، بەتاڵدەکاتەوەو جۆرێک لە دووڕوویی نیشانی بەرامبەر دەدات (لە رووی سیاسیشەوە پێگەت لاواز دەکات).

بۆیە خاڵی دەستپێک بۆ هەر یەکدەنگییو یەکبوونێک لە بەغدا (کە بەرپرسیارێتیی هەموومانە)، لە باشکردنی ماڵە گەورەکەی هەرێمەوە دەستپێدەکاتو دەبێت ئەم ماڵە بەشێوەیەک چاکبکرێت، کە تیایدا عەدالەتی کۆمەڵایەتی، مافی هاوڵاتیبوون، شەفافیەت، یەکسانیی، ئازادیی بڵاوکردنەوە، بەرگرتن لە گەندەڵییو سەروەریی یاسا... زامنکرابنو تەواوی لیستو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هاوڕابن کە بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەرگرییان لێدەکەنو ئەمەشە دەبێتە فاکتەری یەکدەنگییو یەکهەڵوێستیمان، نەک بە تەنیا لە بەغدا، بەڵکو لە تەواوی کایەو بوارو جوگرافیاکانی دیکەی سەر ئەم گۆی زەمینەدا.

لیستە براوەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق لەبەردەم بەرپرسیارێتیی مێژووییدان بۆ زامنکردنی یەکدەنگیمان لە بەغدا، ئەمەش دەبێت پێشوەختە زامنی یەکدەنگیی بکرێت لەسەر جوانکردنو باشکردنی ژیانو گوزەران لە هەرێمدا.

بۆ ئەوەی کێشەکانی ئەمدیوی قەرەهەنجیر، یان ئەمدیو حەمرین نەچنە بەغداو بەغدا نەکەینە براگەورە بۆ دەستوەردان لە ماڵەکەمان، پێویستمان بە سازشکردنی هەمووانە، سازشکردنێک کە ئامانج لێی تەنیا باشکردنی ئەم ماڵە بێپلانو گەندەڵو ناعەدالەتەی هەرێم بێت.

# لایەنە کوردییەکانی کەرکوک، چۆن دەڕواننە هەڵبژاردنی (٣/٧)ی شارەکەیان


ڕێبوار سەیدگوڵ


مەلا فەرمان


عەبدولڕەحمان شۆڕش


محەمەد کەمال


سیروان ئەحمەد

**راپۆرتی، پشتیوان سەعدوڵڵا**

هێزە ساسییە کوردییەکان پێیانوایە، ململانێی نـاوخـۆیـی نـێـوان لیستە کوردییەکان‌و نەبوونی یەکهەڵوێستیی، زیانی بە سەنگو ڕێژەی کورد لە کەرکوک گەیاند، هـاوکـات بـاس لەوەشدەکەن ئەنجامی هەڵبژاردنی (٣/٧) کاریگەریی سیاسیی لەسەر کەرکوک دەبێت، هەروەک ئەو پەرتەوازەیی‌و ململانێیە بە مەترسیی وەسفدەکەن.

لەهەڵبژاردنی ٣/٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا جگە لە هەر چوار لیستی (هاوپەیمانیی، گۆڕان، یەککگرتوو، کۆمەڵ) لیستەکانی قەڵاو بەرژەوەندی نەتەوەکانیش، وەکـو لیستی کـوردی بەشداری هەڵبژاردنیان کردو بەتەنیا لیستی هاوپەیمانیی توانی ٦ کورسی پارێزگاکە بباتەوەو لیستەکانی دیکەیش نەیانتوانی هیچ کورسییەک بەدەستبهێنن، نزیکەی ٦٠ هەزار دەنگی لیستە کوردییەکان فەوتاوە، ٦ کورسییەکەی دیکەی پارێزگاکە بەر لیستی عێراقییە کەوت.

ڕێبوار سەیدگوڵ، بەرپرسی مەڵبەندی کـەرکـوکـی یـەکـگـرتـووی ئیسلامیی کـوردسـتـان، لیستی هاوپەیمانیی بە بەرپرس دادەنێت لە کەمبوونەوەی ڕێژەی دەنگی کورد لە کەرکوک‌و لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەم هەڵبژاردنەدا، بـە پلەی یـەکـەم، نـەتـەوەی تورکمان سوودمەندبوو، چونکە ڕێژەی کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا زیاددەبێت، دوای ئەویش نەتەوەی عـەرەب دێـت، چونکە سەنگی خۆیان زیاتر کرد، تاکە نەتەوە کە زیانی بەرکەوتووە، کوردە، چونکە ڕێژەی دەنگدانی کـوردی کەرکوک ڕێژەیەکی کەمبوو و بەپێی پێویست نەبوو، ململانێی ناوخۆیی‌و نەبوونی یەکهەڵویستیی هێزە کوردییەکان، کاریگەربوون لە نەچوونی دەنگدەری کورد بۆ دەنگدان، تا ئێستاش کوردەکانی کەرکوک یەکلیستییان دەوێت‌و دەیانەوێت لایەنە کوردییەکان لە ئەرکێکی نیشتمانیدابن‌و نایانەوێت پەرتەوازە ببن، ئەنجامەکەشی ئەو ڕاستییەی سەلماند.

وتیشی: «بـە پلەی یـەکـەم، لیستی هاوپەیمانیی بەرپرسە لـەو واقیعەو دەبـوو لیستی هاوپەیمانیی دەروازەی یەکهەڵوێستیی‌و یەکلیستیی کورد بوایە، هەرچەند ئێمە پێش هەڵبژاردنەکان پێشنیازی یەکلیستیمان کرد بۆئەوەی دەنگی کورد نەفەوتێت، بەڵام هەردوولا وەڵامیان نەدایەوە».

هـــەروەک ئـەوە دەخـاتــەڕوو، ئەو دەرئەنجامە بووە ئەمری واقیع، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی دەکـرا، کورد لەو ڕێژەیەی ئێستا زیاتر بەدەستبهێنێت بە شێوەیەک، (٨)کورسی بۆ کوردو (٤) کورسی بۆ عێراقییە.

هەرچەند بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجامی هەڵبژاردن لە کەرکوک بۆ هیچ کارێک پشتی پێ نابەسترێت، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەریی دەبێت.

بـە بۆچوونی ڕێـبـوار سـەیدگوڵ، لـە(٣/٧)دا کوردی کەرکوک لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکەدا نەدۆڕاوەو تەنیا بەم هەڵبژاردنە سەنگی کورد دیاریی ناکرێت‌و نابێتە پێوەر بۆ ئایندەی کەرکوک، بەڵکو ئـەوەی دەرخست کە دەنگی کـورد لە کەمبوونەوەدایە، ئـەوەش کاریگەری دەبێت‌و ئەو ئەنجامە پەیامێکەو ئەوەمان پێدەڵێت، کە دەبێت کـورد لە ناوچە کێشەلەسەرەکان یەکدەنگ بێت.

لەلایەکی دیکەوە، مەحمود محەمەد ناسراوە بە مەلا فەرمان، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گـۆڕان لە کەرکوک ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە کە فرەلیستیی بووبێتە هۆکاری کەمیی ڕێژەی کورسی کـورد لە پارێزگا کـەرکـوک‌و هاوکات پێیوایە، حوکمڕانی حەوت ساڵی ڕابردووی کورد لە کەرکوک، هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی کوردە لەو پارێزگایە.

ناوبراو بەپێویستی دەزانێت، لە ئایندەدا کورد بیر لە میکانیزمێک بۆ لەیەکتێگەیشتن بکاتەوە، نەک ببێتەوە بە یەک لیست‌و دەبێت هەمووومان پەند وەبگرین لەو هەڵبژاردنە، بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانیی دەبێت پەندی باش لەو هەڵبژاردنە وەربگرێت‌و بە هەڵەکانی خۆیدا بچێتەوە.

بەرپرسانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش لەکەرکوک ڕەخنە لە خۆیان‌و هەموو لیستە کوردییەکانی دیکەش دەگرن‌و پێیانوایە، ناکرێت بەتەنیا ڕەخنە لە لیستە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان بگیرێت‌و بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی هەموویاندایە، بۆیە بەپێویستی دەزانن دوای ڕوونبوونەوەی، کەمبوونی ڕێژەی دەنگی کورد لە کەرکوک دەبێت هەموو لایەک بەخۆیاندا بچنەوە.

محەمەد کەمال، جێگری بەرپرسی لقی کەرکوکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەخنە لە هەموو حیزب‌و لیستە کوردییەکان دەگرێت لەسەر کەمبوونەوەی دەنگی کورد لە پارێزگای کەرکوک، هەروەک دەڵێت: نابێت بە تەنیا ڕەخنە لە ئۆپۆزسیۆن

> **لە (٣/٧)دا کوردی کەرکوک لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکەدا نەدۆڕاوەو تەنیا بەم هەڵبژاردنە سەنگی کورد دیاریی ناکرێت‌و نابێتە پێوەر بۆ ئایندەی کەرکوک، بەڵکو ئەوەی دەرخست کە دەنگی کورد لەکەمبوونەوەدایە**

بگرین‌و هەموو خەتاکە بخەینە ئەستۆی، بەڵکو ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆی هەمووماندایەو دەبێت هەموومان ئەو بەرپرسیارێتییە لەئەستۆ بگرین.

محەمەد کەمال ڕەخنەی لە هەموو حیزب‌و لیستە کوردییەکان گرت، نەک تەنیا لایەنێک وتی: «نابێت بە تەنیا ڕەخنە لە ئۆپۆزسیۆن بگرین‌و هەموو خەتاکە بخەینە ئەستۆی، باشە لیستێک کە لە لیستی هاوپەیمانیی دوورکەوتبێتەوە، ئەی لیستی هاوپەیمانیی تاچەند وەکو پێویست هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە بۆئەوەی دانەبڕێت، بۆیە ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆی هەمووماندایە بەپێی قەبارەی خۆمان».

ئەو بەرپرسەی پارتی پێیوایە، کورد زیانی بەرکەوت بەرامبەر بە شاڵاوێکی زۆر خـراپ کـە دەسـتـی دەوڵـەتـانـی ناوچەکەو دەوڵەتانی عەرەبی‌و ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانی تێدابوو، بەوەی کە لیستی عێراقییە زیندووبکەنەوە بەرامبەر بە لیستی هاوپەیمانیی، بۆ نموونە تا ئێستا ڕێـژەی دەنگەکانی ناوچەکانی حەویجە، زاب، ڕەشادو ناوچە عەرەب‌و تورکماننشینەکانی کەرکوک، جگە لەم هەڵبژاردنە، نەگەیشتووەتە (٩٥٪)، ئەمە بەڵگەی ئەو پیلانەیە کە بۆ کورد دانرابوو، لە بەرامبەریشدا بوونی ململانێی نێوان هێزە کوردییەکان، یەکێکە لەو فاکتەرانەی کـە بـووە هـۆی سەرکەوتنی لیستی عێراقییەو لە هەمانکاتدا ساردبوونەی کوردی کەرکوک لە چوون بۆ دەنگدان‌و لاوازبوونی ئینتیمایان هۆکارن.

بە بۆچوونی محەمەد کەمال، پێویستە هـەمـوو هـێـزە کـوردیـیـەکـان پەند لە ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە وەربگرن‌و ئەم هەڵبژاردنە بکەینە پێوەر بۆ کارەکانی داهاتوو: «پێویستە جارێکی دیکە لیستی برایەتیی کەرکوک زیندووبکەینەوە، با هەر لایەنەو بۆچوونێکی جیاوازی هەبێت، پێویستە ناو ماڵی خۆمان ڕێکبخەینەوەو نـرخ بۆ یەکتری دابنێین، تا ئێستاش کەرکوک ناوچەیەکی دابڕاوە لە کوردستان. دەبێت لە کەرکوک، واز لە ململانێی حیزبی بهێنین‌و پێکەوە کوردایەتی بکەین، بەوەش دەتوانین، ئایندەیەکی باشترو گەشتر بۆ کەرکوک بۆ بنیاتبنێین».

جگەلە لـەهـەردوو لیستی گـۆڕان‌و یەککگرتوو، کۆمەڵیش بە لیستێکی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکەی کردو ئۆباڵی کەمبونەوەی دەنگی کورد دەخەنە ئەستۆی پارتی‌و یەکێتی بەوەی بەدەم داواکاریی یەکلیستیی کوردەوە نەچوون لەکەرکوک.

عەبدولڕەحمان شـۆڕش، بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوکی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بـاس لـەوەدەکـات، «پێش هـەڵـبـژاردن لە کـەرکـوک، پێشنیازی یەکلیستیمان بۆ لیستە کوردییەکان کرد، بەڵام ئەوە نەکراو لیستی هاوپەیمانیی قبووڵی نـەکـرد، بۆیە هـەریـەکـەو بە لیستی جیاواز بەشداریکرد، هەر ئەوەش هۆکاربوو بۆ کەمبوونەوەی دەنگی کورد، لەکاتێکدا پێشبینی دەکـرا، کورد (٧–٨) کورسی بەدەستبهێنێت»، ئەو پێیوایە، ژمـارەی دەنگەکەکان، وجـودی کورد لە کەرکوک دەردەخـەن‌و ئەو دەنگانەی لیستە کوردییەکان لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستیانهێناون، ڕێژەو سەنگی کورد دەردەخـــەن، ئـەوەش بە زیانی کورد دەکەوێتەوە.

> **لیستی هاوپەیمانیی، پێکهاتەکانی دیکەی تورکمان و عەرەبی لەبیرکردبوو، بەهەمانشێوە لیستە کوردییەکانی دیکەیش، پێکهاتەکانی دیکەیان بیرچووبووەوەو تەنها تەرکیزیان لەسەر یەکتری هەبوو، واتە لیستە کوردییەکان لەبەر ململانێی ناوخۆ، دوژمن‌و نەیارەکانی کوردیان بیرچووبووەوە**

لیستی عێراقییە توانی لە کۆی (١٢) کورسی پارێزگای کەرکوک، (٦)کورسی بەدەستبهێنێت‌و لە بەرامبەریشدا ڕێژەی کورد دابەزیوە. «عەرەب‌و تورکمانەکان بەرەو پێشچوون‌و کورد بەرەو دواوە هاتووەو لەدەنگدا پاشەکشەی کردووە، هۆکارەکەشی کەمتەرخەمیی لایەنە کوردییەکانە، بەتایبەتی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، کە نەیانتوانی داوا لە لیستە کوردییەکان بکەن بۆئەوەی بە یەک لیست بەشداریبکەن، ئیتر چۆن دەتوانن تەحەمولی عەرەب‌و تورکمانەکان بکەن».

بە بـڕوای ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامیی، بێخزمەتی خەڵکی کەرکوک، هۆکارێکی سـەرەکـی بـووە لە کەمیی بەشداریکردنی کوردەکانی کەرکوک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، لەوبارەیەوە دەڵێت: «لە (٢٠٠٣)وە کورد حوکمی کەرکوک دەکات، کەچی نەیتوانیوە وەکو پێویست خزمەتی دانیشتووانە کوردەکەی بکات‌و تا ئێستاش شارەکە بێخزمەتو بەشێک لە کـوردە کەرکوکییەکان ئـاوارەن‌و ئەگەر سەیرێکی شەقامەکانی کەرکوک بکەیت، دەبینیت کە چ خزمەتێک کراوە، ئەم بێخزمەتییە وای لە خەڵک کردووە، بێئومێدو بێزار بێت لەو بارودۆخەو تەنانەت گەیشتووەتە ئەو بـاوەڕەی کە نەچێت بۆ دەنگدان‌و دەنگ نەدات.

هەروەها بوونی ململانێی نێوان لیستە کوردییەکان لە کەرکوک، بە زیانگەیاندن بە کورد وەسفدەکات، «ئەو ململانێ ناوخۆییە زەرەری لێداوین‌و بـووە هۆی ئەوەی کە ئاگامان لە عــەرەب‌و تورکمانەکان نەمێنێت‌و دواتریش لە هەڵبژاردندا ئەوان سەرکەوتن بەدەستبهێنن، هەر بەهۆی ململانێیەوە ئــەوەی ئێستاش هەیە، لەدەستمان دەچێت‌و ئەوەش هەموومان لێی بەرپرسین، بەڵام بە پلەی یەکەم، دوو حیزبەکە لێی بەرپرسن».

هەرچەندە بەپێی یاسای هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی کەرکوک پشتی پێنابەسترێت بۆ هیچ پرۆسەیەکی ئیداریی‌و سیاسیی‌و گۆڕانکارییەکان، بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی، پێچەوانەی ئەوە، پێیوایە ئەو هەڵبژاردنە ڕەنگدانەوەی سلبی دەبێت.

سـیـروان ئـەحـمـەد، بـەرپـرسـی هەڵبژاردنەکان‌و کارگێڕی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێیوایە، ئەنجامی هەڵبژاردنی مانگی ڕابردوو، ڕەنگدانەوەیەکی سلبی دەبێت بۆ کوردو مەترسی لەسەر پێگەی کورد لە کەرکوک دروستدەکات. هاوکات، باس لەوەشدەکات، کە لیستی هاوپەیمانیی لەبەر ململانێی ناوخۆ، پێکهاتەکانی دیکەی تورکمان‌و عەرەبی لەبیرکردبوو، دوژمن‌و نەیارەکانی کوردیان بیرچووبووەوە.

پێشبینی ئەوەشیکردبوو کە کورد (٨)کورسی لەکەرکوک بەدەستبهێنێت بە حوکمی ئـەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابــردوودا، کورد زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بـەڵام بـەوتـەی ئـەو: «بەهۆی ئەو پارچەپارچەبوونەی لیستە کوردییەکان کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەو پەرتبوونی دەنگی کـورد، کەمتر لەو ڕێژەیە بەدەستهات، بە بڕوای ئەو، کورد لەم هەڵبژاردنەدا نەیتوانی ڕووبەڕووی عـەرەب‌و تورکمانەکان ببێتەوەو زیانی گـەورەی بەرکەوت»، هەروەها دەڵێت: «لیستی هاوپەیمانیی، پێکهاتەکانی دیکەی تورکمان‌و عەرەبی لەبیرکردبوو، بەهەمانشێوە لیستە کوردییەکانی تریش، پێکهاتەکانی تریان بیرچووبووەوەو تەنیا تەرکیزیان لەسەر یەکتری هەبوو، واتە لیستە کوردییەکان لەبەر ململانێی ناوخۆ، دوژمـن‌و نەیارەکانی کوردیان بیرچووبووەوە».

لەبەرامبەردا مەلا فەرمان کاندیدو هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان ئەوەی ڕەتکردەوە، کەمبوونەوەی دەنگی کورد پەیوەندی بە فرەلیستییەوە بێت‌و وتی: «ئـەو بۆچوونە ڕاسـت نییە، چونکە لە ڕابـردوودا یەکلیستیی تاقیکراوەتەوەو بەپێچەوانەوە، ئەگەر لیستی گـۆڕان‌و لیستەکانی دیکە نەبوونایە، کەمتر خەڵک دەهــات بۆ دەنـگـدان‌و ڕێــژەی کـورد کەمتردەبوو، فرەلیستیی هەنگاوێکی باشەو هیچ زیانێکی بۆ کورد نییە، کورد لە کەرکوک بە (٦)لیست بەشداریکرد، بەڵام پێکهاتەی عەرەب‌و تورکمان بە زیاتر لە (٢٠)لیستی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد.

مەلا فەرمان ئاماژە بەوەشدەکات: «لیستی هاوپەیمانیی لەبەر ڕکابەری‌و دژایەتیکردنی لیستی گـۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەککگرتوو ئاگای لە لیستی عێراقییە نەمابوو، ئـەوە بەنموونە دەهێنێتەوە چاودێرەکانی لیستی هاوپەیمانیی لە حەویجە، لە دوای نیوەڕۆ چووبوون بۆ بنکەکانی دەنگدان، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە نەدەبوو ئەوەیان بکردایە، لیستی هاوپەیمانیی ئەوەندەی خۆی بە دژایەتی لیستی گۆڕانەوە سەرقاڵکردبوو، ئەوەندە داوای یەکلیستیی نەدەکرد»، هـەروەک پێیوایە، ئەو ئەنجامە سەنگی کورد لە کەرکوک دەردەخات‌و لە ڕووی مەعنەوییەوە کاریگەریی لەسەر کورد دەبێت، هەروەها کاردەکاتە سەر زیاتر خۆسەلماندنی نەتەوەو لایەنەکانی دیکە».

# ـان لە راگەیاندن، قەدەغە دەکەین
# ـی بەهێزمان هەیە


د.کەمال کەرکوکی

## دیوانی چاودێریی دارایی، ناشەرعییە

## پێشتر بودجەی حیزبەکان کە دەدرا، بە حەقیقەت نایاسایی بوو، کە کەمیشکراوەتەوە هەر نایاساییە

* بەئەمانەتەوە پێتدەڵێم هیچ جۆرە فشارێکی سیاسیی لەهیچ لایەنێکی سیاسییەوە نییە لە ئیدارەکردنی پەرلەمان، بڕوام بە ئەدای خۆم هەیە کە لە بەرژەوەندیی پەرلەمان‌و خەڵکی کوردستانەو بە پاکی‌و راستگۆییەوە کاردەکەین، پێویستە عەدالەت لەو خاڵە لەبەرچاوبگرین. بۆ نموونە لایەنێکی سیاسیی تەلەفزیۆنی هەیەو دەسەڵاتی هەیەو بەردەم دوو کامێرای لێرەیە، بەڵام لایەنێکی دیکە ئەو تواناو پارەیەی نییەو بەشدارنابێت، بۆیە ناعەدالەتی دروستدەبێت، بڕیارمان وایە وا لەو پەرلەمانە بکەین کامێرای ئۆتۆماتیکی هەبێت لەناو هۆڵەکەدا، کە هەر ئەندامە قسە بکات کامێراکە بیگوازێتەوە، ئەمەش رێوشوێنی یاسایی‌و ئیدارییە، نەک فشاری سیاسیی، چونکە هاتنی کەناڵی سیاسیی بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان شتێکی نامۆیە. بەرتیانیا نایکات، ئەڵمان نایکات، سوید نایکات، چین نایکات، لە چین لەکاتی قسەکردنی پەرلەمانتاردا دوای تەوابوونی کاتەکەی ئۆتوماتیکی وێنەو دەنگەکەی دەپچڕێت، کۆنگرێسی ئەمریکی بەهەمانشێوە، بۆیە لەسەر ئەو حاڵەتە ئێستا رەخنەمان لێدەگرن، بەڵام رۆژێک دێت دەستخۆشیمان لێدەکەن.

**رۆژنامە: لەسەر مشتومڕی بودجە بۆچوونێک هەیە دەوترێت بودجەکە کەوتووەتە دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمان، ئەو بابەتە چۆنە؟ ئەگەر وانییە بۆچی لەکاتی پشوودا هەموو رۆژەکان بە شەممەشەوە گفتوگۆ دەکران، بەڵام ئێستا کە رۆژی ئاساییە کۆبوونەوە ناکەن؟**

* کۆبوونەوە دەکەین، بودجە لە (٢٠١٠/١/٢١) بۆمان هات، لەکاتی پشوو چەند کۆبوونەوەی نائاساییمان کرد، پاشان ئەو کەموکورتیانەی هەبوون بەشێکیان چاککراو هەندێکی ماوە، من شەخسی پێم باشبوو نەبێت بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن نە بۆ زۆرینە، نە بۆ ئۆپۆزسیۆن، بۆیە دوامانخست بۆ دوای هەڵبژاردنەکە، دوای هەڵبژاردنەکەش لایەنەکان خەریکی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خۆیانن، ویستمان ئیستیقرارێکی فیکریی لەناو ئەندام پەرلەمانەکان‌و فراکسیۆنەکان هەبێت‌و کاتی بودجە بە فیکرێکی ساغ بەپێی بۆچوونی پەرلەمانتاران هەڵەکانی چاکبکرێت‌و دەنگی لەسەر بدرێت، ئێمە لەژێر فشاری سیاسیی نین.

جارێکی دیکە دەستپێدەکەین، راگەیاندنەکان زۆریان لەسەر بودجە وت، ئەگەر قسە بە ناهەق بوو فشار ناخاتە سەرم، یەک ملیۆن جار بڵێت گوێی لێناگرم، چونکە ئیمانم ئەوەیە بە پاکی‌و لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان کاردەکەین‌و هیچ فشارێکی سیاسیی نییە، ئەگەر هەشبێت لە سەرۆکایەتی نییە، بەڵکو هەر لایەنێک بۆچوونەکەی بۆ لیستی خۆی دەنێرێت، ئەگەر بووترێت لیستی کوردستانیی (پارتی‌و یەکێتی) فشار لەسەر ئێمە دادەنێت، ئەوە هەڵەیە، چونکە پارتی‌و یەکێتی زۆرینەن‌و خاوەنی (٥٩) کورسین‌و چۆنیان بووێت دەتوانن بیخەنە دەنگدانەوە، ئینجا یان قبووڵدەکرێت یان ناکرێت.

**رۆژنامە: دوای ئەو هەموو رەخنەیە، چارەنووسی بودجەکە بەکوێ دەگات، ئایا پڕۆژەکە دەنێردرێتەوە بۆ حکومەت یان نا؟**

* ئەوە لەدەست ئەندامانی پەرلەمانە، هاتە سەرئەوەی بنێردرێتەوە بۆ حکومەت یان لێرە گفتوگۆبکرێت، زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگیان ئەوەبوو نەچێتەوە بۆ لای حکومەت‌و لە پەرلەمان گفتوگۆبکرێت، ئێستا ئەو مادانەی ماوە گفتوگۆ دەکرێن تادەگاتە کۆتایی، کاتێک گشت مادەکان تەواوبوون ئەوا تەواوی پڕۆژەیاساکە دەخرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی زۆرینەی هێنا دەڕوات، ئەگەر نا رەفزدەکرێت.

**رۆژنامە: بۆچوونی شەخسیت چۆنە؟ ئایا بنێردرێتەوە بۆ حکومەت یان هەر لە پەرلەمان بێت؟**

* ئەوە (١١٠) ئەندامی پەرلەمانە، بە منەوە (١١١) بڕیاردەدەن‌و نەک بە رای من، ئەگەر بچێتەوە لەم خولە زۆر دوادەکەوێت، بەڵام دواجار لەدەسەڵاتی ئەندامانە.

**رۆژنامە: بۆچی ئەو پڕۆژەیە گەیشتە ئەو حاڵەی دوو هەڵوێستی جیاواز لەناو لیستی کوردستانیی دروستبکات، تائەوەی ئەندامێکی یەکێتی لە ناڕوونیی هەڵوێستی پارتی داوای ئەوە بکات ئەزموونی فراکسیۆنی سەوزو زەردەکەی خولی پێشوو کارابکرێتەوە؟**

* ئەندام پەرلەمان ئازادە لە دەربڕینی بیرورِا، ئەوە بۆچوونی ئەوە، رەنگە ئەندامێکی یەکێتی لەناو ئەو لیستە بۆچوونی وەک ئەو نەبێت، رەنگە لەناو پارتیش چەند کەسێک ئەو بۆچوونەیان هەبێت، هەقە ئەوە بە سنگێکی فراوانەوە وەربگیرێت، لەسەرئەوەی رۆژێک ئەو بۆچوونە ببێت بە واقیع یان نا، ئەوە بۆ داهاتووی لێدەگەڕێین، بڕوام وایە هەرکاتێک بە پاکیی کارت بۆ میللەتەکەت کرد زۆر، ئاستەنگ دێتە رێگەت‌و حەسودیت پێدەبەن، بەڵام تۆ سەردەکەویت.

**رۆژنامە: ئەرکێکی گرنگی پەرلەمانتاران چاودێریکردنی حکومەتە، بەڵام هەندێکجار لە هەندێک فەرمانگە رێ لە پەرلەمانتاران دەگیرێت، پێتانوانییە ئەمە شکاندنی هەیبەتی پەرلەمان بێت؟**

* رەنگە بەرپرسێک لە شوێنێک ئەو هەڵەیە بکات، دەبێت چاکبکرێت‌و ئەوە قبووڵناکرێت، بەڵام پەرلەمانتاریش موفەتیش نییە، دەبێت بە ئسوڵ کاربکات‌و ناکرێت خۆی بکات بەشوێنێکدا وابزانێت چی دەکرێت‌و چی ناکرێت! بەپێی ئەو ئسولەی بۆ کاری لیژنەکان‌و پەرلەمانتاران دانراوە کاربکرێت، کەس هەقی نییە لەهەر دەزگایەک رێگا لەپەرلەمانتار بگرێت.

**رۆژنامە: بابەتێکی دیکەی هەستیار، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، هەندێک لایەنی سیاسیی تێبینییان لەسەر پڕۆژەکە هەیەو دەڵێن بنێردرێتەوە پەرلەمان‌و قسەی لەسەر بکرێت، رای ئێوە چۆنە لەسەری؟**

* خولی دووەمی پەرلەمان دەسەڵاتی داوەتە سەرۆکایەتی هەرێم‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی حکومەت، کە بەپێی پێویست تەعامول لەگەڵ ئەو دەستوورە بکەن، ئینجا بۆ ئەو سێ لایەنە دەمێنێتەوە کە دادەنیشن لەو دانیشتنە چ بڕیارێک دەدەن، من زۆر پێم رێکەو رێزم بۆ ئەو لایەنانەش هەیە کە رەخنەی لەسەری هەیە، چونکە هیچ شتێک موتەکامل نییە، لەناو دەستوورەکەش مادەیەک هەیە ئالیەتی داناوە بۆ هەموارکردنی، ئەگەر لە حاڵەتێکدا بە گرنگو پێویست زانرا، ئەوا دەدرێتە راپرسیی، گرنگە کوردستان دەستووری هەبێت.

**رۆژنامە: ئایا باشترنییە کە دەستوورەکە کۆدەنگییەکی نیشتمانیی لەسەر بێت، کە ئێستا بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردستان، کە هێزی ئۆپۆزسیۆنە ناڕازین بەم پڕۆژەیاسایە؟.**

* هەموو شتێکیش ئەگەر خەڵک سەدلەسەد موافقەی لەسەر بکات ئەویش باش نییە، ئاساییە خەڵکانێک هەبن ناڕازیی بن بە دەستوورەکەو خەڵکانێکیش هەبن قبووڵیان بێت، بۆئەوەی کەموکورتییەکانی ببینرێت کێ دەڵێت ئەوەی ئێستا هەیە هەمووی دروستەو کێ دەڵێت ئەوەی ئۆپۆزسیۆنیش دەیڵێت هەمووی دروستبێت؟ لەبەر ئەوە بەلای منەوە باشترە ئەو جیاوازییە هەبێت، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت.

**رۆژنامە: داواکارییەکی زۆر هەیە لەلایەن رای گشتیی‌و هەندێک پەرلەمانتارانەوە بۆ ئاشکراکردنی راپۆرتی دیوانی چاودێرییەکان، بۆچی ئەم داواکارییە لای ئێوەوە (سەرۆکایەتی پەرلەمان) جێبەجێناکرێت؟.**

* ئێمە لە پەرلەمان لایەنێکی تەشریعی‌و یاساییین، ئەو راپۆرتانە هەموویمان وەرگرتووە، جاران دوو دیوانی چاودێری هەولێرو سلێمانی هەبوو، کە لە خولی رابردووی پەرلەماندا پڕۆژەیاسای یەک دیوانی چاودێریی پەسەندکراو دانرا، کە لە مادەیەکیدا دەڵێت؛ هەموو یاسایەکی پێشوو لەکاردەخرێت‌و کۆتایی پێدێت، بۆیە بەرێی یاسایی ئەو دوو دیوانە ناتوانن وەکو چاودێریی دارایی موحاسەبەی کەس بکەن، بەڵام دەتوانن‌و توانیویشیانە زانیاریی کۆبکەنەوەو لامانە، ئێمە دوای ئەوەی کە پەسەندکردنی بودجە تەواودەبێت، لە پەرلەمان سەرۆکی دیوانی چاودێریی هەرێمی کوردستان دەستنیشاندەکرێت‌و پەرلەمانتاران پەسەندی دەکەن، ئینجا یەک دیوانی چاودێریی‌و لەژێر یەک ناوو سەرۆک دەستبەکار دەبێت، ئەوکاتە ئەو راپۆرتانەی ئێستا کە لامانەو نەفەوتێنراوە، دەکەوێتە کارو بەدواداچوونی بۆ دەکرێت لەلایەن لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەو دەستەی نەزاهەیەی لەداهاتوودا پێکدەهێنرێت، بەڵام ئەو راپۆرتانەی ئێستا بەپێی ئەو یاسایەی پێشوو کاری پێناکرێت.

**رۆژنامە: کەواتەبەپێی رِوونکردنەوەکەت، ئەو دوو دیوانە چاودێرییە ناشەرعین؟**

* بەپێی یاسا، بەدڵنیاییەوە تاوەکو یەکنەخرێنەوە کارناکەن.

**رۆژنامە: ئەی کە نایاسایی بن بۆچی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە بودجەی (٢٠١٠) بودجە بۆ دیوانە چاودێرییەکانی سلێمانی‌و هەولێر تەرخانکراوە؟**

* ئەوە چاکدەکرێت.

**رۆژنامە: ئەگەر ئەم دوو دەزگایانە ناشەرعین بۆچی داوای راپۆرتەکانیان دەکەن؟**

* یەکەمین هۆکار ئەوەیە، کە ئەو بەڕێزانە مووچەو یارمەتی وەردەگرن‌و نەبڕدراوە، دووەم، ئەم راپۆرتانەی کە هەیانە من دڵنیام لە پاکی‌و دڵسۆزییانە کە ناردوویانە بۆ ئێرەو دڵنیاشم دەبێت بەدواداچوونیان بۆ بکرێت، بەڵام ئێمە ناکرێت تەفعیلی چاودێرییەک بکەین، کە بەپێی یاسا موخالەفەیە، ئێمە لە پەرلەمان نابێت موخالەفەی یاسا بکەین.

**رۆژنامە: ئاشکراکردنی ئەم راپۆرتانەو خستنیان بۆ بەردەم پەرلەمانتارو لیژنەی نەزاهەو رای گشتیی، هۆکارێکی باش دەبێت لە کەمکردنەوەو بنەبڕکردنی گەندەڵیی؟**

* بەدڵنیاییەوە دوای ئەوەی کە سەرۆکی لیژنەی چاودێری دارایی دەستنیشاندەکرێت، هەموو ئەوانە بە رەسمیی دەچێتەوە بەر دەستی پەرلەمانتاران‌و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت.

**رۆژنامە: پەیڕەوی ناوخۆ گرنگترین سیستمی بەڕێوەچوونی کارەکان‌و رێکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمانە، بەڵام وەک هەموو فراکسیۆنەکان ئاماژەی پێدەکەن ئەو پەیڕەوە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە لەگەڵ ئەزموونی پەرلەمانی ئەمڕۆدا ناگونجێت، سەرەڕای ئەو هەموو دەسەڵاتەی بە سەرۆک دراوە؟**

* ماوەیەکی زۆرە لە هەوڵی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆداین، تەنانەت پێش خولی ئێمەش، پێموایە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەوشێوەیە نییە کە هەندێک کەس دەیخوێنێتەوە زۆر رێکوپێکە لەزۆر لایەنەوە، بەخوێندنەوەمان بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەکانی دنیا، ئەوەی ئێمەش لەئاستێکی باشدایە، بەڵام ئەگەر یاسازانێک بیخوێنێتەوە، ئەوا باشتر لێی تێدەگات، لەگەڵ ئەوەشدا راستە کەموکورتی تێدایەو پێویستی بە چاککردنە (١٠٠٪) لەگەڵتدا نین، ئێستا پڕۆژە ئامادەکراوەو لەم خولەدا هەمواری دەکەین بەوشێوەیەی زۆر روونتر بێت لە ئەدای سەرۆکایەتی‌و ئیشوکاری ئەندامانی پەرلەمان، بەشێوەیەک سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەردەگرین، کە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا بگونجێت، هەرچەندە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیش زۆر نییە، چونکە ئەو پەیڕەوەش لەخۆیەوە نەهاتووەو پێشتر خەڵکی یاسازان دایناوە.

**رۆژنامە: لەم رۆژانەدا حکومەتی هەرێم (٥٠٪)ی بودجەی حیزبەکانی کەمکردەوە، ئایا ئەمە کارێکی دروست بوو؟**

* پێشتر بودجەی حیزبەکان کە دەدرا، بە حەقیقەت نایاسایی بوو، کە کەمیشکراوەتەوە هەر نایاساییە، لە دانیشتنی رۆژی شەممەی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان ئەم مەسەلەیان باسکرد، کە ئەوەی من تێبینیم کرد، لایەنەکان دڵنیاییان وەرگرتووە کە ئەوپارەیە چاکبکرێتەوە، حکومەتیش کە بەم کارە هەستاوە هۆکارەکەی ئەوەیە کە بودجە لە پەرلەمان پەسەندنەکراوە، کە پەسەندیش نەکرێت، حکومەت ناتوانێت سەدی سەد جێبەجێی بکات‌و من ئومێدم هەیە بەم نزیکانە چاکبکرێتەوە، کە هەموو ئەو لایەنانەش هاوڵاتی ئەم کوردستانەن‌و پێویستە موراعات بکرێن، جگە لەوەش لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیەکی زۆر باش بۆ هاوکاریی حیزبەکان ئامادەکراوەو لە ئایندەیەکی نزیکدا دوای پەسەندکردنی بودجە بڕیاری لێدەدرێت، کە ئەوکاتەش حکومەت ئیلتیزام بەو یاسایە دەکات بۆ هاوکاریی‌و بودجەی حیزبەکان‌و بۆ ئەوەش پێویستە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان زیاتر لەگەڵ یەکتری گفتوگۆی لەسەر بکەن تاوەکو یاسایەک دەربکەن لە بەرژەوەندیی حیزبەکان‌و لەهەمانکاتیشدا کاریگەریی سلبیی نەکاتە سەر خەڵکی کوردستان، واتە لە بەرژەوەندیی حیزبەکان‌و خەڵکی کوردستاندا بێت.

# سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان: بەتەواوەتی دانیشتنەک ئۆپۆزسیۆنێک

سازدانی:
سیروان رەشیدو دلێر عەبدولخالق

**بە دانپێدانانی زۆربەی لیستەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمان توانیویەتی، تا ئاستێکی باش‌و بێلایەنانە ئیدارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکات‌و دادپەروەربێت، بەڵام خاڵێکی سلبی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەلای رۆژنامەنووسانەوە ئەوەیە، کە بڕیارێکی کوشندەی داوەو راگەیاندنی بەتەواوەتی لەدانیشتنەکاندا قەدەغەکرد.**

**د. کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەرسامە بە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانەکەیداو دەڵێت: «ئەمجارە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزمان هەیەو ئافەرین بۆ ئۆپۆزسیۆن، کە بەوردیی‌و بە راستی‌و عەدالەتی راستییەکان دەرخات‌و ئەوەی هەڵەیە، بڵێت هەڵەیە، نەک ئەوەی راستیشە هەر بڵێت، هەڵەیە!».**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، بڕوای وایە کە ئاساییە داوابکرێت فراکسیۆنی کوردستانیی هەڵبوەشێتەوەو پارتی‌و یەکێتی فراکسیۆنی تایبەتی خۆیان هەبێت‌و دەڵێت: «ئەو بۆچوونە، ببێت بەواقیع یان نا، ئەوە لێیدەگەڕێین بۆ داهاتوو».**

**رۆژنامە: ئێوە وەک سەرۆکی پەرلەمان، ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون کە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لیستە سەرکەوتووەکانی هەرێم ئەنجامیدا، گرنگی کۆبوونەوەکە چی بوو؟ ئایا دەتوانێت کێشە ناوخۆییەکان حەسم بکات؟**

* کۆبوونەوەیەکی گرنگ بوو، مەکتەبی رێزدار سەرۆکی هەرێم پڕۆژەیەکی ئامادەکردبوو کە گفتوگۆی لەسەربکرێت، هەموو لایەنەکان کۆکبوون لەسەر یەکهەڵوێستیی لەبەغداو شتە ستراتیژییەکانی هەرێم وەک هێڵی سووربن‌و وەفدێکیش پێکبێت لەهەموو لایەنەکان بۆئەوەی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراق دابنیشین‌و ئەو هێڵە سوورانە دیاربن کە تەنازولیان لێناکەین، لەوانە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، مەسەلەی پێشمەرگە، یاسای نەوت‌و غازو بودجەی هەرێم لەو خاڵە دیارانە دەبن کە کورد هاوپەیمانیی لەگەڵ هەر لایەنێک بکات، بڕوای بە دیموکراتی‌و فیدراڵی‌و جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی هەبێت، هەموویان لەگەڵ ئەوەبوون کە بەهێزەوە بڕۆین‌و ئەو هێزەش بەیەکگرتوویی ناو ماڵی کوردی‌و دڵپاکیمان دەبێت لەگەڵ یەکتر، ناکرێت لێرە زوعفێک هەبێت بۆ لایەنێک‌و بۆ بەغداش داوای لێبکەین، هاوهەڵوێست بێت لەگەڵمان، بۆیە بڕیاردراو هەمووش لەسەری کۆکبوون، بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەت، کە وا لەسەر هەڵوێستی سیاسیی نابێت هیچ کەسێک سزابدرێت.

گەشبینم بە ئەنجامەکانی‌و بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەو ساردیی‌و ناڕەحەتییەی هەیە نەمێنێت، کێشەکان بچووکن‌و گەورە نەکرێن‌و کێشە بۆ یەکتر دروست نەکەین. دووبارە، سێشەمە کۆبوونەوەکە دەکرێتەوە، بۆچوونەکانی کۆبوونەوەی پێشووشمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان تاووتوێکرد، ئەو دۆکیۆمێنتەمان پێدان بۆئەوەی بیخوێننەوەو ئەندامانی فراکسیۆنەکان رای خۆیان لەسەر بدەن، بۆئەوەی لەو دانیشتنەدا راوبۆچوونەکان پێشکەش بکەین.

**رۆژنامە: ئەدای خولی سێیەمی پەرلەمان چۆن دەبینن، بەتایبەت ئێوە سەرۆکایەتیی خولێکی نوێی پەرلەمان دەکەن کە جیاوازە لە ئەزمونەکانی پێشوو و ئۆپۆزسیۆنی بەهێزی تێدایە؟**

* کارەکانی ئەم خولەو خولەکانی پێشووی پەرلەمان بەرز دەنرخێنم، ئەو هەلومەرجەی خولی یەکەمی پەرلەمان بە رۆژگارێکی تاڵدا دەربازبوو، سوپاس بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی نەیانهێشت تێکبچێت‌و لەناو ئەو هەموو گرفت‌و کێشەیەی کە ئەوسا هەبوو، توانییان پەرلەمان بپارێزن‌و یاسا دابنێن‌و بڕیاری فیدراڵی‌و بڕیاری ئاڵای کوردستان وەربگرن، بۆیە کاتێک رژێمی بەعس رووخا، کەس نەبوو بڵێت، کورد فیدراڵیی نییە، کوردستان پەرلەمانی نییە. ناکرێت ئەو زروفەی ئەوان، بەئێستای خۆمان بەراوردبکەین‌و بڵێین، ئێمە باشترین، بۆیە پەرلەمان بەسەرکەوتوویی دوو خولەکەی تەواوکردو لەدوای ٧/٢٥یشەوە، ئەو فرسەتە هەیە وەک ئامانەتێک کە ئێمە کارەکانی ئەم خولە بەڕێوەبەرین‌و هەوڵدەدەین بەوپەڕی بێلایەنییەوە بەرەوپێشی بەرین، بێئەوەی بەلای کەسێکدا بیخەین، بەیەکسانی سەیری پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بکەین، چونکە پەرلەمان موڵکی میللەتی کوردستانەو لەبارەی ئەدای پەرلەمانیشەوە، زۆر شت دەخوێنمەوە لە راگەیاندنەکان کە قسەی لەسەر دەکرێت‌و هەندێکیان لەکەمیی زانیارییەو هەندێک دەیانەوێت، لێدوان بدەن‌و بڵێن پەرلەمان کار ناکات! بەو شێوەیە نییە، پەرلەمان بەپێی بەرنامەی خۆی کارەکانی دەکات‌و چەندین پڕۆژەیاسامان بەدەستگەیشتووەو هەندێکیان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو بەشێکی هی خولی پێشووەو نێردراوەتەوە بۆ حکومەت‌و هەر کات بگەڕێتەوە، ئەوە دەخرێتە بەرنامەی کارو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

**رۆژنامە: بەوپێیەی پێکهاتەی سیاسیی کورد گۆڕاوە، پێتوانییە، ئەم خولەی ئێستا کە جەنابتان سەرۆکایەتیی دەکەن کاراترە؟**

* پێموایە، پەرلەمانی پێشوو بەپێی زروفی خۆی کارابوو، خۆشم لەوان بە باشتر نازانم، بەڵام ئەم دەورە بەهۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزمان هەیە، گۆڕان (٢٥)کورسی، یەکگرتوو(٦)و کۆمەڵ(٤)، ئۆپۆزسیۆنیش ئەفکارێکی تازەیە، ئافەرین بۆ ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر بەوردیی‌و بە راستی‌و عەدالەت راستییەکان دەرخات‌و ئەوەی هەڵەیە بڵێت هەڵەیە، نەک ئەوەی راستیشە هەر بڵێت هەڵەیە! بۆ زانیاریتان، گشت پەرلەمانتارەکان ئەگەر لەدەسەڵاتیش بن، چاودێریی حکومەت دەکەن‌و ئەمجارە لیستی کوردستانیی حکومەتی پێکیهێناوەو سەرۆک‌و جێگرەکەی لەو لیستەن‌و ئەگەر پەرلەمانتارێکی لیستی کوردستانیی توانی هەڵەیەکی ئەو حکومەتە بدۆزێتەوە، ئەوە سوودێکی باشە بۆ لیستەکەی. ئەمجارە پەرلەمانێکی کارایەو جموجۆڵێکی باشی تێدایەو هەڵسوکەتی هەموو لایەنەکانیش دۆستانەو برایانەیە. ئۆپۆزسیۆنیش رۆڵێکی ئیجابیی هەیەو ئەوانەی دەرەوەی ئۆپۆزسیۆنیش چاودێریی کارەکان دەکەن.



خۆمان فێری ئیدارەی پەرلەمان‌و ئیدارەی حکومەت‌و تەعامول لەگەڵ یەکتر بکەین‌و دەبێت ئۆپۆزسیۆن بزانێت، رۆڵی چییەو زیاتر لەسەر رۆڵی خۆی بخوێنێتەوە.

**رۆژنامە: لەبارەی شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە، ئایا توانیوتانە بێلایەنیی خۆتان بپارێزن؟**

* بەبڕوای من، تا ئەوپەڕی توانا، هەوڵمانداوە بێلایەنیی خۆمان بپارێزین، ئەوەی دیکەیش بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵکی کوردستان‌و ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە.

**رۆژنامە: سەرۆکایەتیی پەرلەمان، تەنیا لە شەخسی تۆدا چڕنابێتەوە، ئایا جگێری**

سەرۆک بم، ئەو ناعەدالەتییە روونادات.

**رۆژنامە: هیچ هۆکارێکی سیاسیی، کاریگەریی لەسەر ئەو بێلایەنییەت نابێت، ئەگەر پڕۆژەیاسایەک هاتە پەرلەمانەوەو هی حیزبەکەی خۆت بوو؟**

* بەدڵنیاییەوە بەهەمانشێوە، سەرۆک، پڕۆژە فەرز ناکات، دەیخاتە بەرنامەی کارو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت‌و ماوەیەکی یاسایی دەچێتە لیژنەکان گفتوگۆدەکرێت‌و دێتەوە سەرۆکایەتی تا لەناو هۆڵی پەرلەمان‌و لیژنەی پەیوەندیدار دەخوێنرێتەوەو ئەندامەکان بەپێی زۆرینەی دەنگ متمانە بە مادەکانی پڕۆژەکە دەدەن. هەندێکجار لیستی زۆرینە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن یەکدەگرن‌و

لای ئێمە پێشتر هەبوو، بەڵام هەڵەبوو! دەمانەوێت پەرلەمان وەک دامەزراوەیەک کاربکات بۆ دامەزراوەییبوونی خۆی‌و وەک پەرلەمانەکانی دونیا کە ئەزموونیان هەیە رەفتار بکەین. لەسەردانماندا بۆ پەرلەمانی بەریتانیا، نەک وێنەگرتنی دانیشتنەکان نییە، بەڵکو بۆ شوێنی میوانیش قەدەغەیە مۆبایل بەریتە ژوورەوە، ئێمە لەناو هۆڵەکەماندا بەهۆی زۆریی راگەیاندنکارەکانەوە، پەرلەمانتار ئیزعاج دەبوو، خۆم دەمویست شتێک بڵێم، کەچی راگەیاندنکارێک لەناو هۆڵەکەوە بە مۆبایلەکەی هەواڵەکەی بۆ کەناڵەکەی خۆی دەگواستەوە، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هیچ حیزبێک، نەک هەر

## هەمووکات، دانیشتنەکان بێلایەنانە، بەڕێوەدەبەم

بەشێوەیەکی گشتیی، لەئەدای ئۆپۆزسیۆن رازیم، بەڵام پێویستە، خۆیان باشتر فێربکەن کە ئەساسی ئیشی ئۆپۆزسیۆن چییە.

**رۆژنامە: دیمەنی ئێستای پەرلەمانی کوردستان، زیاتر لە دیمەنی پەرلەمانی وڵاتە عەرەبییەکان دەچێت، یان وڵاتە ئەوروپییەکان؟**

* هەندێکجار لە پەرلەمانی ئەوروپی‌و هەندێکجاریش لە وڵاتانی عەرەبی‌و هەندێکجاریش، لەهیچ کەس ناچێت، بەڵام تایبەتمەندێتیی هەرێمی کوردستانە، ئەوەی من دەیبینیم، پەرلەمانتارانی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن مروڤی دڵسۆزن‌و کەس هەوڵنادات نە حکومەت‌و نە پەرلەمان بشکێنێت بە بەلاش.. بەپێی بۆچوونی خۆیان هەوڵدەدەن هەڵەکان راستبکەنەوەو لەو هەوڵەشدا هەندێکجار پەرلەمانتار خۆشی دەکەوێتە هەڵەوە کە دەزانێت راستە. پێویستە

**سەرۆک‌و سکرتێر توانیویانە وەک تۆ بێلایەن بن؟**

* پێموایە، کاک فرسەت کەسێکی یاساییەو بۆ هیچ کەسێک لە یاسا لانادات، جەنابی کاک ئەرسەلانیش هەوڵدەدات، وەک چۆن منیش جێگربووم هەوڵمدەدا خۆم زیاتر فێر بکەم‌و بڕوام هەیە، زۆر هەوڵدەدات بۆئەوەی پێکەوە کاری ئیجابی بکەین.

**رۆژنامە: ئەو بێلایەنییەی خۆت لە ئیدارەدانی دانیشتنەکان، کە بووەتە جێگەی نرخاندنی هەموو فراکسیۆنەکانیش، ئایا بەوشێوەیە بەردەوام دەبێت؟**

*یەکێک لەکارەکانی سەرۆکی پەرلەمان، بێلایەنییە، چونکە پەرلەمانتار نوێنەری خەڵکەو رێزگرتن بۆ ئەو جەماوەرەی دەنگی پێداوە، رێزگرتنە لەو ئەندامە، بۆیە حەقە هەموویان وەک یەک رێزیان لێبگیرێت‌و رێیان پێبدرێت بۆ قسەکردن، تا منیش

هەندێکجار ئۆپۆزسیۆن دەنگدەدات‌و دەسەڵات دەنگنادات. بۆنموونە، مادەی یەکی بودجە، بەکۆی دەنگی پەرلەمان قبووڵکرا، کەچی ئەندام پەرلەمان هەیە لە رۆژنامەکان دەڵیت: «پڕۆژەی بودجەم نەبینیوە» ئەی چۆن دەنگت دا؟ لەگەڵ هەموو ئەمانەش، مرۆڤ لەهەڵە مەعسوم نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە دەستی ئەنقەست هەڵە نەکرێت.

**رۆژنامە: ئەوەی بەلای هەندێک چاودێرەوە لەسەر جەنابت خاڵێکی سلبییە، قەدەغەکردنی راگەیاندنەکانە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، ئایا ئەمە تاکۆتایی بەردەوام دەبێت؟**

*بەدڵنیاییەوە، هەر بەوشێوەیە بەردەوام دەبێت، لەبەرئەوەی لەهیچ پەرلەمانێکی ئەوروپا، ئەمریکادا نییە، بهێڵن راگەیاندنی لایەنێکی سیاسیی، یان هی دەوڵەت، بچێتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوەو رووداوەکان تۆماربکات،

کامێرای ناچێتە هۆڵی دانیشتنی پەرلەمانەوە، بەڵکو تەلەفزیۆنیشی نییە، ئێمە هەمانە، بەڵام بۆ بێتە ناو هۆڵەکە، شوێنی تایبەت بۆ رۆژنامەوان هەیە کە دەتوانێت بابەتەکە یاداشت بکات، بۆیە بڕیارمانداوە دوای پەسەندکردنی بودجە، کەناڵی ئاسمانی‌و رادیۆی (FM)ی پەرلەمان بکەینەوەو راگەیاندن کارادەکەین‌و هەرچی هەشبێت لەدانیشتنەکان تۆماردەکرێت‌و دەدرێتە کەناڵە ئامادەبووەکان‌و تا ئەو کاتەش دانیشتنەکان لە کەناڵی نەورۆزەوە پەخش دەکرێن.

**رۆژنامە: ئەو بیانووە تەنیا لەشێوەی ئەو فەوزایە بوو کە باستکرد، یان بەجۆرێکی دیکە هۆکارێکی سیاسیی لەپشتەوەیەو دەتانەوێت سانسۆر لەسەر میدیاکان دروستبکەن‌و دانیشتنەکان بە داخراوەیی بەڕێوەبچن؟**




# عەدنان عوسمان: بەردەوامبوونی گۆڕان بەم حاڵەتە دەبێتە کارەسات

## دابڕان لە رابردوو

کاتێک باسی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین، نابێت هەموو ئەو کارەکتەرو گرووپو لایەن‌و کەسایەتیانەی پێکیانهێناوە لەبەرچاونەگیرێت،چونکەهەموو‌ئەو‌کارەکتەرانە لێرەو لەوێ، لە بڕیارو گفتوگۆکاندا دەناسرێنەوە، لە راستیشدا ئەمە حاڵەتە سرووشتییەکەی دروستبوونی هەر جووڵانەوەیەکی تازەیە، کە دەبێت کۆیەک بێت لە چەند گرووپێکی بچووکتر. حاڵەتی ناسرووشتی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان لەوەدا دەبینم، کە رەنگدانەوەی یەک گرووپو یەک تێڕوانین‌و یەک بۆچوون بێت، درێژکراوەی بزووتنەوەیەکی سیاسیی پێش خۆی بێت بە ناوو رووخساری دیکەوە.

گۆڕان دەبێت هەم درێژکراوەی سەرجەم پێکهاتەکانی رابــــردووی بێت لــە رووی کارەکتەرەکان‌و تاقیکردنەوەو ئەزموونەوەو هەمیش دابڕان بێت لە هەموو ئەو پێکهاتانە، بۆئەوەی بتوانێت بزاڤێکی نوێ بە هەموو ماناکانی نوێبوونەوە پێکبهێنێت: نوێ لە بەرنامە، رەوشی کارکردن، میکانیزمەکانی بڕیاردان‌و جێبەجێکردن، رابەرایەتی، درووشمەکانی، هاوپەیمانیی‌و ستراتیژیی ناوخۆیی‌و دەرەکیی... هتد.

ئەو گردبوونەوە بۆ گۆڕان چەند گرنگ بێت، دابڕانەکە گرنگترو پێویستترە، بەڵام لەوانەیە کۆبوونەوە لەسەر خوانێکی نوێ کارێکی زۆر ئەستەم نەبێت، گردبوونەوە لە دەوری روئیای تــازە کارێکی زەحمەت نەبێت، زەحمەت‌و سەختییەکە لە دابڕانەکەدایە، لە خۆرزگارکردنە لە کۆت‌و بەندی شێوازەکانی بیرکردنەوەو کارکردنی رابردووە.

دژوارییەکانی دابڕان لە رابردوو، لەوەدایە نابێ‌و ناکرێت تەنیا زارەکــی‌و رووکەشیانە بێت، چونکە لــەو حاڵەتەدا ناوبەناو خۆی دەردەخــاتــەوەو لەهەر بوارێکدا بۆی بلوێت سەرقوتدەکاتەوە، گرنگیی گــۆڕان لەوەدایە بتوانێت بە راستی‌و بە قووڵیی گــۆڕان لە تێگەشتن‌و ئامرازەکاندا بکات‌و تەنیا رووکەشیی نەبێت، ئەو رووکەشی‌و ئیدیعاکردنی گۆڕینە، گەورەترین زیان بە ئامانجەکانی بزووتنەوەکە دەگەیەنێت‌و هەر لەسەرەتاوە دەبێتە لەمپەرێکی گــەورە لە پێشنەکەوتنی بزووتنەوەکە، لە راستیشدا مەترسیی گــەورەی جەماوەری گۆڕان‌و دۆستەکانی (کە بە رێژەیەکی فراوان هێشتا لەنێو لایەنەکانی دیکەو لە دەرەوەی گۆڕاندان‌و چاوەڕێی یەکلاییبوونەوەی خودی گۆڕانن لەنێوان گۆڕانی رووکــەش‌و گۆڕانی قووڵدا) ئەم رووکەشی‌و خولانەوەیەتی لە بازنەی بەها کۆن‌و شێوازە تەقلیدییەکاندا، ترسی زۆری هەڵسوڕاوە تازە نەفەسەکان‌و دۆستانی گۆڕان لەوەدایە، ئەم بزووتنەوەش بە هەمان شێوازی کۆن‌و عەقڵیەتی رابردوو رابەرایەتی بکرێت‌و دووبارەکردنەوەیەکی کۆمیدیانەی بزووتنەوەکانی جــاران بێت‌و بەخێرایی خاڵیبکرێتەوە لە بەها گەورەو پیرۆزەکانی.

ململانێی بــەردەوام هــەر لە سەرەتای هاتنەپێشەوەی گۆڕان وەک کیانێکی سیاسیی لەنێوان دوو عەقڵیەتدا بـووەو ئەم مێژووە کەمەش شاهیدی هەوڵو تەقەللای هەردوولا بووە بۆ کەنارخستنی ئەوی دیکەو باڵادەستیی خۆی لە بڕیارو پێگەکاندا.

دیــارە پێشاندانی ململانێکان لەنێوان کۆن‌و نوێدا (کۆن گوایە بە مانای رێکخستنە کۆنەکانی نێو یەکێتی، کە زیاتر خۆی لە باڵی ریفۆرمدا دەبینێتەوە، نوێش بەمانای گەنج‌و گرووپەکانی رێکخراوە مەدەنیی‌و رۆشنبیران‌و



رۆژنامەنووسان‌و چالاکوانە تازە نەفەسەکان) هەڵەیەکی مەنهەجی گەورەیە، کورتکردنەوەی ئیجتیهادە سیاسییەکان لەنێو ئەو دوو حەلقەیەدا تێگەشتنێکی ناسیاسیی‌و رووکەشە بۆ جیاوازی بەها بنەڕەتییەکان‌و خستنەڕوویان وەک سەرەتای تەکەتولی جیاواز، کە کەم حیزبی کوردستانیی هەیە پێیەوە نەناڵێنێت، لە راستیدا ناوەڕۆکی ململانێکان لەنێوان عەقڵیەتێکی کۆنەپارێزی بێ روئیاو بێ بەرنامەو بێ خەون‌و بێ گڕوتینە بەرامبەر کەسانێک کە بە خەون‌و تێگەشتن‌و حەماسەتێکی نوێوە دەیانەوێت جووڵانەوەیەکی جەماوەریی راستەقینە دوور لە کینەی سیاسیی‌و ململانێی حیزبیی ناڕەواو نادیموکراسی دروستبکەن‌و هیدایەت بدەن، بۆیە کۆنەکان‌و تازەکان لە رابردووی حیزبیی‌و سیاسیی، لە ئینتیمای رابردوویان ناناسرێتەوە، بەڵکو لەو شێوازەی بیری لێدەکەنەوەو دەیانەوێت ببێتە سیمای جووڵانەوەکەیان.

## گۆڕان‌و تەکەتول

گۆڕان دەبێت خۆی لەو نەخۆشییە بپارێزێت‌و رێگەنەدات کەسە بێهێزو گرووپە بێ روئیاکان لاوازیی خۆیان بە پەنابردنە بەر دەستەگەرێتی بشارنەوە، ئەمە نەک هەر نەخۆشییە، بەڵکو بەتاڵکردنەوەی هەر جووڵانەوەیەکە لە هێزە شــاراوە پەنگخواردووەکانی کە دەتوانێت ناوبەناو بە تین‌و حەماسەوە خۆی نیشانبدات، خودی تەکەتول مراندنی رۆحی جەدەل‌و بوونی جیاوازیی فیکری سیاسییەو هێنانە خوارەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانە، کە پێویستە هەبێت بۆ ئاستی بەرژەوەندیی تاکەکەسی‌و ناسیاسیی، لەوانەیە کەسانێک هەبن بڵێن جارێ زووە قسە لەو بارەیەوە بکرێت، بەڵام من پێموایە ئێستا درەنگە گوێ بەو زەنگە سەرەتاییانە نەدەین‌و چاو لە ئاست سەرەتاتکێی ئەو عەقڵیەتە بنوقێنین.

وەک وتــم کێشە لەنێوان کــۆن‌و نوێ، تازە نەفەس‌و تێکۆشەرو رێکخستنە حیزبییە کۆنەکان نییە، نیشاندانی مەسەلەکان بەمشێوەیە هەم نەزانینە لە هونەری رێکخستن‌و هەم ئـاوەژووکـردنـی راستییەکانە، لە هــەردوو حاڵەتەکەشدا خۆمەڵاسدانی تێگەشتنە ناسیاسیی‌و نەزۆکەکانە لەپشتی ئەو تێگەیشتنەوە.

گۆڕان توانی هەر لەسەرەتای کارکردنیدا بەشێوەیەکی زیرەکانە جۆرێک لە تێکەڵی‌و هاوخەمی‌و هاوهەڵوێستی لەنێوان هەردوو نەوەو هەردوو تێگەیشتندا بکات، کە ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە بەشێک لە باڵی ریفۆرم بە چاوی تەقلیدیی حیزبەکەیانەوە دەیانڕوانییە نەوەی نوێ، رۆشنبیران، رۆژنامەنووسان‌و کۆمەڵگەی مەدەنیی، بەداخەوە ئەو بەشە لەو باڵە سەرباری جیاوازیی کارکرن‌و هەڵوێستی شەخسییان لەنێو حیزبدا، نەیانتوانی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا ببینن‌و زۆرتر جەختیان لەسەر ناڕۆشنیی‌و جیاوازییەکانیان دەکــرد، ئــەوان لە ململانێی سەختی خۆیاندا لەنێو حیزبدا پەنایان بۆ ئەو هێزە گەورەیەی دەوریان نەدەبرد، بەڵام خۆشبەختانە بەرەی دووەم بەردەوامبوو لەسەر تیشک خستنەسەر ئەم رەوتــەو نزیکبوونەوە لێی، هەرچەند لە رووی رۆژنامەنووسییەوە ئەمە کارێکی زۆر سەخت بوو، چونکە زۆرێک لە رابەرانی ئەو باڵە بەچاوی گومان‌و تێنەگەشتنەوە بۆ ئەرکو کاری راگەیاندن سەیری هەوڵە رۆژنامەنووسییەکانیان دەکردو دەیانویست دوور لە فزولیەت‌و چرای رۆژنامەنووسانەوە درێژە بە ململانێکانی خۆیان بدەن، کە ئەمەش هەم کورتهێنانێکی سیاسیی بوو هەم گەڕانەوە بوو بۆ عەقڵیەتی ساڵانی هەشتاکان (پێموایە هێشتا لەنێو بەشێک لە چالاکوانانی گۆڕاندا ئەو بەدبینی‌و تێنەگەیشتنە لە ئەرکو پەیامی رۆژنامەنووسی بەردەوامەو هەمیشە سڵ لە هەر راپۆرتێکی رۆژنامەنووسی دەکەن‌و بە چاوی پیلان‌و گومان‌و ناحەزییەوە بۆی دەڕوانن).

بە دیوەکەی دیکەدا بەشێکیش لە لایەنی دووەم بــەردەوام پێناسە تەقلیدییەکانی خۆی بۆ کاری حیزبایەتی لە کوردستاندا بەسەر ئەو باڵەشدا دەسەپاندو نەیاندەتوانی تێگەیشتنێکی سیاسیی‌و فیکریی قووڵیان بۆ ئەو هەوڵانە هەبێت، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا وەک ململانێیەکی شەخسی لەپێناو بەرژەوەندیی بەرتەسک‌و مەوقیعی شەخسی سەیردەکرد، هەموو ئەو ناکۆکیانەیان وا وێنا دەکــرد، کە ململانێی پۆست‌و جێگەو رێگای باشترە لەنێو حیزبدا، نەوەک تێگەیشتن‌و میکانیزمی جیاواز بۆ ئیدارەدانی حیزب.

نزیککردنەوەو پێکەوە کارپێکردنی ئەم دوو لایەنە یەکێکە لە شاکارەکانی رابەرایەتی بزووتنەوەی گۆڕان، هەماهەنگی لە تێپەڕاندنی دوو هەڵبژاردندا (یەکەم بە سەرکەوتنێکی گەورەو دووەم بە سەرکەوتنێکی نسبییەوە) بوارێکی باش بوو بۆ زیاتر هەستکردن بە جیاوازیی‌و خاڵی هاوبەش، بۆ زەقبوونەوەی مەترسییەکان‌و خاوبوونەوەی ناکۆکییەکان، بۆ رەوینەوە یان زیادبوونی بەدگومانییەکان، بۆ بیرکردنەوە لە پێکەوە کارکردن یان دابڕان. ئەم ماوەیە دەرفەتێکی باش بوو بۆ هەمووکەس‌و لایەنەکانی نێو بزووتنەوەکە بۆ بیرکردنەوەیەکی جدیی لە هەموو ئەو ئەگەرانە، سەرکەوتنی بزووتنەوەکەش‌و تێپەڕاندنی قۆناغی خۆبنیادنان لە گــرەوی مامەڵەیەکی تەندروستی هەموو لایەنەکانە بۆ ئەرکە هاوبەشەکان‌و بۆ رۆحی پێکەوە کارکردن.

## گۆڕان لە ناخی خۆماندا

بۆ ئەوەی ئەم جووڵانەوە تازەیە بتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەری گۆڕەپانی کوردستان، دەبێت بەشێوەیەکی مەنهەجیانە هەموو ئەو گرووپو دەستە سرووشتی‌و ئەسیلانە لە خۆیدا بتوێنێتەوەو هێزێکی نوێی خاوەن سیمای تازەیان لێ دروست بکات، ناکرێ‌و نابێت بیر لە وەلانان‌و پەراوێزخستنی یەکتر بکرێتەوە، ناتوانرێت مێژوو ئەزموون‌و خەبات‌و توانا (نەک مەوقیعی رابردوو)ی ئەو کۆمەڵە زۆرەی وەک داینەمۆی گۆڕان کاردەکەن نادیدە بگیرێت‌و بە بیانووی تەکەتولاتی کۆن‌و مەوقیعی حیزبی رابردوو وا نیشانبدرێت ئیتر ئەمانە سەرجەمیان خاوەن تێگەیشتنی کۆن‌و شێوازی تەقلیدیی کارکردنن‌و ناتوانن بە عەقڵیەتێکی مۆدێرنانەوە بێنە مەیدان، ئەم رەخنەیە تەنیا بەشێک لەو لایەنە ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم کەس‌و لایەنەکان دەگرێتەوەو کەس لە ئاست ئەو نەخۆشییانە حەسانەی نییە.

بەهەمانشێوەش دەبێت لەگەڵ هەڵسوڕاوە نوێیەکانی گــۆڕانــدا، کە زۆرجــار خۆیان بە بنیادنەری ئەسڵی گۆڕان دەزانن بەو هۆیەوەی کە ئــەوان لە دەرەوەی قوتابخانەی حیزبیی رەخنەکانیان بردووەتە پێشەوەو پەتای تەکەتول‌و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی لێینەداون، مامەڵە بکرێت. نەهێشتنی حەساسیەت‌و بێمتمانەیی‌و توانەوە لەنێو یەک پەیکەرەی نوێدا تەنیا بە قسەی جوان‌و مەوعیزە فەراهەم نابێت، بەڵکو بە رای من بە دوو شێوە دەبێت:

یــەکــەم: هــەمــوو پێکهێنەرەکانی ئەم جووڵانەوەیە دەبێت لەوە تێبگەن کە گرەوی سەرکەوتن‌و مانەوە لە پێکەوە کارکردن‌و پەراوێزنەخستنی یەکتردایە، ئەو رۆژەی لایەنێک هەست بکات ئیتر کۆنترۆڵی جووڵانەوەکەی کردووەو بە گوێرەی تێگەیشتنی ئەو دەڕواتە رێوە، ئیتر ئەو رۆژە مەرگی سەریری رۆحی گۆڕان‌و گۆڕانکارییە، ئیتر ئەوە مراندنی ریفۆرم‌و پەکخستنی ویستی چاکسازییە لە کۆمەڵگەی کوردستانداو بە حیزبیکردن‌و لە قاڵبدانی جووڵانەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوانە، کە هەر لەسەرەتاوە بە شکاندنی قاڵب‌و بتەکان دەستی بە خەبات کرد.

دووەم: لە هەمووی گرنگتر دابڕانە لە رابردوو، لە راستیدا پێموایە گرەوی گەورەی سەرکەوتنمان لەو دابڕانەدایە، دیارە هەموو کەس‌و لایەنێک خاوەن مێژووی خۆیانن، مافی خۆیانە شانازیی بەو رابردووەوە بکەن، کەس دابڕاو نییە لە پێشینەی خۆی، بەڵام دەکرێت ئەو باکگراوندە ببێتە ئەزموونێکی باش بۆ ئایندە.

ئەم جووڵانەوەیە لە زۆر روویــەوە، لە بەرنامەو دروشــم‌و ویستی کارکردنییەوە دەیەوێت شتێکی نوێ بێت، دەیەوێت ئەخلاقیاتێکی سیاسیی تازەو میکانیزمی کارکردنی نوێ بێنێتە دنیای سیاسیمانەوە، دەیەوێت بەها، عەقڵیەت، پەیامی نوێ بێنێتە پێشەوە، ئەمەش پێویستی بە ئامرازو کەسی نوێیە، کەسی نوێی دابڕاویش لە رابــردووی خۆی لە هیچ جێگەیەکی ئەم گەردوونە پەیدانابێت، بۆیە هەموومان پێویستمان بە درککردنە بە داخوازییەکانی ئەم واقیعە نوێیەو فشارخستنەسەر دەروون‌و یادەوەریی‌و عەقڵیەتی خۆمانە لەپێناو خۆگونجاندن لەگەڵ ئیستیحقاقاتی ئەم قۆناغە، لەپێناو گۆڕان دروستکردن لە ناخی خۆماندا بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕان دروستبکەین لە کۆمەڵگەدا، بۆیە دابڕان لە بیرکردنەوە، شێوەی کار، میکانیزمەکانی خۆدەرخستن، دۆستایەتی، بەڕێوەبردن، ململانێی کۆن، یەکێکە لە دەستپێشخەرییە زۆر سەرەکییەکانی گۆڕانخوازان، لانیکەم ئەوانەی لە ئێستادا لە دەوری ئەم بزووتنەوەیە کۆبوونەتەوە.

## ئەگەر بمەوێت قسەکانم لەچەند خاڵێکدا فۆرمەلە بکەم دەبێت بڵێم:

١. بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە لە حاڵەتی عەفەویەت‌و فەوزای مونەزەم (ئەمە ئەگەر تا پێش ٧/٢٥ سوودێکی هەبووبێت لە ئێستاداو بەتایبەت دوای ٣/٧ ئیتر بەردەوامبوونی دەبێتە کــارەســات) دەربچێت‌و بگەینە قۆناغێک لە خۆڕێکخستنێکی فیکریی، سیاسیی، رێکخراوەیی، پێویستە ئەنجومەنێکی سیاسیی رابەرایەتی بزووتنەوەکە بکات‌و سەرپەرشتی سەرجەم لایەنەکانی راگەیاندن، پەیوەندییەکان، نەخشەی سیاسیی، پلانی ستراتیژیی بزووتنەوەکە بکات‌و بە پێچەوانەی مەکتەب سیاسیی حیزبەکانی دیکە دەست نەخاتە کاری رۆژانەو وردەکارییەکان، بەڵکو بە مانای وشە ئەنجومەنێک بێت بۆ پلانی ستراتیژیی سیاسی.

٢. ئــەم ئەنجومەنە پێویستە تەنیا لە بەرپرسەکانی ئێستای جووڵانەوەکە (بەهەموو لایەنەکانییەوە) پێکنەیەت، بەڵکو زۆر گرنگە کەسانێک لەم ئەنجومەنەدا بن، کە راستەوخۆ سەربە هیچ ئۆرگانێکی گۆڕان نەبن، بەڵکو بەشێک بن لە ستافی فیکریی، سیاسیی، رۆشنبیریی‌و تەنانەت کۆمەڵایەتی ویستی گۆڕانخوازیی لە کوردستاندا، ئەو بەرە فراوان‌و گەورەیە، کە ناکرێت زۆرمەندانە بکرێنە بەشێک لە ئۆرگانە رەسمییەکانی گۆڕان‌و ناشکرێت لە دەرەوەی ئەو جووڵانەوەیەدا بن، کە خۆیان بەشێکن لە نەخشەدانەرەکان‌و هەڵسوڕاوە نارەسمییەکانی، دەبێت بەشێک بێت لەو ئەنجومەنەی چارەنووسی بزووتنەوەکە دیاری‌و ئاراستە دەکات.

٣. بواردان بە دروستبوونی دەستەگەرێتیی، کوشتنی رۆحی جیاوازییەکانە، تەکەتول لە کوردستاندا بە هیچ شێوەیەک رەنگدانەوەی ئیجتیهادو جیــاوازی فیکریی‌و سیاسیی نەبووە، ئەوەندەی بەشێک بووە لە کەلتووری خۆپاراستن‌و خۆسەپاندن، گۆڕان دەیەوێت رۆح‌و مێشکەکان ئازاد بن‌و ئازادانە بیربکەنەوەو بڕیاربدەن، نەک بکرێنە کۆیلەو ئەتباع.

٤. بوونی جیاوازیی بیروڕا، تێگەیشتن‌و بــۆچــوونــی تــەنــانــەت دژ بــەیــەکــیش بۆ جووڵانەوەیەک لە چەشنی گۆڕان پێویست‌و خوازراوەو هەمیشە بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە، دەرخستن‌و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو جیاوازییانە هەم توانا سیاسییەکانی بزووتنەوەکە بە هێزتر دەکــات‌و هەم بوارێک بۆ دەستەگەرێتیی بێ ناوەرۆک ناهێڵێتەوە.

٥. ئــەم بــزووتــنــەوەیــە موڵکی هەموو گۆڕانخوازانە، ئەوانەی کــاری تێدادەکەن‌و ئەوانەی دڵیان بۆی لێدەدات، یەکێک لە گرەوە گەورەکان، دابەزینیەتی لە گردەکەو دابڕانیەتی لەگەڵ رابردوودا، نەیارەکانی ئەم بزووتنەوەیە یەکێتی‌و پارتی نییە، بەڵکو گەندەڵیی‌و ناعەدالەتی‌و بێ سیستەمییە، ئەمە لەهەر لایەنێکدا بێت گۆڕان دەبێت دژی بوەستێتەوە، پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر ئەو بنەمایانە دروســت بکات‌و بباتە پێشەوە، ئەگەر بە وردیــی سەیری گوتاری گۆڕان لە پێش (٧/٢٥)و هەمان گوتار لە (٣/٧) بکەین، پاشەکشەیەکی گەورە لە روئیا سیاسیی‌و ئامانجە مەزنەکان دەبینین، هیوادارم ئەمە تەنیا پەتای هەڵبژاردن بێت‌و جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزانە.

وێناکردنی گــۆڕان وەک هێزێک، کە لە بەرامبەر لایەنێکی دیاریکراو وەستاوە، لە راستیدا بچووککردنی بزووتنەوەکەیەو خاڵیکردنیەتی لەهەر ماناو رۆحێکی زیــنــدوو، هیوایەکی چاکسازیی‌و خەونێکی بە مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگە، ئەم جووڵانەوەیە تا دوور بێت لە عەقڵی تەحەزوب‌و رۆحی گرووپچێتی‌و رق‌و کینەی شەخسی‌و سیاسیی، ئــەوا دەتوانێت ببێتە چەترێک بۆ هەمو ریفۆرمیستانی وڵات، بە پێچەوانەوەش لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە لایەنێکی سیاسیترو ژمارەیەکی نوێ لە فەزای سیاسیماندا، کە رۆژێک زیاد دەکات‌و رۆژێکیش بچووکدەبێتەوە، بچووککردنەوەی گۆڕان بۆ ئەو ئاستە لێدانێکە لە رۆح‌و جەوهەری جووڵانەوەکە، گومانیشم نییە کەسانێک هەن بەو ئاراستەیە کاردەکەن‌و لە هەڵپەی خۆسەپاندنیاندا گەورەیی بزووتنەوەکە نابینن‌و بەو کارە نا مەسئولانانەیان تادێ رۆحی گۆڕان لەکەدار دەکەن‌و خەونەکانی دەکەنە مۆتەکە.



# بزووتنەوەی گۆڕان دەبــــ

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەی سیاسیی کوردی گۆڕی. بەدرێژایی (١٨) ساڵ ئەزموونی حوکمرانی هەرێم، هاتنەکایەو دروستبوونی هێزی سێیەم بە فاکتەری رزگاربوونی دۆخە سیاسییە چەقبەستووەکەی کوردستان دەزانرا، بەڵام ئێستا نەک هەرهێزی سێیەم دروستبووە، بەڵکو پێدەچێت بە هاتنەکایەی هێزێکی نوێ بەناوی (بزووتنەوەی گۆڕان)، ریزبەندیی هێزی دووەمیشی گرتبێت.
هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا بەشێوازێکی جەماوەریی‌و نارێکخراو (عەفەوی) کاردەکات‌و چوارچێوەیەکی روون‌و دیاریکراوی نییە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانی دوو هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق تێپەڕێنێت‌و لە ئەزموونی حوکمرانی هەرێمدا واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆنبوون) بچەسپێنێت. بەبێ ئەوەی ئەم هێزە ستراکچەرێکی رێکخراوەی دیاریکراوی هەبێت.
بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی دروستبوونیدا تائێستا چەند هەنگاوێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاویشتووەو چووەتە پێشەوە. ئێستا ئەم بزووتنەوەیە پێویستی بە خۆڕێکخستنەوە هەیە.
* ئایا چی بکرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئۆرگانیزە بکرێت؟ * گۆڕان بۆئەوەی فۆرمێکی مۆدێرن. جا لەشێوەی قەوارەی سیاسیدا بێت یاخود حیزبی سیاسیی، پێویستە چی بکات؟
* ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وێستگەیەکی کایەی سیاسیی‌و حوکمرانی هەرێم پێویستبوو یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان شێوە دروستەکەی بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕین لە سیستەم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات بە رێگەی ململانێی سیاسیی‌و دیموکراسی‌و هەڵبژاردن؟. * ئایا لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چی بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینیی؟
* ئەم هێزە کە ئێستا بووە بە دیفاکتۆو نکوڵی لە کاریگەربوونی ناکرێت. پێویستە لێرە بەدواوە چۆن کاریگەرتر ماستەرپلانی خۆی بەمەبەستی دیاریکردنی ستراتیژی کارکردنی رەنگرێژ بکات؟
کردنەوەی ئەم تەوەرەیە بەئامانجی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی‌و دیموکراسیەتە لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا و دروستبوونی هێزێکی سیاسیی مۆدێرنە، کە خزمەت بە دیموکراسییەت‌و حیزبایەتییەکی مۆدێرن‌و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بکات، نەک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی. ئەم تەوەرەیە بە کراوەیی دەهێڵرێتەوەو سیاسەتکاران‌و رووناکبیران‌و نووسەران دەتوانن بەشداریی تێدا بکەن.

ئامادەکردنی تەوەر: سیروان رەشید

## ئەبوبەکر عەلی، نووسەرو سیاسەتکار:

# گۆڕان بۆئەوەی نەبێتە حیزبێکی ستالینیی، دوو رێگەی لەبەردەمدایە

**رۆژنامە: هەڵبژاردنی (٧/٢٥)، پێکهاتەی سیاسیی کوردی گۆڕی‌و ئەو مۆنۆپۆلەی لە (١٨)ساڵی رابردوودا، پارتی‌و یەکێتی بەسەرکایەی سیاسیی کوردیدا هێنابوویان، تا ئاستێک تێکشکاند، بە رای بەڕێزتان، دروستبوون‌و هاتنەکایەی بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی نوێ، چەند کاریگەریی پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر پڕۆسەی سیاسیی هەرێم؟**

* حەزدەکەم، پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو سەرنج بخەمەڕوو، یەکەمیان: بزووتنەوەی گۆڕان لە روانگەی کێشەی ئەم هێزە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ناخوێنمەوە، بەو ئەندازەیە نەبێت کە ئەو کێشەیە رەنگدانەوەی بەسەر ژیانی گشتیدا دروستکردبێت‌و کاری کردبێتە سەر ئاراستەکانی ئیشکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەئاستە نیشتمانییەکەدا.

دووەمیشیان: پێموایە کە هێشتا چاودێری سیاسیی ناتوانێت حوکمی کۆتایی بەسەر (اداء)ی بزووتنەوەی گۆڕان‌و رۆڵە سیاسییەکەیدا بدات، چونکە ئەم هێزە بەدۆخێکی راگوزەریدا تێدەپەڕێت‌و لەبەردەم ئەزموونێکی نوێی تاقینەکراوەدایە، کە ئەویش بوونی دەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عێراق‌و کۆمەڵێک یەکلاییکردنەوە (حسم)ی تیۆریی‌و مەیدانیشی لە رووی دیاریکردنی ئاراستەکانی لەئایندەو چۆنێتیی‌و جۆری خۆڕێکخستنەوەی لەپێشە.

بەدەر لەم دوو سەرنجە، گۆڕان بەدیاردەیەکی سیاسیی نوێ لە ژیانی سیاسیی کوردی‌و هەرێمی کوردستاندا دادەنرێت، بەتایبەتیش لەدوای (٧/٢٥)ەوە بووە بەپێکهێنەرێکی سەرەکی دیمەنی سیاسیی کوردستان. ئەگەر لێرەشەوە سەیری رووە پۆزەتیڤەکانی ئەم هێزە بکەین، دەتوانین پەنجە لەسەر چەند خاڵێک دابنێین، لەوانەش:

– گۆڕان ئەو هێزە بوو کە ژیانی سیاسیی کوردستانی لەئاستێکی بەربڵاوترو کاریگەرتر لەپێش خۆی لەو قەتیسدان‌و چەقبەستوویە رزگارکرد، کە سرووشتی کارکردنی دوو هێزەکەی کوردستان‌و جۆری پەیوەندیی نێوانیان‌و دابەشکردنی رۆڵ‌و پلەوپایەو (ئیمتیازات)ەکان لەنێوان خۆیاندا دروستیان کردبوو. سەرهەڵدانی گۆڕان پرسیاری خستە سەر ئەو هاوکێشەیەو هەندێک لاسەنگی دروستکردو خستیشیەڕوو، کە بنکەیەکی جەماوەریی بەربڵاو هەیە لە دۆخەکە رازی نییە.

– تا ئێستا گۆڕان نموونەیەکی نوێی خۆڕێکخستنی کاری سیاسیی‌و جەماوەرییە، پێش گۆڕان حیزبە سیاسییە تەقلیدییەکان کاراکتەری سەرەکی گۆڕەپانی سیاسیی‌و تارادەیەکی بەرچاویش شێوازی باو و زاڵی مۆدێلی کاری سیاسیی‌و حیزبیی‌و جەماوەری بوون‌و هاتنەکایەی بزووتنەوەی گۆڕان وەک تەوژمێکی جەماوەریی نیمچە عەفەوی بەربڵاو، ئیزافەیەک بوو بۆ سەر ژیانی سیاسیی‌و بووە هۆی هێنانەوەی کۆمەڵێک وزەی خەفەکراوی کۆمەڵگەش بۆ نێو ململانێ‌و گۆڕەپانی سیاسیی. گۆڕان، بەم شێوازەی توانی کۆت‌و بەندو سنووردارییە حیزبییە کلاسیکییەکان تێپەڕێنێت‌و خەڵکی ئایدیۆلۆژیا جیاواز لەچوارچێوەی



پرۆژەیەکی سیاسییدا کۆبکاتەوە.

– روویەکی دیکەی رۆڵی پۆزەتیڤانەی گۆڕان، توێژی لاوان‌و تێکەڵاوکردنەوەیان بوو بە خەباتی سیاسیی‌و جەماوەریی‌و گۆڕینیان لەهێزێکی نارازی نارێکخراوو دیدگا ناڕوون بۆ وزەیەکی سیاسیی ئاراستەکراو لەچوارچێوەی پڕۆژەیەکی سیاسیی بەرنامە بۆدارێژراودا. نکوڵی لەوە ناکرێت، لەم رووەوە گۆڕان توانی رۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت، بەتایبەتیش لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی‌و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا.

– گۆڕان بەشدارییەکی کاریگەری کرد لەفراوانبوونی پانتاییەکانی ئۆپۆزسیۆنبوون‌و بڵاوکردنەوەی ئەو گیانە لەئاستێکی بەربڵاوتری جەماوەریدا، بەرەی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان لەگەڵ گۆڕاندا سیما ئایدیۆلۆژییەکانی پێشووتری تێپەڕاندو بوو بەژمارەیەکی حساببۆکراو و بەربەستە دەروونییەکانیشی زۆرتر تێکشکاند، بەمەش بوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی، سیمایەکی نیشتمانیی گشتیترو جەماوەریی وەرگرت‌و ئەو پەیامەشی روونتر دا بەگوێی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا، کە ئەگەر بەخۆیاندا نەچنەوەو دەستکاریی سیاسەت‌و مۆدێلی ئیشکردنیان نەکەن، لەبەردەم مەترسی لەدەستدانی پێگە جەماوەرییەکەیان‌و دەسەڵاتدان.

دەتوانم بڵێم، ئەو چوار خاڵە، گرنگترین ئەو رۆڵە پۆزەتیڤانەن کە ئەم رەوتە لەماوەی رابردوودا لەژیانی سیاسیی هەرێمدا گێڕاونی‌و بۆ دوارۆژیش لەگەڵ هەر گۆڕان‌و ئەزموونێکی نوێدا قسەی دیکەمان دەبێت.

**رۆژنامە: خاڵە لاوازو سلبییەکانی ئەم هێزە نوێیە، لە ئێستاو لە رابردوو چین؟**

* ئەگەر بەکورتی باس لە خاڵە لاوازەکانی گۆڕان لەقۆناغی ئێستاو رابردوودا بکەین، رەنگە بتوانین ئاماژە بەکۆمەڵێک خاڵ بکەین، لەوانەش:

– هەستکراوە کە گوتارو رەفتاری سیاسیی گۆڕان، لەهەندێک برگەو لەبەرامبەر هەندێک رووداو و گۆڕانکاریدا، زیاتر کاردانەوە بووە نەک کارو وەڵامدانەوە بەستراتیژییەتێکی چوارچێوەداری روونی لەوەوپێش دیاریکراو.

– جۆری سازدانی جەماوەرو بەتایبەتیش لاوان لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، هەندێک هەناسەی بۆ پێویستیی تێکەڵاوبوو کە ئەم هەناسەیە لەگەڵ بەهێزبوون‌و کۆنترۆڵ نەکردنیدا، سەردەکێشێت بۆ سێبەر خستنەسەر خەباتی مەدەنیی‌و ناوەڕۆکی دیموکراسیش.

– خاڵێکی دیکەی لاوازی ئەم بزووتنەوەیە، مێژووی رەمزە گرنگ‌و ناودارەکانێتی، ئەم رەمزانەش ئەگەرچی لە روویەکەوە قووڵایی مێژوویی‌و جۆرێک لەمتمانەی سیاسیی بۆ بزووتنەوەکە دابین دەکەن، بەڵام لە روویەکەی دیکەوە لەو سۆنگەیەوە کە لە رووی مێژووییەوە بەشداریی دروستکردنی رووە نێگەتیڤەکەی مێژووی نوێی کوردستانی عێراق بوون، لەوانەش بەشداریکردن لەشەڕی ناوخۆ لەشاخ‌و شارو تاوانی گەندەڵی کە دەسەڵاتە حیزبییەکان ئەنجامیانداوەو ئەمانیش بەرپرس بوون تیایدا، دەکرێت ئەم باگراوندە، لەهەندێک برگەو لەبەرامبەر هەندێک گۆڕانکاریدا، جۆرێک لە دوودڵیی‌و پرسیار دروستکردن لەسەر (مصداقیە)تی رەوتەکەو دروشمەکانی دروست بکات.

– رەوتەکە لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی تا ئێستا داونی، هێشتا تارادەیەک وەک دیاردەیەکی سلێمانییانە لێی دەڕوانرێت، لەم رووەوە شکستەکەی کەرکوکیش بەزیان بۆ سەر بزووتنەوەی گۆڕان شکاوەتەوە، ئەمەش ئەو تۆمەتەی زیاتر لەسەر تۆخ دەکاتەوە کە کاردانەوە بێت بەڕووی هێزێکی دەسەڵاتداری دیاریکراودا.

– رەوتەکە لەهەندێک شوێن کە کەسی ئیداریی یەکەم‌و خەڵکی دیکەی لەئەنجومەنەکاندا هەبووە، بەشێک لەم ئامادەبوونە بەزیان بۆ سەری شکاوەتەوە، ئەم دیاردەیەش لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانیدا روونە. دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگاری سلێمانی بەو جۆرە وەک خاڵێکی لاوازی بزووتنەوەکە دێتە ئەژمارکردن‌و بەدووریش نازانرێت لەهەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا باجی بدەن‌و لەدژیان بەکاربهێنرێت. هەندێک داواو نەخشەی گۆڕانیش لەئارادایە بۆ پڕکردنەوەی ئەم لاوازییەو پێناچێت شانسی سەرکەوتنیان لەبەردەمدا بێت‌و ئەگەر زۆر بەعەقڵانیش مامەڵەی لەگەڵ نەکەن، ناتوانن لە بەرەنجامە نێگەتیڤەکانی بەدووربن.

– بەحوکمی یاساکانی ململانێ لەگەڵ یەکێتی‌و راهاتنی خۆیان‌و جەماوەر لەسەر هەندێک شێوازی کارکردن‌و هەندێک رەمز، رەنگە بزووتنەوەی گۆڕان نەتوانێت بەگوێرەی پێویست سیماو خوێنی نوێ بەو ئاستەی لێی چاوەڕواندەکرێت بێنە پێشەوە، کە ئەمەش کاریگەر دەبێت لەسەر دروستبوونی جۆرێک لەنیگەرانیی لەناو بەشێک لەنەوەی نوێی گۆڕانخوازدا.

– لاوازییەکی دیکەی گۆڕان، بەدی نەهاتنی پێشبینیی‌و مژدەکانی بوو بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە رووی ژمارەی کورسیی‌و خوێندنەوەیان بۆ واقیعی کەرکوک، بزووتنەوەی گۆڕان لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە تارادەیەک لەپێگەی هێرشەوە گۆڕاوە بۆ پێگەی بەرگریی، لەم رووەوە تەحەدای شارەوانییەکانیشی لەپێشە.

– لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا، گۆڕان یۆتۆپیایەکی بۆ خەڵک دروستکردبوو کە دەتوانێت گۆڕانێکی قووڵ لەدۆخەکەدا بهێنێتەکایەوە تا سنووری جڵەوی دەسەڵات گرتنەدەست، لەسەر ئەم بناغەیە خەڵکێکی زۆر بێ گوێدانە هەندێک شت، متمانەیان بەم رەوتە بەخشی، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک خەڵک هەندێک سزای مادیی‌و مەعنەویی بەدوادا هات، گۆڕان بەگوێرەی پێویست نەیتوانی کێشەی ئەو کەسانە چارەسەربکات‌و ستراتیژییەتی دەسەڵاتیشی، نیشاندانی گۆڕانە وەک هێزێکی بێدەسەڵات‌و ملکەچ بۆ ئەو دیفاکتۆو چوارچێوانەی هێزە دەسەڵاتدارەکان دروستیانکردوون.

– لە داهاتووشدا گۆڕان هەندێک مەترسی لەپێشە، لەوانەش:

أ- تەحەدای خۆڕێکخستنەوەو هەڵبژاردنی فۆرمێک کە رۆحیەتی بزووتنەوەی گۆڕان‌و دروشمەکانی نەکوژێت‌و توانای لەخۆگرتنی ناکۆکی‌و جیاوازییە ناوخۆییەکانیشی هەبێت.

ب- تەحەدای ئەگەری نەبردنەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەتایبەتیش لەسلێمانی.

ج- تەحەدای خۆدوورگرتن لەهەندێک گیانی تۆڵەکردنەوەو کاردانەوەو سات‌و سەودا لەپەیوەندیی بەچۆنێتیی ئاراستەکردنی فراکسیۆنەکەیان لەبەغداو مامەڵەکردن لەگەڵ تاڵەبانی.

د- ناچاربوون بۆ هەندێک سازشکردن کە جەبری سیاسیی دەیخوازێت‌و رەنگدانەوەی ئەمە بەسەر ئاستی دڵبەندیی جەماوەرو بەتایبەتیش نەوەی نوێ بەرامبەر داهاتووی بزووتنەوەکە.

هـ- تەحەدای خۆگرتن‌و نەکەوتنە داوی پەنابردنی بەشێک لەگۆڕانخوازەکان لەسایەی هەندێک دۆخ‌و هەلومەرجی نائاساییدا.

و- بەحوکمی ئەوەی بزووتنەوەکە هەڵگری جۆرێک لە رۆحیەتی مەهدەویەتە، ئەگەر لەبڕگەیەکدا شکست بخوات، رەنگە دووچاری جۆرێک لە تەنگژەی بکات.

**رۆژنامە: بزووتنەوەی گۆڕان، لەسەرەتاوە تا ئێستا دروشمی (گۆڕان لەسیستەم‌و عەقڵی رامیاری‌و حوکمڕانی) هەڵگرتووە، ئەویش بە رێگەی ململانێی سیاسیی‌و دیموکراسییەت‌و هەڵبژاردن، تاچەند گۆڕان گوتارە سیاسییە رەخنەگرانەکەی لەوچوارچێوەیەدا بووە؟**

* لەم رووەوە نکوڵی ناکرێت کە گۆڕان کاریگەریی خۆی هەبووەو راچڵەکینێکیشی لەنێوان هێزە دەسەڵاتدارەکاندا دروستکردووە، گۆڕان بەشداربوو لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی‌و زمانێکی نوێی سیاسەتکردن‌و فشارخستنە سەر هەندێک پنتی دەسەڵات‌و شێوازو مۆدێلی حوکمڕانی کە ناکاراییان سەلماوە، بەڵام بەحوکمی ئەو یاساو رێسا سایکۆلۆژییەی حوکمی دابەشبوون‌و جیابوونەوە حیزبییەکان دەکات‌و دابەشبوونی کوردستان‌و لەگەڵ ئەوانیشدا دابەشبوونی ناوچەی نفوزە حیزبییەکان‌و پێداویستییەکانی هەندێک رووی کاری سیاسیی کە دەخوازێت لەهەموو لایەکەوە فشار بۆ سەر خۆی دروست نەکات، وێنەیەک لەبزووتنەوەکە گیراوە کە زیاتر رووی لە یەکێتییەو سەرقاڵی دەرخستنی کەموکورتییەکانی ئەوو لاوازکردنی پێگەیەتی لەژیانی سیاسیی عێراق‌و هەرێمدا، گۆڕان بەگشتیی گوتارەکەی رەخنەگرانە بووە، داوای گۆڕانی کردووە، بەڵام ئەوەش ناشاردرێتەوە کە لەهەندێک بڕگەدا زیاتر مەبەستیان هەڵوێست تۆمارکردن بووەو هەستی گۆڕانخوازانەیان هێناوەتە ئەم ئاستە لەسۆنگەی بڕوابوونیان بەسنووردارێی پانتایی‌و چانسەکانی گۆڕان.

لەهەندێک بۆنەشدا شێوازی کەرنەڤاڵانەیان بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەکانیان بەکارهێناوە، ئەم شێوازەش، ئەگەرچی رۆڵی هەبووە بەشێوەیەکی کاتیی‌و بەگوروژمەوە بێتە سەر شاشەی سیاسیی هەرێم، بەڵام لەهەمانکاتدا بەرامبەرەکان سوودیان لێوەرگرتووە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هەڵگری گیانێکی ئەنارشیستییانەو ناکردەوەیین‌و ئیش‌و پیشەیان بەرامبەر هەموو شتێک دەنگهەڵبڕین‌و نا وتنەوەیەو ئەم رەفتارەیان بەڵگەیە لەسەر جۆرێک لەنائومێدیی.

**رۆژنامە: چی بکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی رێکخستنەوەی ئەم هێزەدا، نەبێت بە حیزبێکی ستالینی؟**

* پێموایە، ئەم هێزە دوو رێگای لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی بتوانێت لەئایندەدا درێژە بەژیانی خۆی بدات لەسەر بناغەی ئەو شوناس‌و ئاراستە جیاوازەی لەبەرامبەر هێزەکانی دیکە بەخۆی داوە، کە ئەوانیش بریتین لە: هێشتنەوەی رەوتەکە وەک ئێستا بەهەندێک خۆڕێکخستنەوەی، واتە مانەوەی وەک تەوژمێکی سیاسیی جەماوەریی‌و خۆدوورگرتن لەچوونە نێو چوارچێوەی حیزبەوە، دووەمیشیان، بریتییە لە پێکهێنانی حیزبی تایبەت بەخۆی‌و هێنانەکایەی مۆدێلێکی نوێ‌و لیبراڵی حیزبیی‌و تێپەڕاندنی ئەو مۆدێلە باوەی ئێستا کە زیاتر لەژێر کاریگەریی مۆدێلە سۆڤیەتی‌و جیهانی سێیەمەکەی جاراندایە. پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم هێزە دەتوانێت بەو عەقڵییەت‌و کەرەسەو دۆخەی لەبەردەستیدایە، ئەم ئەرکە سیاسییە گرنگە ئەنجامبدات‌و مەیدانخوازییەک بۆ ژیانی سیاسیی‌و بەتایبەتیش مۆدێلی حیزبایەتی لەکوردستاندا دروست بکات؟ خۆ ئەگەر ئەم دوو سەرپشکە سەرنەگرن، یاخود بەکاڵوکرچی‌و ناکامڵ لەدایک ببن‌و دیدگایەکی رۆشن‌و ئیرادەیەکی یەکلاییکەرەوەو بەبڕشت‌و بەرچاوڕوونی لەپشتەوە نەبێت، ئەوا ئەم رەوتەش، سەرەنجام دەبێتەوە بەحیزبێکی دیکەی باوی سەر گۆڕەپانەکە، بەمەش بەشێک لەو پاساو و رەوایەتییە لەدەستدەدات کە لەسەری دامەزراوەو خۆی پێناساندووەو جەماوەری پێدواندووە.

بێگومان لەهەموو حاڵەتێکیشدا، ئەگەر لەئێستاشدا نەبێت، نابێت ئەو ئەگەرە رەتبکەینەوە کە بزووتنەوەکە لەسۆنگەی جۆراوجۆرو لەسایەی هەندێک هەلومەرجدا، جارێکی دیکە ببێتەوە بە بەشێک لەجەستە مێژووییەکەی یەکێتی، دوای ئەنجامدانی هەندێک نەشتەرگەریی پێویست.

# هەمواركردنی دەستوور، توركیا دەخاتە ئەزموونێكی قورسەوە

ئا: ئارام شێخ وەسانی

لە ئێستادا پارتی دادوگەشەپێدان سەرقاڵی هەمواركردنی چەند بڕگەیەكی دەستوورەو ئەگەرچی ئەم هەوڵەی ئەردۆگان‌و پارتەكەی هەوڵێكی گرنگە، بەڵام بەشێك لە سیاسەتوانان‌و رۆشنبیران بە بانگەشەی دەزانن بۆ هەڵبژاردنەگشتییەكانی توركیاو ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە، ئەوەیە كە ئەو بڕگە دەستوورییانەی ئەردۆگان دەیەوێت هەمواریان بكات، كاریگەرییەكی ئەوتۆو گرنگیان نییە لەسەر سیستمی سیاسیی‌و نەتەوەی توركیا، بۆیە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكان‌و كوردەكان بە هەوڵێكی روكەشی دەزانن، بەڵام لەبەرامبەردا كاربەدەستانی پارتی دادوگەشەپێدان، ئەو هەنگاوە بەدرێژەی پرۆسەی كرانەوەی دیموكراسی دەزانن‌و بڕواشیان وایە، بەم هەمواركردنە، توركیا نزیك دەبێتەوە لە داخوازییەكانی یەكێتیی ئەوروپا كە بەمەرجی بنەڕەتی دەزانن بۆ وەرگرتنی توركیا لە یەكێتیی ئەوروپادا. سەبارەت بەم هەوڵەی ئەردۆگان، وەزیری توركیا بۆ كاروباری ئەوروپاو ئەندامی شاندی توركیا بۆ ئەندامبوون لە یەكێتیی ئەوروپا، (ئیگمەن باگیش) لەكۆبوونەیەكیدا لەگەڵ ژمارەیەك قوتابی لە ئەزمیر رایگەیاند، ئەستەمە توركیا بەم دەستوورەی ئێستا، ببێتە ئەندام لە یەكێتیی ئەوروپا، هەروەها باگیش ئەوەی راگەیاند: ئێمە دژی هەموو ئەو هەوڵانە دەوەستینەوە كە لەلایەن ئۆپۆزسیۆن‌و دادگاوە دەدرێن، بۆئەوەی ئەو هەنگاوە گرنگە رابگرن، واتا هەمواركردنی دەستوور هەنگاوێكی زۆر پێویستە بۆ توركیا. لەبەرامبەردا ئەندامێكی كۆمیسۆنی یەكێتیی ئەوروپا رایگەیاند: یەكێتیی ئەوروپا بەم هەنگاوەی توركیا دڵخۆشە، ستیڤان فولی سەبارەت بە هەمواركردنی دەستووری توركیا روونكردنەوەیەكی بڵاوكردەوە، كە راگەیاندنەكانی توركیا بەگرنگییەكی زۆرەوە بڵاویانكردەوەو تیایداهاتووە «ئەو هەنگاوەی توركیا گرنگییەكی زۆری هەیە بۆ چەسپاندنی رۆڵی دیموكراسی، بەڵام پێویستە ئەو هەنگاوە بە پشتگیریی هەموو لایەنەكان بێت، واتا هەموو رێكخراوە سیاسیی‌و مەدەنی‌و پارتەكان، هەروەها گفتوگۆی پێشوەخت هەبێت بۆئەوەی هەموو لایەنەكان گفتوگۆ لەسەر هەمواركردنەكە بكەن».

یەكێتیی ئەوروپا بە وردیی‌و لە نزیكەوە چاودێریی هەموو ئەو هەنگاوانە دەكات كە لەلایەن حكومەتی توركیاوە دەنرێن بۆ هەمواركردنی دەستوورو كەمكردنەوەی رۆڵی سوپاو چەسپاندنی سیستمێكی سیاسیی عەلمانی.

## لایەنەكان نارازین

چەندین رۆشنبیرو لایەنگری پارتەكەی ئەردۆگان، پشتگیریی ئەو هەوڵەی پارتی دادوگەشەپێدان دەكەن‌و لە بەرامبەریشدا هەریەكە لە پارتەكەكانی ئۆپۆزسیۆن‌و تاكە پارتی كوردیی ئەو وڵاتە، رەخنەو پێشنیازو بۆچوونی دژیان هەیە سەبارەت بەم هەوڵەی پارتەكەی ئەردۆگان‌و بۆ گفتوگۆكردن‌و بەدواداچوون سەبارەت بەنارەزاییەكانی ئەو لایەنانەش، ئەردۆگان شاندێكی راسپاردووە بۆئەوەی لە نزیكەوە گفتوگۆ بكەن لەگەڵ هەردوو پارتی ئۆپۆزسیۆن، (مەهەپەو جەهەپەو پارتی ئاشتی‌و دیموكراسی)، ئەو شاندەش پێكهاتووە لە هەریەك جەمیل چیچەك، جێگری سەرۆك وەزیران‌و بەكر بۆزداغ، سەرۆكی فراكسیۆنی دادوگەشەپێدان لەپەرلەمان‌و سەعدوڵڵا ئەرگین، وەزیری دادو چەند كەسایەتییەكی دیكە.

سەبارەت بەو شاندە، سایتی تودەی زەمان بڵاویكردووەتەوە كە ئەوشاندە كۆبوونەوەو گفتوگۆ ئەنجامدەدەن لەگەڵ هەموو لایەنە بەرهەڵستكارەكانی پرۆژەی هەمواركردنی دەستوورو بەپێی ئەوەی كە تا ئێستا لە راگەیاندنەكاندا بڵاوكراوەتەوە، ئەو شاندە لە هەوڵەكانیدا سەركەوتوو نەبووە بۆ رازیكردنی پارتی گەلی كۆماری بە سەرۆكایەتی دەنیز بایكاڵ‌و بایكاڵ رایگەیاندووە، ئەوان بەهیچ جۆرێك پشتگیریی دەرنابڕن بۆ ئەو هەمواركردنەو خەڵكی توركیاش ئەو هەمواركردنەی ناوێت‌و لەبەرامبەریشدا ئەردۆگان بەتوندنی وەڵامی بایكاڵی دایەوەو رایگەیاند: ئەگەر ئەوان راستدەكەن با دان بە ئەنجامی ریفراندۆمدا بێنن لەسەر ئەو هەمواركردنە، هەروەها سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی ئاشتی‌و دیموكراسی لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند؛ ئەوان كۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندەكە ئەنجامداوەو داخوازییەبنەڕەتییەكانی خۆیان بۆ پارتی ئەكەپە خستووەتەڕوو و داخوازییە سەرەكییەكانی پارتی ئاشتی‌و دیموكراسی بریتین لە سێ پێشنیازی بنەڕەتی، یەكەم: هەمواركردنی مادەی (٦٦)دەستوور، كە لەو مادەیەدا ناوی هەموو هاوڵاتییان هاتووە بە هاوڵاتیی توركی، پێویستە ئەوە بگۆڕدرێت بۆ هاوڵاتییانی توركیا، دووەم: لە مادەی (٤٣)داهاتووە، زمانی پەروەردەو خوێندن تەنیا زمانی توركییە، پێویستە بگۆڕدرێت بەوەی كە هەموو مەزهەب‌و كەلتوورەكان بە زمانی خۆیان بخوێنن كە لەناو توركیا دەژین، سێیەم: دابینكردنی بودجە بۆ هەر پارتێك كە لە پەرلەماندا ئەندامی هەبێت.

لەلایەكی دیكەوە ئایلا ئاتا، سەرۆكی فراكسیۆنی بەدەپە رایگەیاند؛ ئەو خاڵانە بۆ پارتەكەمان هێڵی سوورن، ئەگینا پشتگیریی لەو هەوڵە ناكەین.

ئەم هەوڵەی ئەردۆگان بۆ ئەوەیە كە رێژەی دەنگی پێویست لەپەرلەمان مسۆگەر بكات بۆئەوەی ئەو هەمواركردنە پەسەند بكرێت. بەپێی دەستووری توركیا بۆ هەر هەمواركردن‌و بڕیاردانێكی چارەنووسساز، پێویستە (٣٦٧) ئەندام رەزامەندیی لەسەر بدەن، بەڵام لە ئێستادا پارتی دادوگەشەپێدان تەنیا (٣٣٧)كورسی لەپەرلەماندا هەیە، بۆیە پێویستی بە كورسی دیكە هەیە بۆئەوەی ئەو هەمواركردنە پەسەند بكرێت‌و بۆ ئەو مەبەستەش ئەردۆگان ناچارە گوێ لە داخوازییەكانی پارتە پۆپۆزسیۆنەكان بگرێت‌و هەروەها گرنگییەكی تەواو دەدات بە دەنگەكوردییەكان‌و دەنگی كەمە نەتەوەكان بۆئەوەی ئەو (٣٠)دەنگە كۆبكاتەوە.

بەپێی راگەیاندنی توركی، ئەو رەشنووسەی كە ئەردۆگان ئامادەی كردووە، خۆی لە (٢٠)خاڵدا دەبینێتەوە، كە گرنگترینیان بریتین لە: گۆڕانی شێوازی داخستنی پارتی سیاسیی لە توركیا لە بڕیاری دادگاوە بۆ بڕیاری پەرلەمان، هەروەها رێگەدان بە پێداچوونەوە بە بڕیارەكانی دادگاو دادگای سەربازیدا، دامەزراندنی سیستمێك بۆ چاودێریی دامودەزگاكانی حكومەت، دادگاییكردنی هەموو ئەوكەسانەی كە نیازی ئەنجامدانی كودەتایان هەیە. هەروەها خاڵەكانی دیكەی رەشنووسەكە بریتین لە زیاتر دابینكردنی ماف بۆ هەریەك لە منداڵان‌و كەمە نەتەوەكان‌و ئافرەتان‌و چەند مەسەلەیەكی دیكەی كۆمەڵایەتی.

# دەستووری نوێ جیاوازیی دەخاتە نێوان گول‌و ئەردۆگانەوە

شاڵاو فەتاح


عەبدوڵڵا گول


رەجەب تەیب ئەردۆگان

رۆژی چوارشەممەی رابردوو (٢٠١٠/٣/٣٠)و لەدوای مشتومڕێكی زۆر، حكومەتی توركیا رەشنووسی دەستوورێكی ناردە پەرلەمانی توركیاو بانگەشەی ئەوەیكرد، كە دەستوورەكە لەگەڵ ستانداردەكانی بوونە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا، یەكدێتەوە.

ئەم دەستوورە بڕیارە لە ناوەندی ئەم مانگەدا (نیسانی ٢٠١٠) دەنگی لەسەر بدرێت لەلایەن پەرلەمانتارانی توركیاوە، بەڵام هێشتا ئەوە یەكلایی نەبووەتەوە، كە ئایا دەستوورە پێشنیازكراوەكە ریفراندۆمی جەماوەریی بۆ دەكرێت، یان نا؟، چونكە ئەگەر دەستوورەكە (٣٦٧) دەنگ لە كۆی (٥٥٠) دەنگی پەرلەمانی توركیا بەدەستبێنێت، ئەوا عەبدوڵڵا گولی سەرۆكی توركیا دەتوانێت دەستوورەكە نەخاتە بەردەم رای جەماوەر بۆ پەسەندكردنی، بەڵام ئەگەر لەنێوان (٣٣٠-٣٦٧) دەنگ بێنێت، ئەوا گول ناچاردەبێت دەستوورەكە بخاتە ریفراندۆمی جەماوەرییەوە، جگە لە پارتی دادوگەشە، زۆرێك لە میدیای توركی‌و تەنانەت حیزبە ئۆپۆزسیۆنەكانیش (جگە لە جەهەپە) لەگەڵ هەمواركردنی دەستووردان، بەڵام كەمالیستە نیۆ-ناسیۆنالیستەكان‌و بەرپرسانی دادگای باڵاو پرۆعەسكەرییەكانی توركیا لەگەڵ گۆڕاندا نین‌و دژایەتی دەكەن.

دەستووری ئێستای توركیا ساڵی (١٩٨٢) لەپاش كودەتایەكی سەربازیی نووسرایەوە، كودەتاكە بە پاساوی نەهێشتنی مەترسی لەسەر كۆمارو پاراستنی دەستكەوتەكان ئەنجامدرا، بەڵام ئەم دەستوورە هەمیشە بووەتە هۆی ناكۆكیی نێوان پێكهاتە سیاسیی‌و رەگەزییەكانی ناو توركیا، هەر لەدوای دانانی دەستوورەكەوە پارتی كرێكارانی كوردستان (پەكەكە) دروستبوو، كە بانگەشەی سەندنەوەی مافە خوراوەكانی دەكرد بەهێزی چەكدار، ئەمە جگە لەوەی لە ناوخۆی توركیادا چەندین ململانێی سیاسیی قورس لەنێوان عەلمانیی‌و ئیسلامییەكاندا درووستبووە بەبێ ئەوەی فەزایەكی دیموكراتی ئەوتۆ خولقابێت، كە لایەنەكان بتوانن دەسەڵاتی تەواوی خۆیان مومارەسە بكەن.

فشارە دەرەكییەكان، بەتایبەت رێكخراوی یەكێتی ئەوروپا، كە توركیا دەیەوێت ببێتە بەشێك لەو رێكخراوە، ئەمە جگە لە ئەمریكاو هێزە ریفۆرمخوازەكانی ناوەوەی توركیا وای لە هەندێك لە هێزە سیاسییەكانی ئەو وڵاتە كردووە، كە بیر لە ریفۆرم بكەنەوە، ئەمەش بەتایبەت دوای ئەوەی جەماوەری توركیا لە تەممووزی ٢٠٠٧دا جارێكی دی متمانەیان بە پارتی دادوگەشە بەخشییەوەو (٤٦,٦٪)ی دەنگەكانیان پێبەخشی. ئەردۆگانیش بۆ جاری دووەم بووەوە بە سەرۆك وەزیران‌و زیاتر جەختی لەسەر گۆڕانكاریی بەگشتیی دەكردەوە، بەمدواییانە ئەكەپە زاتی ئەوەیكرد، كە باس لە گۆڕان لە دەستووردا بكات‌و رەشنووسی نوێی خۆی پێشكەش بە پەرلەمانی ئەو وڵاتە بكات، بەڵام ئەم هەنگاوە رووبەڕووی كاردانەوەیەكی توندی ئۆپۆزسیۆن (بەتایبەت جەهەپە)و هەندێك ئاژانسی دیكەی میدیای توركیا بووەوە، تەنانەت رۆژنامەیەكی وەك حورییەت دەیلی نیوز دەستوورەكەی بە جۆرێك لە دەسەڵات قۆرغكردن لەقەڵەمداو وتی: هیچ كەس هێندەی ئێمە داوای دەستوورێكی راستەقینە ناكات، بەڵام ئەو ئەرگومێنتە رەتدەكەینەوە، كە ئەم دەستوورە پێشنیازكراوە ئەوە بێت، كە ئێمە دەمانەوێت، لەژێر فشارێكی زۆردا ئەكەپە ناچاركرا جارێكی دیكە چاو بە دەستوورە پێشنیازكراوەكەدا بخشێنێتەوەو چەند گۆڕانكارییەكی تێدا ئەنجام بدات، ئەمەش دوای ئەوەی عەبدوڵڵا گولی سەرۆك وەزیرانی توركیا، هاوڕێكەی (ئەردۆگان)ی ئاگاداركردەوە لە موجازەفەكردن، چونكە دەستوورە پێشنیازكراوەكە داوای ئەوە دەكات، كە سەرۆكی سووپاو ژەنەراڵە پایەبەرزەكانیش وەك وەزیری حكومەت لەبەردەم دادگای باڵادا ئامادەبن لەكاتی پێویستدا، بەڵام ئەردۆگان‌و جێگرەكەی لە حكومەتدا (جەمیل چیچەك) سوورن لەسەر «بەرەو پێشچوون» لە خستنەبەردەمی دەستوور بۆ رای گشتیی.

یەكێك لە گەورەترین كێشەكانی ناو دەستوورە پێشنیازكراوەكە كێشەی دادوەرییە، بەپێی ئەم دەستوورە دادگای باڵای توركیا (١٩) دادوەری بۆ دادەنرێت، كە (١٦)یان لەلایەن سەرۆكی وڵاتەوە هەڵدەبژێردرێن‌و سیانیشیان لەلایەن پەرلەمانەوە. چەند لایەنێكی رەخنەی تێكەڵكردنی دەسەڵاتی دادوەریی‌و جێبەجێكردن دەكەن‌و دەڵێن؛ دەستوورەكە سەربەخۆیی داد ناهێڵێت، یەكێك لەوانە ئەحمەد نەجدەت سیزەرە، كە پێشتر سەرۆكی دادگای باڵاو دواتریش بووە دەیەمین سەرۆكی توركیا، سەزەر لەوبارەیەوە دەڵێت: «جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان بێمانا دەبێت‌و دەبێتە كۆكردنەوەی دەسەڵاتەكان»، لەلایەكی دیكەوە حەسەن گەرچەكەری داواكاری دادگای باڵای توركیاش نارەزایی دەربڕی‌و دەڵێت: دەنگ بە گۆڕانێك نادەم، كە لەگەڵ پرەنسیپەكانی دیموكراسییدا ویَكنەیەتەوە.

هەرچی هێزی گۆڕان لە توركیادا گەشەپێدەدات بریتییە لە یەكێتی ئەوروپاو ئەمریكاو پشتگیرییەكی زۆرینەی رێژەیی لەناوخۆدا، كە لەگەڵ گۆڕانێكی نەوعی دەستووری توركیادان. بەپێی راپرسییەك، كە لە دەزگای پۆڵمارك لەسەر گۆڕانكاریی لە دەستووری توركیا ئەنجامیدا، (٥٨٪)ی هاوڵاتییان لەگەڵ گۆڕانی دەستووردان، بەڵام (٢٠٪)ی دژایەتی دەكەن‌و ٢٢٪ی وەڵامیان «نازانم»ە، ئەمە جگە لەوەی لەسەر ئاستی دەرەوەش پشتگیریی دەستوورەكە دەكرێت. ئەگەمەن باغیشی، گەورە دانووستانكارو ئۆمێن رۆیجتێنی، بڕیاردەری پەرلەمانی ئەوروپا بە ئاشكرا خۆشحاڵی خۆیان بە گۆڕانكاریی لە دەستووری توركیادا دەربڕی، ئۆمین، پێیوابوو؛ كە ناوەڕۆكی دەستوورەكە دەبێت لەلایەن تەواوی هێزە سیاسییەكانی ناوخۆی توركیاوە مشتومڕی لەسەر بكرێت، بەڵام بەگشتیی «خۆشحاڵ» بوو بە هەواڵی گۆڕانكاریی لە دەستووردا، باغیش پێیوابوو؛ توركیا «ناتوانێت بە دەستوورێكی عەسكەرییەوە ببێتە ئەندامی یەكێتیی ئەوروپا». ئەمە جگە لەوەی چەندین بەرپرسی باڵای دیكەی رێكخراوی یەكێتیی ئەوروپا دەستوورەكەیان بە ئیجابیی لەقەڵەمدا.

# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یاسای بودجە پێشێلدەکات

راپۆرتی: رۆژنامە

لە رۆژی (٢٠١٠/٢/١١) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پاش بگرەو بەردەیەکی زۆر یاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی دارایی (٢٠١٠) بە ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) دەرکرد.

ئەو یاسایە یەکێک بوو لەو یاسایانەی چەندین کێشەو گیروگرفتی لێکەوتەوە، چەندین دانیشتنی یەک لەدوای یەکی لەسەر کرا، بەڵام لایەنەکان لەبارەی ناوەڕۆکەکەیەوە نەدەگەیشتنە رێکەوتن، بەڵام دواجار بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی وڵاتەوە، لایەنە سیاسییە باڵادەستەکان لەنێوان خۆیاندا رێکەوتن تا پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی پەسەند بکرێت.

ئەوەی جێی نیگەرانیی‌و سەرسوڕمانە، ئەنجومەنی نوێنەران کە خۆی یاساکەی دەرکردووە، پاش یەک مانگ، پێش هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە ئەو یاسایەی پێشێلکردووە، بەتایبەتی ئەو مادەیەی کە تایبەتە بە دامەزراندنی فەرمانبەران.

لە خاڵی دووەمی مادەی (٢١)ی بەشی چوارەمدا هاتووە؛ «تا دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی خزمەتی گشتیی ئیتیحادی، هیچ دامەزراندنێک ئەنجام نادرێت بۆ ئەو وەزیفانەی کە لە بودجەی گشتیدا بۆ ساڵی دارایی (٢٠١٠)دا هاتووە، کە (١١٥) هەزار پلەی وەزیفییە».

ئەوەی شاراوە نییە ئەو خاڵە لە بودجەدا پاش کێشمەکێشێکی زۆر بۆ ئەوە دانرا تا ئەنجومەنی وەزیران‌و خودی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران، دامەزراندنی فەرمانبەران نەکاتە هۆکارێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

زۆرێک لە لایەنەکان لەو بڕوایەدابوون ئەگەر ئەو خاڵە لە یاسای بودجەدا نەبێت، ئەوا حکومەت لە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا هەزاران فەرمانبەر دادەمەزرێنێت.

بەو خاڵە پەرلەمان دەستی حکومەتی بەستەوە، بەڵام خودی سەرۆکایەتی پەرلەمان، یاساکەی پێشێلکردو پاش مانگێک لە دەرچوونی یاساکە ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری دامەزراندووە.

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەک کە دەستی رۆژنامەکەمان کەوتووەو بە ژمارە (هر/٣١/٢/١٠) لە رۆژی (٢٠١٠/٣/١٥) بە ئیمزای مستەفا سامر عەبدولجەبار لە نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە دەرچووە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دانیشتنی رۆژی (٢٠١٠/٣/١٤) بڕیاری دامەزراندنی چەندین فەرمانبەری لەسەر بەشی نووسینگەی سەرۆک، نووسینگەی جێگری یەکەمی سەرۆک‌و نووسینگەی جێگری سەرۆک بەمشێوەیە داوە:

• لیستی نووسینگەی سەرۆک بە زنجیرەی ناوی (١- عەلی قاسم محەمەد) دەستپێدەکات‌و بە زنجیرەی ناوی (١٦- سومەیە سدیق محەمەد) کۆتایی پێدێت.

• لیستی نووسینگەی جێگری یەکەم بە زنجیرەی ناوی (١- فازیل عەلاوی عەباس) دەستپێدەکات‌و بە زنجیرەی ناوی (٧٠- موهەنەد یاسین خزەیر) کۆتایی پێدێت.

• لیستی نووسینگەی جێگری دووەمی سەرۆک بە زنجیرەی ناوی (١- ئەحمەد موسا ئەحمەد) دەستپێدەکات‌و بە زنجیرەی ناوی (٢٤- سەعدیە عەباس حەسەن) کۆتایی پێدێت.

سەرەڕای ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو پێشێلکارییە زەقەی کردووە، لەوەش خراپتر زۆربەی ئەو کەسانەی دامەزرێنراون خاوەنی تواناو لێوەشاوەیی نین تا لە ئەنجامی زەرورەتەوە بڕیاری دامەزراندنیان درابێت‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان ناچار بووبێت یاسایان بۆ پێشێل بکات.

لە بەڵگەنامەکەدا بەرامبەر هەر ناوێک بڕوانامەی ئەو کەسەی پێشنیازی دامەزراندنی کراوە، نووسراوە، زۆربەی زۆری ئەوانەی بڕیاری دامەزراندنەکەیان دراوە، بڕوانامەکەیان لە خوار بەکالۆریۆسەوەیەو دەرچووی زانکۆ نین:

لەو (٢٤) ناوەی نووسینگەی عارف تەیفور جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، وەک پشکی هاوپەیمانیی کوردستان پێشنیازیکردووە بۆ دامەزراندن، (١٠) کەسیان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، (٣) کەسیان بڕوانامەی دیبلۆمیان هەیە، (٧) کەسیان دەرچووی ئامادەیین، (٢) کەسیان دەرچووی ناوەندیی‌و (٢) کەسی دیکەیان لە پەنا ناوەکانیاندا نووسراوە (بدون مؤهل).



ئەوە نەبێت تەنیا ئەوانەی ها و پە یما نیی کوردستان بەوشێوەیە بێت، بەڵکو لەو (٧٠) ناوەی نو و سینگە ی خالد عەتیە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیازیکردووە، تەنیا (٣٢) کەسیان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، (٨) کەسیان هەڵگری بڕوانامەی دیبلۆمن‌و (٩) کەسیان دەرچووی ئامادەیین‌و (٧) کەسیان دەرچووی ناوەندین، (٦) کەسیان دەرچووی سەرەتایین‌و (٦) کەسیان لەپاڵ ناوەکانیاندا نوسراوە (بدون مؤهل)، (٢) کەسیشیان نووسراوە (دووبارە دامەزراندن).

# حەوت کورسییە قەرەبووەکە، دەدرێن بە کێ؟

راپۆرتی: بەهادین یوسف

تا ئێستا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، (کاندیدەکانی) (٧)کورسییە قەرەبووەکەی یەکلایی نەکردووەتەوەو دەسەڵاتی داوەتە لیست‌و قەوارە سیاسییە براوەکان بۆ ئەوەی کاندیدی خۆیان دیاریبکەن‌و دادگای باڵای فیدراڵیش، دەسەڵاتەکە دەداتە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی بەپێی یاساو رێنماییەکانی ئەو پرسە یەکلاییبکاتەوە.

بەپێی مادەی (١)ی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)، ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک کورسی پێکدێت بەپێی دوا ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی، بەمەرجێک رێژەی کورسییە قەرەبووەکان (٥٠٪)ی لەنێواندا هەبێت‌و لەگەڵ بەخشینی کورسی کۆتا، بەو پێیەش ژمارەی کورسییە قەرەبووەکان بە (٧)کورسی دانرا لەگەڵ (٨)کورسی بۆ کۆتای (مەسیحی، شەبەک، ئێزدی، سابیئە).

هەروەها مادەی(١٧و١٨)ی یاسای هەڵبژاردنەکان کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەک خۆی‌و بەبێ هەمووارکردن هێشتییەوە، دەڵێت: ژمارەی دەنگە راستەکان بەسەر کۆی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دابەشدەکرێت‌و کۆی ئەو دەنگانەی کە کیانێک بەدەستیهێناون بەسەر تێکرای نیشتمانیدا دابەشدەکرێن، لەبڕگەیەکی دیکەی مادەکەدا هاتووە: سەرەتا کورسی قەرەبوو بەسەر ئەو قەوارە سیاسییانەدا دابەشدەکرێت کە هیچ نوێنەرایەتییەکیان لە بازنەکانی هەڵبژاردندا بەدەست نەهێناوە، بەڵام بڕی تێکرای نیشتمانیان بەدەستهێناوەو ئەو کورسییانەی کە دەمێننەوە بەسەر ئەو قەوارانەدا دابەشدەکرێن کە نوێنەرایەتییان لەبازنەکانی هەڵبژاردندا هەیە، ئەویش بەپێی رێژەی ژمارەی دەنگەکانیان لەکۆی دەنگەکان‌و مادەی (١٨)ش دەڵێت: قەوارە سیاسییەکان ناوی پاڵێوراوانیان پێشکەشدەکەن بۆ دەستکەوتنی کورسی قەرەبوو.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو دوو بڕگەیەی مادەکە بۆ هەڵبژاردنێک دەرکراوە کە بەسیستمی لیستی داخراو ئەنجامدراوە، کە دواتر ئەنجومەنی نوێنەران یاساکەی هەموارکردووەو سیستمی هەڵبژاردنەکەی گۆڕی بۆ لیستی نیمچە کراوە.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتەداو دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ دابەشکردنی کورسییە قەرەبووەکان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رۆژی(٢٠١٠/٣/٢٨) نووسراوی ژمارە (خ/٢٨٨/١٠)ی ئاڕاستەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کردووە بۆ ئەو مەبەستەو وێڕای روونکردنەوەی بڕگەو مادە یاساییەکانی تایبەت بە کورسیی قەرەبوو، ئاماژەیان بەوەکردووە، کۆی ئەو مادەو بڕگانەی کە لە یاسای هەڵبژاردندا هاتوون، تایبەتن بە سیستمی داخراو و جگە لە نیزامی ژمارە (٢١)ی دابەشکردنی کورسییەکان کە کۆمسیۆن ساڵی (٢٠١٠) دەریکردووەو بەوپێیە ئەو دەنگەی کە پاڵێوراوێکی سەرنەکەوتوو هێناویەتی لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا دابەشدەکرێت بەسەر لیستەکاندا لە بازنەیەکی هەڵبژاردنداو دواتر کورسی قەرەبوو دەدرێت بەو کاندیدەی کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا، بۆ ئەو مەبەستەش داوای رای دادگای فیدراڵی دەکەن.

رۆژی دواتر دادگای باڵا، لیژنەیەکی (٩)کەسی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگا پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە داواکەی کۆمسیۆن‌و چۆنێتیی دۆزینەوەی رێگەچارەیەک‌و دواتر بە نووسراوی ژمارە (٢٧/اتحادیە)، لە (٢٠١٠/٣/٣٠) وەڵامی نووسراوی کۆمسیۆنی داوەتەوە بۆ چۆنێتیی دیاریکردنی ناوی ئەو کاندیدانەی کە کورسی قەرەبوویان بەردەکەوێت‌و ئاماژە بەوە دەکەن: «ئەو پرسە ناکەوێتە چوارچێوەی پسپۆڕیی دادگای فیدراڵییەوەو دەکەوێتە چوارچێوەی کارەکانی کۆمسیۆنەوەو بڕیاری تایبەتیشیان سەبارەت بەو پرسە، قابیلی تانە لێدانە لەلایەن دادگای قەزایی تایبەتەوە».

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەسەڵاتی دانانی کاندید بۆ کورسییە قەرەبووەکان، دراوەتە دەست ئەو چوار قەوارە سیاسییەی کە کورسییەکانیان بەردەکەوێت، بەو مەرجەی کاندیدەکە ناوی هەبێت‌و بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کردبێت‌و ناوەکەی پەسەندکرابێت‌و بڕیارەکەش قابیلی تانە لێدان نییە».

ئاماژەی بەوەشکرد، «ئەو کاندیدانەی ئەو کورسییەیان بەردەکەوێت، لەسەر هیچ پارێزگایەک ئەژمار ناکرێن‌و لەسەر کورسییە نیشتمانییەکان ئەژماردەکرێن».

لە ئێستادا بەشێکی زۆری کاندیدە دەرنەچووەکان لە کیان‌و حیزبە بەشدارەکانی بەشدار لەو چوار هاوپەیمانێتییەدا، داوای ئەو کورسییە قەرەبووە دەکەن‌و تا ئێستا هیچکام لەو چوار لیستە براوەیە، کاندیدی خۆیان بۆ ئەو کورسییە قەرەبووانە دەستنیشان نەکردووە.

بە رای شارەزایان‌و پسپۆڕانی ئەو بوارەو بە لەبەرچاوگرتنی کۆی ئەو دەنگانەی لیستەکان لەهەر پارێزگایەکدا بەدەستیانهێناون‌و نەگەیشتوونەتە ئاستی کورسییەک بەپێی (قاسمی ئیتیخابی)، دەکرێت دابەشکردنی کورسییەکانی قەرەبوو بەسەر چوارلیستە براوەکەدا، بەمشێوەیە دابەشبکرێن: «دوو کورسی قەرەبووی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی لە (کەرکوک‌و سەلاحەدین)، دوو کورسی قەرەبووی دەولەتی یاسا لە (سەلاحەدین‌و موسڵ)، دوو کورسی قەرەبووی لیستی عێراقییە لە (نەجەف‌و موسەنا)، یەک کورسی قەرەبووی لیستی هاوپەیمانیی لە (بەغدا)».

**ئەمەش خشتەی ئەو دەنگانەیە کە ئەو لیستانەی کورسی قەرەبوویان بەردەکەوێت‌و لەهەر پارێزگایەکدا هێناویانەو نەگەیشتووەتە ئاستی کورسییەک:**

| ژمارە | ناوی کیان | پارێزگا | کۆی دەنگەکان |
|---|---|---|---|
| 316 | ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی | کەرکوک | 14,230 |
| 316 | ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی | سەلاحەدین | 22,430 |
| 337 | ئیئتیلافی دەولەتی یاسا | سەلاحەدین | 32,815 |
| 337 | ئیئتیلافی دەولەتی یاسا | موسڵ | 17,475 |
| 333 | عێراقییە | نەجەف | 30,810 |
| 333 | عێراقییە | موسەننا | 18,205 |
| 372 | لیستی هاوپەیمانیی | بەغدا | 23,263 |

# بۆشایی دەستووریی لە عێراقدا دروستدەبێت

راپۆرتی: رۆژنامە

بە بیانووی تەواوبوونی خولەکەیانەوە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کارەکانی پەرلەمان رادەگرێت‌و بەڕای شارەزایانیش ئەو بڕیارە بۆشاییەکی یاسایی‌و دەستووریی لە عێراقدا دروستدەکات.

سیروان زەهاوی، ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رەخنەی لەو بڕیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمان گرت، کە داوای خانەنشینکردنی پەرلەمانتارانی ئەم خولەو وەستاندنی پەرلەمانیان کردووە، ئاماژەی بەوەدا، سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەر پەرلەمانتارن‌و لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەستنیشانکراون بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان‌و کارەکان دەسەڵاتی ئەوەیان نییە پەرلەمان بوەستێنن‌و بۆشاییەکی یاسایی‌و دەستووریی پێکبهێنن، ئەگەر کێشە لە عێراق دروست بوو کێ چاودێریی حکومەت دەکات.

بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیەش، هەفتەی رابردوو چەند پەرلەمانتارێک سەردانی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووەو بە وتەی ئەوان سەرۆکایەتی دانیان بەوەدا ناوە، کە بڕیارەکەیان هەڵە بووەو بۆ چارەسەری ئەوەش داوایان لە دادگای فیدراڵی کردووە، ئەوە یەکلاییبکاتەوە کە خولەکەیان بەردەوام بێت، یان بوەستێت.

دادگای فیدراڵیی عێراقیش لە (٣/١٤) وەڵامی بەوە داونەتەوە کە پێشوەخت لە مادەی (٥٦)ی دەستووردا ئەوە دیاریکراوە کە پێویستە بەر لە (٤٥)رۆژ لە تەواوبوونی خولی پەرلەمان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی ئەنجامبدرێت، بەوپێیەش دەبوو هەڵبژاردن لە (١/٣٠) بکرایە، چونکە ئەم خولەی پەرلەمان لە (٢٠٠٦/٣/١٥) هەڵبژێردراوەو لە (٢٠١٠/٣/١٥) کۆتاییان دێت.

لەوبارەیەوە سیروان زەهاوی ئەوەشی خستەڕوو، کە لە مادەی (٥٦)ی دەستووردا دەڵێت، پەرلەمان بۆ (٤)ساڵ هەڵدەبژێردرێت، بەڵام خاڵێکی دیکەی خستووەتەڕوو کە (٤٥)رۆژ بەر لە تەواوبوونی خول، هەڵبژاردنەکە دەکرێت، واتە دەبوو لە (١/٣٠) هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بکرایە، نەک (٣/٧)، کە ئەمە بۆخۆی پێشێلکردنی یاساو دەستوورە کە کراوە.

بەوتەی شارەزایانی دەستووریی‌و یاسایی، بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کاری سەرۆک کۆماریش رادەوەستێت.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاشکرایکرد، کە لە مادەی (٧٢)ی دەستووری عێراقیدا هاتووە، بە تەواوبوون‌و راوەستانی خولی پەرلەمان، کارەکانی سەرۆک کۆماریش رادەوەستن، بەوپێیە بۆشاییەکی یاسایی‌و دەستووریی فراوان لە عێراق دروست دەبێت تا خولی نوێ دەستبەکاردەبن، ئەمەش خاڵێکی مەترسیدارەو ناکرێت وڵات لە بۆشاییەکی دەستووریی ئاوهادا بڕوات بەڕێوە.

شارەزایانی کاروباری پەرلەمانیش، گومانیان لەو بڕیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بڕیاری لەوجۆرەیان دابێت، چونکە لە خولی داهاتوودا خۆیان کاندید کردووەتەوەو دەیانەوێت بە پۆست‌و پلەی سەرۆک‌و جێگری سەرۆکی پەرلەمان خانەنشین بکرێن، بەوپێیە ئەگەر خولی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا بە پلەی پەرلەمانتار دەمێننەوە.

ئەم بڕیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق لەکاتێکدایە، کە خۆیان وەک سەرۆکایەتیی، لە کارەکانیان بەردەوامن بە بیانووی ئەوەی ئەوان ماونەتەوە تا کارەکانی سەرۆکایەتی رادەستی سەرۆکایەتی پەرلەمانی داهاتوو دەکەن.

د.رەئوف عوسمان پەرلەمانتاری خولی پێشوو، پێیوابوو، کە ئەوە بیانوویەکی راست نییەو ئەگەر وابێت، ئەوا پەرلەمانتارانیش کارەکان رادەستی پەرلەمان دەکەن‌و ئەمە جگە لەوەی کە نابێت سەرۆکایەتی ئەوەیان لەیادبچێت، کە ئەوانیش هەر پەرلەمانتارن‌و بڕیارەکان بەسەر خۆشیاندا جێبەجێدەکرێن.




# هێڵی گەنجان

- مانگانە ١٠٠ کورتەنامەی بێبەرامبەرت بەدەست دەکەوێت
- بەشداربوونێکی بێبەرامبەر لە خزمەتگوزاریی (دۆستان) کە ڕێت پێدەدات بە تەنها ٧٠ دینار لەگەڵ ٥ ژمارەدا قسە بکەیت کە خۆت هەڵیان دەبژێریت.
- بەشداربوونێکی بێبەرامبەر لە خزمەتگوزاریی بای بای کە ڕێت پێدەدات ڕێگە لە هاتنی پەیوەندی و نامە بگریت لە ٥ ژمارە کە خۆت دیاری دەکەیت.
- داشکاندن بە ڕێژەی ٧٥٪ لە نرخی ئینتەرنێت.

| جۆری پەیوەندی | نرخ بە دیناری عێراقی | |
|---|---|---|
| | ٩ ی بەیانی– ١٢ ی شەو | ١٢ شەو – ٩ ی بەیانی |
| ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٩٥ دینار بۆ دەقیقەیەک | ١٢ دینار بۆ دەقیقەیەک |
| ئاسیاسێڵ بۆ تۆڕەکانی تر | ١١٠ دینار بۆ دەقیقەیەک | |
| کورتەنامە لە ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | ١٢ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک |
| کورتەنامە بۆ تۆڕەکانی تر | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە نێودەوڵەتییەکان | ١٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| نامەی دەنگ و ڕەنگ MMS | ١٢٠ دینار بۆ هەر نامەیەک | |
| ئینتەرنێت | ١٢ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت | ٣ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت |

## ماوەی بەکارهێنانی کارتەکانی باڵانس لە جۆری دینار:

| کارتی باڵانس | ماوەی بەکارهێنان | | بڕی باڵانس |
|---|---|---|---|
| | هێڵی پریپەید | هێڵی گەنجان | |
| ٥,٠٠٠ دینار | ٤٥ ڕۆژ | ٢٥ ڕۆژ | ٥,٠٠٠ دینار |
| ١٠,٠٠٠ دینار | ١٠٠ ڕۆژ | ٦٠ ڕۆژ | ١٠,٠٠٠ دینار |
| ٢٥,٠٠٠ دینار | ١٨٠ ڕۆژ | ١٥٠ ڕۆژ | ٢٥,٠٠٠ دینار |
| ١٠٠,٠٠٠ دینار | ١٨٠ ڕۆژ | ١٨٠ ڕۆژ | ١٠٠,٠٠٠ دینار |

## ماوەی بەکارهێنانی کارتی باڵانس لەجۆری دۆلار [لە کاتێکدا هەبێت]:

| کارتی باڵانس | ماوەی بەکارهێنان | | باڵانسی هاتوو |
|---|---|---|---|
| | هێڵی پریپەید | هێڵی گەنجان | |
| $٥ | ٥٠ ڕۆژ | ٣٠ ڕۆژ | ٦,٠٠٠ دینار |
| $١٠ | ١٢٠ ڕۆژ | ٧٠ ڕۆژ | ١٢,٠٠٠ دینار |
| $٢٠ | ٢٥٠ ڕۆژ | ١٥٠ ڕۆژ | ٢٤,٠٠٠ دینار |
| $٣٠ | ٣٨٠ ڕۆژ | ٢٤٠ ڕۆژ | ٣٦,٠٠٠ دینار |
| $٥٠ | ٣٨٠ ڕۆژ | ٣٨٠ ڕۆژ | ٦٠,٠٠٠ دینار |
| $١٠٠ | ٣٨٠ ڕۆژ | ٣٨٠ ڕۆژ | ١٢٠,٠٠٠ دینار |

## نرخی هێڵەکانی ئاسیاسێڵ

- نرخی هێڵی پریپەید ٦٠٠٠ دینارە و ٣٥٠٠ دینار باڵانسی بێبەرامبەری تێدایە
- نرخی هێڵی گەنجان ١٢٠٠٠ دینارەو ١٢٠٠ دینار باڵانسی بێبەرامبەری تێدایە لەگەڵ ١٢٠٠ بەشداربوونی مانگانە

تەنها کۆمپانیا کە ١٨ پارێزگا دەگرێتەوە

اسياسيل
کۆماندەکاتەوە

# لـــەبـــەر ئـــەوەی دینار دراوی خـــۆمـــــانه

# لەمەودوا بەدینار پەیوەندییەکەت ئەنجام دەدەیت

کارتەکانی پڕکردنەوەی باڵانس ئێستا بە جۆری (٥٠٠٠ – ١٠٠٠٠ - ٢٥٠٠٠ – ١٠٠٠٠٠) دیناری دابین کراوە

## هێڵی پریپەید

| جۆری پەیوەندی | نرخ بە دیناری عێراقی | |
|---|---|---|
| | ٩ ی بەیانی– ١٢ ی شەو | ١٢ شەو – ٩ ی بەیانی |
| ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٩٥ دینار بۆ دەقیقەیەک | ٢٥ دینار بۆ دەقیقەیەک |
| ئاسیاسێڵ بۆ تۆڕەکانی تر | ١١٠ دینار بۆ دەقیقەیەک | |
| کورتەنامە لە ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە بۆ تۆڕەکانی تر | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە نێودەوڵەتییەکان | ١٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| نامەی دەنگ و ڕەنگ MMS | ١٢٠ دینار بۆ هەر نامەیەک | |
| ئینتەرنێت | ١٢ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت، ڕۆژی هەینی : ٦ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت | |

### خزمەتگوزاریی ئاسیاسێڵ بە چرکە

بۆ بەشداربووانی ئەم خزمەتگوزارییە نرخ لەسەر بنەمای ١٠ چرکە ئەژمار دەکرێت وەک ئەم خشتەیەی لای خوارەوە:

| جۆری پەیوەندی | نرخ بە دیناری عێراقی |
|---|---|
| ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٢٤ دینار بۆ هەر ١٠ چرکەیەک |
| ئاسیاسێڵ بۆ تۆڕەکانی تر | ٣٦ دینار بۆ هەر ١٠ چرکەیەک |
| کورتەنامە لە ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک |
| کورتەنامە بۆ تۆڕەکانی تر | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک |
| کورتەنامە نێودەوڵەتییەکان | ١٥٠ دینار بۆ کورتەنامەیەک |
| نامەی دەنگ و ڕەنگ MMS | ١٢٠ دینار بۆ هەر نامەیەک |
| ئینتەرنێت | ١٢ دیناربۆ هەر ١٠ کیلۆبایت |

### هێڵی پۆستپەیدی ئاسیاسێڵ

| جۆری پەیوەندی | نرخ بە دیناری عێراقی | |
|---|---|---|
| | ٩ ی بەیانی– ١٢ ی شەو | ١٢ شەو – ٩ ی بەیانی |
| ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٧٠ دینار بۆ دەقیقەیەک | ١٢ دینار بۆ دەقیقەیەک |
| ئاسیاسێڵ بۆ تۆڕەکانی تر | ٩٥ دینار بۆ دەقیقەیەک | |
| کورتەنامە لە ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە بۆ تۆڕەکانی تر | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە نێودەوڵەتییەکان | ١٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| نامەی دەنگ و ڕەنگ MMS | ١٢٠ دینار بۆ هەر نامەیەک | |
| ئینتەرنێت | ١٢ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت، ڕۆژی هەینی : ٦ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت | |

بڕی پارەی خەوێنراو:

| جۆری پەیوەندی | بڕی پارەی خەوێنراو ئۆفەری ١ | بڕی پارەی خەوێنراو ئۆفەری ٢ |
|---|---|---|
| پەیوەندیی ناوخۆ | ١٨٠,٠٠٠ دینار | ٩٠,٠٠٠ دینار |
| پەیوەندیی نێودەوڵەتی + پەیوەندیی ناوخۆ | ٣٦٠,٠٠٠ دینار | ١٨٠,٠٠٠ دینار |
| گەڕانی وڵاتان + پەیوەندیی نێودەوڵەتی+ پەیوەندیی ناوخۆ | ٦٠٠,٠٠٠ دینار | ٦٠٠,٠٠٠ دینار |

www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

## د. ئیسماعیل شکور:

# دەبێت چاودێری دارایی لێکۆڵینەوە لە پرۆژە وەهمیەکاندا بکات

سازدانی: هەستیار قادر

**د. ئیسماعیل شکور، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، کەموکوورییەکانی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوەو لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا باس لەوە دەکات؛ بەهۆی دواکەوتنی بودجەی هەرێمەوە هیچ وەزارەتێک ناتوانێت کاروبارەکانی بەڕێوەببات.**

**ڕۆژنامە: لە ڕووی عورفی ئابووریی‌و یاساییەوە، پێشکەشکردنی بودجە لەلایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان چۆن دەبێت؟**

* لەجیهاندا کە بوجە دادەنرێت، تەنیا لە ئەمریکا نەبێت لەمانگی تەممووزەوەیە، ئەگەرنا لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی هەموو ساڵێک دەبێت دەستبکرێت بە خەمڵاندنی بودجە، ئەم خەمڵاندنەش لە شارو شارۆچکەکانەوە دەستپێدەکات، کە پێداویستییەکانیان چییە، ئەوکاتە بـەرزی دەکـانـەوە بۆ پارێزگاکان‌و ئەوانیش دوای تاووتوێکردنی لەگەڵ لایەنی بەرپرس دەتوانن پوختەیەک لەو پلانانەی کە دانراون پوختەبکەن‌و بیبەنە وەزارەتـی دارایـی‌و لەو وەزارەتـەش تاوووتوێی دەکـەن، کە ئایا تا چەند توانا هەیە، لەپاش ئەوەی وەزارەتـی داراییش لەگەڵ پارێزگاکاندا تاووتوێی دەکات، وەک لە وڵاتانی فیدراڵیدا یان پەرلەمانیدا هەیە، دەبێت لە (١٥)ی مانگی ئەیلول تا (١٥)ی تشرینی یەکەم لە ئەنجومەنی وەزیران تاووتوێبکرێتەوەو هەر وەزارەتەو بەپێی پێویستییەکانی لە بێژنگی بدات، دانانی میزانییە مەرج نییە هەموو شتێکی تێدابێت، بودجە وەک گیرفانی پیاوێکە کە دەچێتە بازاڕو پێداویستییەکانی زۆرە، بەڵام کامەیان زۆر پێویستە ئەوە دەکڕێت.

دەبێت لە (١٥)ی مانگی ئەیلولدا بودجە بگاتە پەرلەمان، پەرلەمان بـۆی هەیە بـودجـەکـە کەمبکاتەوە یان گواستنەوە (موناقەلە) بکات لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی دیکەو بۆشی هەیە چاودێر بێت لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی بودجە، ئەگەر خەرجییەکان شەفافیەتی تێدانەبوو، پەرلەمان بۆی هەیە لێپێچینەوە لەو وەزارەتانە بکات، دواتر دەبێت ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایـی‌و ڕاپـۆرتـی خەرجی پـارە بە خەمڵاندن هەبێت، کە چەند پاشەکەوت ماوەتەوە بگەڕێنرێتەوە.

نابێت وەزارەتێک شانازیی بکات بـەوەی، کە بۆ نموونە (١٠٠) ملیۆن دیـنـاری بۆ دانـــراوەو (٥٠) ملیۆنی خەرجنەکردووەو بڵێت دەیگەڕێنمەوە بۆ حکومەت، دەبێت ئەو وەزارەتە لەسەر خەرجنەکردنی بودجەکەی لیپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، لە پەرلەمان بۆ ماوەی مانگێک تا دەگاتە (٢٠)ی تشرینی دووەم دەبێت دەنـگ لەسەر بوجە بدرێت‌و نابێت لە (١)ی کانونی یەکەم تێپەڕبکات، بۆ ئـەوەی لەمانگی (١)ی ساڵی تازە ئامادەبێت بۆ ئەوەی دابەشبکرێت بەسەر هەموو وەزارەتەکاندا تا پرۆژەکانی وەبەرهێنان دوانەکەێت، ئەمە شێوەیەکی ڕاستی ئامادەو پەسەندکردنی بودجەیە.

**ڕۆژنـامـە: پەسەندکردنی بودجە لە پەرلەمانی عێراق بەم ئالیەتەدا دەڕۆیشت؟**

* جگە لە ناجێگیریی ئاسایشی عێراق، هۆکارەکانی دواکەوتنی بودجە لە پەرلەمانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە چەند لیژنەیەکی پەیوەندیداری پـەرلـەمـان وەزارەت بە وەزارەت ڕاپۆرتیان لێ داواکـراوە سەبارەت بە پێداویستی‌و خەرجییەکانیان، ئێمە بەر لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لە پەرلەمان، زیاتر لە (١١) دانیشتنمان لەگەڵ وەزارەتەکانی نەوت‌و پلاندانان‌و دارایی‌و بانکی ناوەندیدا کردووە.

**ڕۆژنامە: دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی هەرێم چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

* ئێمە لە پەرلەمانی عـێـراق لە (٢٠٠٦/١/٢٧) دەنگمان لەسەر بودجە دا، هەروەها لە (٢٠٠٨/١) دەنگمان لەسەر بودجە دا، هەروەها لە (٢٠٠٩/٣) دەنگمان لەسەر بودجە دا، پاشان لە (٢٠١٠/٢) دەنگمان لەسەر بودجە دا، بەڵام ئەوەی بەدیدەکرێت لە هەرێمی کوردستان، پەسەندکردنی بودجە دەکەوێتە مانگی حوزەیرانەوە، کە دەبێت لەو مانگەدا گەڵاڵەکردنی میزانییە تازەببێتەوە، ئەگەر بیانوویان دواکەوتنی بودجە بووبێت لە بەغدا، ئەوە پاساو نییە، دەیانتوانی کە (ئاوت لاین)ەکەیان وەرگرتووە بودجەی هەرێمی کوردستان بە تەخمینی بزانن، ئەمساڵ پەرلەمانی عێراق لە کۆتایی مانگی شوباتدا دەنگی لەسەر بودجە دا، ئێستا ئەوە مانگی نیسانەو لە هەرێمی کوردستان بودجە پەسەندنەکراوەو چوار مانگیش لەتەمەنی بودجەدا زۆر گرنگەو هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنان دوادەکەوێت، هیچ وەزارەتێک ناتوانێت کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات‌و زۆر لە پرۆژەکان دەوەستێت.

**ڕۆژنامە: پێتوایە هەمان مشتومڕیش لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر بودجەی هەرێم کرابێت، کە لە پەرلەمانی عێراق کراوە؟**

* دەبێت ئەو پرسیارە لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بـەڵام وەکـو پێدەچێت ئـەو هەموو کێشمەکێشەی کە لە پەرلەمانی بەغدا لەسەر بودجە دەکرێت، لە پەرلەمانی کوردستان نـەکـراوە، بـەڵام ئەمساڵ بارێک ڕەخسا کە نیمچە وتووێژێک بکرێت.

**ڕۆژنامە: لیستی هاوپەیمانیی لە پەرلەمانی بەغدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لەسەر بودجە شەڕ دەکات، بـــەڵام ئەنجامدانی ئـــەو شـــەڕە لە هەرێمی کوردستان بە پەکخستنی بودجە لەقەڵەمدەدرا، ئایا وێنەکە بەوشێوەیەیە؟**

* دوو شتی جیاواز هەیە، ئێمە لە بەغدا هەوڵی ئەوەماندا کورد لە ڕووی دارایـیـەوە زیـان نەکات، لە هەرێمی کوردستان پەرلەمان کاری ئەوە نییە، بەڵکو دەبێت چاودێربێت بەسەر چۆنێتی خەرجکردنی پارەکەوە، پەرلەمان مافی ڕەوای خۆیەتی، با ئۆپۆزسیۆنیش نەبێت موناقەشەی بودجە بکات، چونکە بەپێی یاسا پەرلەمان چاودێرە لەسەر خەرجکردنی دارایی‌و مافی خۆشیەتی بانگهێشتی وەزیر بکات‌و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، ئەگەر وەزارەتێک پارەکەی بەفیڕۆ داوە یان گەندەڵیی تێدایە، دەتوانن متمانەی لێ وەربگرنەوە، کە داوای شەفافیەت بکەیت مانای ئەوە نییە دژی حکومەتیت، بەڵکو دەتەوێت حکومەتەکە بە ڕێگایەکی ڕاستدا ببەیت، پێشموایە کەس ڕێگرنەبووە لە دواخستنی بودجە، بەڵام نەبوونی شەفافیەت وایکردووە کە خەڵک بڵێت بەوشێوەیە قبوڵی ناکەم.

جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە، لەکاتی هاتنی بودجە یان هەر پرۆژەیاسایەکدا بۆ پەرلەمانی عێراق سێ خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەو شێوەیەیە کە لە حکومەتەوە هاتووە، لەو کاتەدا بواردەدرێت بە پەرلەمان کە ئایا قایلن بە بەردەوامبوون لە خوێندنەوەی بودجەکە یان ڕەتیدەکەنەوە، ئەگەر لاری نەبووبێت پاش سێ بۆ چوار ڕۆژ خوێندنەوەی دووەمی بۆ کراوەو لیژنەی تایبەت ڕاپۆرتی خۆی پێشکەشدەکات‌و بۆ هەموو پەرلەمانتارێکیش هەیە تاووتوێی مادەکانی ئەو پرۆژەیاسایە بکات‌و ڕەخنـەی لێبگرێت‌و داوای چاککردنی بکات، خوێندنەوەی سێیەمیش دوای چوار ڕۆژ لە خوێندنەوەی دووەم دەکرێت‌و لیژنەی تایبەت دوا ڕاپۆرت دەخوێنێتەوەو پێشنیازی دەستکاریی یاساکە دەخوێندرێتەوە، جیاوازییەکە لەوەدایە، کە لە پەرلەمانی کوردستان بە دوو قۆناغەو خوێندنەوەی یەکەم دەکرێت‌و دووەم خوێندنەوەش دەنگی لەسەر دەدرێت، هەڵەکە لێرەدایە کە دەبێت سێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

**ڕۆژنامە: بوونی پـرۆژەی وەهمیی حیزبیی لە بودجەکەدا، یان پارە بۆ پـرۆژەی تەواوکراو دانراوەتەوە، لە ڕووی لۆژیکی ئابوورییەوە ئەمانە قبوڵکراوە؟**

* پـەرلـەمـان مـافـی خـۆیـەتـی ڕەتیبکاتەوە، دیوانی چاودێری داراییش دەبێت لێپێچینەوە بکات.

**ڕۆژنامە: لێپێچینەوە لەگەڵ کێ بکات؟ ئەوەی کە بودجەکەی داناوە؟**

* نـەخـێـر، دەبـێـت وەزارەتـەکـە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئەگەر پرۆژەیەک تەواوبووبێت‌و دووبـارە پـارەی بۆ خەرجکرابێتەوە، مانای چییە؟ ئەگەر وەهمییش بێت، دەبێت ئەو وەزارەتە بانگهێشت‌و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت‌و ڕووبــەڕووی دادگـا بکرێتەوە.

**ڕۆژنـامـە: بـەڵام هەرێم لە غیابی چاودێرییەکی دارایی ئەکتیڤدایە؟**

* دیوانی چادێری دارایـی دەبێت ڕاپـۆرتـی ساڵانەی خـۆی بنووسێت دەربارەی ئەو بودجەیەی خەرجکراوەو ئاشکرای بکات بۆ خـەڵـک‌و بیداتە پەرلەمان، پەرلەمانیش مافی خۆیەتی بانگهێشتی چاودێری دارایـی بکات‌و وەزیـری پەیوەندیدار بەرامبەر بە دیوانی چاودێریی وەڵامی خۆی هەبێت، ئەگەر وەڵامەکان موقنیع نەبوو، ئەوکات پەرلەمان مافی خۆیەتی متمانەی لێوەربگیرێتەوە، وەک چۆن ئێمە لە بەغدا متمانەمان لە وەزیری بازرگانیی وەرگرتەوە.

**ڕۆژنامە: گەڕاندنەوەی بودجە بۆ حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە بەهۆی بوونی کێشە تیایدا هێڵی سوورە؟**

* بۆ هێڵی سوورە!، ئەسڵەن هێڵی سپییە، ئەگەر نەگەڕێتەوە هێڵی سوورە، پەرلەمان بۆی هەیە بودجە کەمبکاتەوەو دەنگی لەسەر بدات‌و حکومەتیش پابەندە کەمی بکاتەوە، ئەمساڵ حکومەتی عێراقی دووجـارو پاریش دووجـار داوایکرد بودجەمان بۆ گەڕاندەوە.

**ڕۆژنـامـە: نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکاندا کێشە نییە، لە بودجەی هەرێمدا وەزارەتـی دارایی هەرێم ئاماژەی بـەوەدا کە ئاگاداری داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نین؟**

* ئـەوە ناکرێت، دەبـێـت هەموو وەزارەتێک کە داهاتی هەبێت بینێرێتەوە بۆ خـەزێـنـەی هـەرێـم، بـەوەش کە خەرجنەکراوە دەبێتە داهاتێک بۆ بودجە، ئەوە وەک ئەوە وایە بڵێیت؛ بەشی خۆم بۆ خۆم‌و هی تۆش دەخۆم، چۆن دەبێت وەزارەتی دارایی ئاگای لە داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەبێت، لەکاتێکدا کە نەوت باشترین سەرچاوەی داهاتە لە کوردستان.

**ڕۆژنـامـە: حساباتی خیتامی لە پەرلەمانی کوردستان بووەتە گرێیەک، دەکرێت بەبێ ئەو حساباتە بودجە تاووتوێبکرێت؟**

* نەخێر، وەک ئەوەیە کە باوکت پارەت دەداتێ، کە تۆ پارەکەت خەرج نەکردبێت بۆ پـارەی دیکەت بداتێ؟ ئەی پارەکەی دیکەت چی لێکرد، دەبێت حساباتی لەگەڵ بکرێت، نەفەقاتی تەشغیلی کێشەی نییە، چونکە تۆ ناتوانین مووچەی فەرمانبەران نەدەیت، بەڵام کاتێک وەزارەتێک دەڵێت دوو هەزار فەرمانبەرم هەیە، دەبێت بوونیان هەبێت، ساڵی دووەم کە ڕێژەی فەرمانبەرەکان بە ڕێـژەی (٢٠٪) زیـاد بێت، دەبێت هـۆکـاری زیـادبـوونـەکـە بـزانـرێت، دەتوانیت موحاسەبەی وەزارەتەکان بکەیت لە خەرجی وەبەرهێناندا، کە ئایا لەچی بوارێکدا خەرجی کردووە؟ تەواوبووە یان نا؟ هۆکارەکانی چین؟ دەبێت وەزارەتـەکـەش بیگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت‌و ببێتەوە بە داهـات بۆ حکومەت، ناکرێت لە گیرفانتدا دایبنێیت.

**ڕۆژنامە: ئەگەر بەراوردێک بکەیت لەنێوان ڕێـژەی بـودجـەی هەرێم‌و تێکڕای داهاتی تاکەکەس لە هەرێمدا، جیاوازییەکی زۆر نابینرێت؟**

* ئەگەر بێت‌و زیادبوونی داهاتی تـاک لـەسـەر زیـادکـردنـی مووچەی فەرمانبەر بێت، ئەمە کارەساتە، چونکە ئەو پارەیەی کە وەریدەگریت بیکەیتە مـووچـە نـەتـەوەیـەکـی مشەخۆرت دەبێت، لە دنیادا نییە لە (١٨٪-٢٥٪) زیـاتـر لـە بـودجـە بـۆ مـووچـەخـۆر بێت، لە کوردستان ئەوەشمان لە چاو دنیادا زیـادەو لە (٢٥٪) زیاترە، داهاتی تاکەکەس بەرزنابێتەوە تاکو بایەخ نەدرێت بە بواری کشتوکاڵیی‌و پیشەسازیی، نرخی شتومەکیش لەنێوان ساڵی (٢٠٠٦و٢٠٠٨)دا، کە مووچەی فەرمانبەر زیادکرا، زۆر زیادیکردووەو هەڵاوسان دروستبووە، کەی ڕەوای هەقە لەنێوان هەولێرو موسڵدا کیلۆیەک گۆشت پێنج هەزار جیاوازیی هەبێت، دەتوانرا هەرێمی کوردستان بکرێتە بەهەشت ئەگەر ئـەو پارەیە لەبری ئەوەی بکرێتە مووچە بکرایەتە پرۆژەی وەبەرهێنانەوە.


د. ئیسماعیل شکور

**لە هەرێمی کوردستان، پەسەندکردنی بودجە دەکەوێتە مانگی حوزەیرانەوە، کە دەبێت لەو مانگەدا گەڵاڵەکردنی میزانییە تازەببێتەوە، ئەگەر بیانوویان دواکەوتنی بودجە بووبێت لەبەغدا، ئەوە پاساو نییە**

## حکومەتی هەرێم، لە سوودی قەرزێکی یەک ملیۆن دۆلارییان خۆشدەبێت

# پێشانگای DBXی نێودەوڵەتیی، لەسەر ژووری بازرگانیی سلێمانی تاپۆدەکرێت

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی


پێشانگای DBXی نێودەوڵەتیی لە سلێمانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆرترین کارئاسانیی بۆ ژووری بازرگانیی پیشەسازیی سلێمانی دەکات، لە کاتێکدا کە ئەم ژوورە خۆی بە ئەهلیی دەزانێت‌و چەندین سەرچاوەی دارایی گەورەی هەن، لەم رووەشەوە حکومەتی هەرێم، پێشانگای DBXی نێودەوڵەتیی لەسەر ژووری بازرگانیی سلێمانی تاپۆکردووەو لە سوودی یەک ملیۆن دۆلاری قەرزیش خۆشبووە کە لە بانکێکی حکومیی وەریانگرتووە.

کەمال حەمە عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە شارەوانیی سلێمانی، زەوی پێشانگای DBXی نێودەوڵەتی لەسەر ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانی تۆمارکردووەو بەقەرزیش هۆڵەکانیان لەسەر دروستکردووە.

پێشانگای DBXی نێودەوڵەتیی دەکەوێتە ناوچەی تاسڵوجە (٦کم باکووری خۆرئاوای سلێمانی)یەوەو لە ساڵی (٢٠٠٥)دا لەلایەن ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی عێراقی ئەمریکییەوە دروستکراوەو ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانیش بە قەرزێکی یەک ملیۆن دۆلاریی کە لە بانکێکی حکومیی وەریانگرتووە، ئەو پرۆژە گەورەیەیان کڕیوەتەوە.

سەرچاوەیەک لە ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانی بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد «لەو کاتەدا کە عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆک وەزیران بووە، ژووری بازرگانیی داوایان لێکردووە کە حکومەت لەو قەرزەو لە سوودی قەرزەکە خۆشبێت، کە (١٠٪)ی دەچێتە سەر قەرزە حکومییەکە، لەبەرامبەریشدا عیماد ئەحمەد، بەڵێنی پێداون لە قۆناغی یەکەمدا لە سوودەکەو لە قۆناغی دووەمیشدا لە قەرزەکە خۆشبن».

کەمال حەمە عەلی رەتیدەکاتەوە کە حکومەتی هەرێمی لەو قەرزە خۆشبووبێت کە لە بانکە حکومییەکە وەریانگرتووە، بەڵام نایشارێتەوە کە داوایان لە حکومەت کردووە، ئەو ملیۆنە دۆلارەیان بە قەرز نەدەنێ، بەڵام وەزارەتی دارایی رەزامەند نەبووە، بۆیە بووەتە قەرز لەسەریان.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی کارگێڕیی ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانی، وتیشی «ئەو قەرزە، سوودەکەی کەمەو لەجیاتی ئەوەی (١٠٪)سوودی بچێتە سەر، (٤٪)سوود لە ئێمە وەردەگیرێت».

ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانی کۆمەڵێک سەرچاوەی دارایی گەورەی هەیەو لەوانە، ئەو کۆمپانیایانەی کە کاڵاکانیان لە پێشانگای DBXی نێودەوڵەتیی نمایشدەکەن، لەبەرامبەردا دەبێت بڕێک پارە بدەنە ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانی، جگە لەوەی کە ئەم ژوورە سوودی مادیی لە ئەندامەکانی وەردەگرێت، کە دەیان هەزار ئەندامی هەیەو لە دەستگێڕێکەوە تا بزنسمانێک کراون بە ئەندامی ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانی.

# کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتیی، کاریگەریی نییە لەسەر ژێرخانی ئابووری

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

بڕیارە لەمساڵداو لە هەولێر ١٣و لە سلێمانی ٣ پێشانگای نێودەوڵەتیی بکرێنەوە. شارەزایەکی ئابووریش پێیوایە، کردنەوەی ئەو پێشانگا نێودەوڵەتییانە روویەکی سیاسییان هەیە زیاتر لەوەی ئابووریی بن.

لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە (٣٠) پێشانگای نێودەوڵەتیی کراونەتەوەو بڕیاریشە لەمساڵدا (٢٠١٠)دا ژمارەیەکی دیکە پێشانگای نێودەوڵەتیی بکرێنەوە. لەو پێشانگایانەدا بەرهەم‌و کەلوپەلی وڵاتانی دراوسێ‌و بیانیی دەهێنرێنە کوردستان‌و نمایشدەکرێن‌و دەفرۆشرێنەوە.

کەمال حەمە عەلی، سەرپەرشتیاری لیژنەی پێشانگاکان لە ژووری بازرگانیی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی ئەو گرێبەستانەی کە تا ئێستا کردوومانن، بڕیارە لەمساڵدا (٣)پێشانگا لەسلێمانی بکرێنەوە، قسەمان لە کردنەوەی چەند پێشانگایەکی دیکەیش کردووە، بەڵام تا ئێستا گرێبەستمان لەگەڵ نەکردوون.

هاوکات، عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیاری پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێریش رایگەیاند: لەساڵانی رابردوودا (٢٧) پێشانگای نێودەوڵەتیی لەهەولێر کراونەتەوەو لەسەرەتای ئەمساڵیشدا (٣) پێشانگا کراونەتەوەو بەپێی ئەو گرێبەستانەش کە کراون، بڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵ (١٠) پێشانگای دیکە بکرێنەوە.

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان وادەنوێنێت، کە گرنگی دەدات بە کردنەوەی ئەو پێشانگا نێودەوڵەتییانەو لەکاتی کردنەوەیاندا ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومیی ئامادەی دەبن‌و ئاماژە بەوەدەکەن کە کردنەوەی ئەو پێشانگایانە، کاریگەریی باشیان دەبێت بۆ بنیادنانەوەی هەرێم لە بەدەستخستنی ئامێری جۆراوجۆرو دروستکردنی رێگاوبان‌و کەرەستەی پیشەسازیی‌و کەلوپەل‌و کەرەستەی ناوماڵدا، بەڵام ئەم بۆچوونەی بەرپرسان لەجێی خۆیدا نییەو پێشانگاکان هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت لەسەر بنیادنانەوەی هەرێم، بەوپێیەی کە ئەو پێشانگایانە تایبەتن بە نمایشکردنی بەرهەمی کارگەکانی وڵاتانی دەرەوە نەک نمایشکردنی کارگەی جۆراوجۆر کە کوردستان زۆرتر پێویستی بە کارگەیە نەک کەرەستەی ئامادەکراو لە دەرەوە، چونکە بەبێ کردنەوەی ئەو پێشانگایانەش بازرگانانی هەرێم دەرفەتی ئەوەیان هەیە هەموو جۆرە کاڵاو بەرهەمەکانی دەرەوە بهێننە ناو هەرێم‌و بیانخەنە بەردەست بەکاربەران. کاتێک ئەو بۆچوونەی بەرپرسان دروست‌و لەجێی خۆی دەبێت کە ئەو پێشانگایانە ببنە مایەی هێنانی کارگەو ئامێری نوێ بۆ هەرێم.

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، شارەزای ئابووریی‌و مامۆستای زانکۆ، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە؛ کە ئەو پێشانگایانە روویەکی سیاسییان هەیە بەرلەوەی رووی ئابوورییان هەبێت، وتیشی: «لەڕووی ئابوورییەوە کوردستان لەکردنەوەی ئەو پێشانگایانە سوودمەند نابێت، چونکە نرخی کاڵاکان زۆر لە بازاڕ گرانترن‌و سوودەکەی دەچێتە گیرفانی ئەو کۆمپانیا بیانییانەوە کە کەلوپەلەکانیان هێناوە، بەو هۆیەشەوە پارەکەمان دەچێتە وڵاتانی دەرەوە، لەبری ئەوەی لەناوخۆدا هەوڵی زۆرکردنی بدرێت».

ساڵانەو لەکاتی کردنەوەی هەر پێشانگایەکی نێودەوڵەتیدا لەپارێزگاکانی هەرێم، خەڵکێکی زۆر روو لەو پێشانگایانە دەکەن بەمەبەستی کڕینی کەلوپەلی وڵاتانی دراوسێ‌و بیانیی، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە نرخی کەلوپەلەکان لەچاو بازارەکاندا هێندە جیاواز نین‌و لەهەندێک حاڵەتیشدا کەلوپەلی پێشانگاکان گرانترن.

بەو هۆیەشەوەو بە بڕوای ئەو شارەزا ئابوورییە، گرانیی نرخی گواستنەوەی کەلوپەلەکان‌و کرێی مانەوەیان لەکوردستان‌و کرێدان بەو شوێنەی کە پێشانگاکەی لێدەکرێتەوە، هۆکارن بۆئەوەی کە نرخی کەلوپەلی پێشانگاکان گرانتربن لە بازاڕ.

لەلایەکی دیکەوە، نایەکسانیی لە کردنەوەی پێشانگاکان لەپارێزگاکانی هەرێم، بەهەمانشێوە هۆکاری سوودمەندنەبوونی سەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستانە لەو سوودەی کە بەرپرسانی حکومیی باسی لێوەدەکەن، بەشێوەیەک کە لەمساڵدا لە هەولێر چوار ئەوەندەی سلێمانی پێشانگای نێودەوڵەتیی دەکرێتەوە.

لەو بارەیەشەوە، کەمال حەمەعەلی بە رۆژنامەی وت «پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر حکومییەو ئەو پشتگیری دەکات، بەڵام پێشانگای نێودەوڵەتیی سلێمانی تایبەتە بە ژووری بازرگانیی‌و سەر بەکەرتی رێکخراوێکی پیشەییە، بۆیە کردنەوەی‌و رێکخستنی کاروباری پێشانگاکانی هەولێر ئاسانترە، ئەمە جگە لەوەی ئێمە لە ژووری بازرگانیی نامانەوێت کارەکانمان زۆروبۆر بن».

بەڵام ئەیوب سماقەیی پێیوابوو، پێویستە پێشانگا نێودەوڵەتییەکان تەنیا لەپایتەخت‌و ناو پارێزگاکان نەکرێنەوە، بەڵکو بگوازرێنەوە بۆ قەزاو ناحیەکان‌و ئەو سوودەی کە هەیانە، ئەگەرچی زۆر کەمیش بێت، بەڵام پێوستە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بێت.


کۆمپانیا ناوخۆیی‌و بیانییەکان روو لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دەکەن

# (٧٠) پەنابەری دیکە، دەنێردرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان

شارا عەبدولڕەحمان

بڕیارە سبەینێ چوارشەممە، (٧٠) پەنابەری دیکەی کورد لە وڵاتی بەریتانیاوە بگەڕێنرێنەوە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانیو سکرتێری دەستەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانیش ئاماژە بەوەدەکات؛ سەردانەکەی وەفدی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو وڵاتە بێئەنجام بووە.

سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران لەلایەن وڵاتی بەریتانیاوە دژ بە پەنابەرانی کوردی ئەو وڵاتە بەردەوامەو لەو نێوەندەشدا بڕیارە سبەینێ (٤/٧) سەعات (١)ی شەو، (٧٠) پەنابەری دیکەی کورد لەو وڵاتەوە بگەڕێنرێنەوە بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانیو بەمەشەوە ژمارەی پەنابەرانی دیپۆرتکراوەی عێراق دەبێتە (٤٥٧٠)کەس، کە (٩٥٪)یان کوردی سێ پارێزگاکەی کوردستانن.

ئامانج عەبدوڵڵا، سکرتێری دەستەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ناردنەوەی بەردەوامی پەنابەران بۆ کوردستان، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو پەیماننامەو ڕێکەوتننامانەی کە حکومەتی هەرێمو بەغدا لەگەڵ ئەو وڵاتانە کردوویانن، ڕاستنو ئەمەش نیگەرانیی لای پەنابەرانی کوردی وڵاتانی ئەورووپی دروستکردووە، بەشێوەیەک ئاماژە بەوەدەکەن، کە حکومەتی هەرێم بەتەنگ ژیانو گوزەرانی تاکەکانی خۆیەوە نییە.

لەناوەڕاستی مانگی ڕابردوودا، وەفدێکی پەرلەمان کە پێکهاتبوو لە سەرۆکو نوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکان، چوونە بەریتانیا بەمەبەستی هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە بەزۆرناردنەوەی پەنابەرانی کورد لەو وڵاتەوە بۆ کوردستان، بەڵام لەهەمان کاتی چوونی ئەواندا، (٢٥٠)پەنابەری کورد لەبەریتانیاوە ڕەوانەی کوردستان کرانەوەو لەدوای هاتنەوەی وەفدەکەی پەرلەمانیشەوە، ناردنەوەی پەنابەران هەر بەردەوامە.

سەرگوڵ ڕەزا، ئەندامی وەفدەکەی پەرلەمانی کوردستان بۆ وڵاتی بەریتانیا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەهەموو کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا باسمان لەوە کردووە کە ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان دژی بەزۆرناردنەوەی پەنابەرانی کوردینو پێویستە ڕێگەچارەیەکی یاسایی بۆ ئەو حاڵەتە بدۆزرێتەوە، بەڵام حکومەتی بەریتانیا ئاماژەی بەو ڕێکەوتننامانە کرد کە لەگەڵ حکومەتی عێراق کردوونی سەبارەت بە ناردنەوەی پەنابەران، بەشێوەیەک کە ناتوانن ئەو ڕێکەوتننامانە لەبەر کورد هەڵبوەشێننەوەو بەو هۆیەشەوە هەتا ئەو ڕێکەوتننامانە لەئارادابن، بەریتانیا لەسەر سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران بەردەوام دەبێت».

سەبارەت بەهەوڵی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر ئەو ڕێکەوتننامانەی لەگەڵ بەریتانیا کردوونی بۆ ناردنەوەی پەنابەران، سەرگوڵ ڕەزا، وتی «لەدوای هاتنەوەمان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد کە دانیشتنێکی پەرلەمان تایبەت دەکەین بەو پرسەو هەڵوێستی یاساییو سیاسیی خۆمان لەو بارەیەوە دەردەبڕین، بەڵام تائێستا ئەو دانیشتنە نەکراوە»، بەو هۆیەشەوە سکرتێری دەستەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان پێیوابوو؛ سەردانەکەی وەفدی پەرلەمان بۆ بەریتانیا بێئەنجام بووە.

لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە کە سیاسەتی بەزۆرناردنەوەی پەنابەران لەلایەن وڵاتانی ئەورووپاوە دەستپێکردووە، تەنیا لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئەو سیاسەتە ڕاگیراوەو بەو هۆیەشەوە پەنابەران وەک کارتی سیاسی لەو هەڵبژاردنەدا بەکارهێنران.

ئامانج عەبدوڵڵا، وتی: «تا (٣/٧)و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی عێراق ناردنەوەی پەنابەر ڕاگیراو ئەمەش وەک کارتێکی سیاسی بوو کە پەنابەریان بەکارهێنا، بەڵام هەر دوای هەڵبژاردنەکەو کە ئیشیان بەپەنابەران نەما، دەستیانکرد بەناردنەوەی پەنابەران».

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەستی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقدان، لەئێستادا (٤٠-٥٠)هەزار پەنابەری عێراق لەبەردەم هەڕەشەی ناردنەوەیاندان بۆ وڵاتەکەیانو لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە زیاتر لە (٤٥٠٠)پەنابەر ڕەوانەی عێراق کراونەتەوە، کە (٩٥٪)یان کوردنو زیاتر لەنیوەشیان بێکارن، یان باری گوزەرانیان خراپە، ئەمە جگەلەوەی چەند کەسێکیان تووشی نەخۆشی دەروونیی بوون، بەشێوەیەک کە تا ئێستا نزیکەی (١٠) کەس لەو پەنابەرانە پەنایان بردووەتە بەر خۆکوشتن.

---

## کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ئاسایشو ناوخۆی پەرلەمان:

# خەڵک وەک دەزگای تۆقێنەر تەماشای دەزگاکانی ئاسایش دەکات

سازدانی: نووسینگەی هەولێر

**پەرلەمانتار، کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پەرلەمان شەش مانگی بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش دیاریکردووە، دان بەوەشدا دەنێت، کە یەکخستنەوەی ئاسایشەکان کارێکی ئاسان نییە. ناوبراو پێیوایە؛ ئەگەرچی هێزەکانی ئاسایش تارادەیەک ئەمنییەتیان پاراستووە، بەڵام لەلایەن خەڵکیشەوە وەک دەزگای تۆقێنەر تەماشادەکرێن.**

**ڕۆژنامە: پاسەوانەکانی پەرلەمان ڕێگەیان نەداین وەک ڕۆژنامەنووس بێینە ناو باڵەخانەی پەرلەمانەوە، بەپاساوی ئەوەی بەرپرسی ئەمنیی پەرلەمان ڕەزامەندیی لەسەر هاتنمان نیشاننەداوە، ئایا مەترسیی ئەمنیی لەئارادا هەیە یان هۆکارێکی دیکە؟**

* لە ڕووی ئەمنییەوە مەترسیی نییە، بەڵکو بەشێکی پەرلەمان ترسیان لەوە هەیە زانیارییەکانی ناو پەرلەمان لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بۆ خەڵک بگوازرێنەوە، دەیانەوێت دوور لە چاوی ڕۆژنامەنووسو خەڵک گفتوگۆ لەسەر زۆر شت بکرێتو زۆر شت بەبێ ئاگاداریی خەڵک تێپەڕێنرێت، کە ئێمە سەدلەسەد دژی ئەو بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتکردنەین.

**ڕۆژنامە: ماوەیەک بەر لە ئێستا وەک لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لە پەرلەمان سەردانی چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانتان کردووە، ئامانج لەو سەردانانە چی بوون؟**

* ڕاستە بەرلەوەی پرسی بودجە بگاتە پەرلەمان، سەردانی کۆمەڵێک ناوچەمان کردووە، لەگەڵ ژمارەیەک لە بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامو بەڕێوەبەرێتییەکانی پۆلیسی گشتییو هاتوچۆو ئاسایشەکانی ئاکرێو بەردەڕەشو ... هتد کۆبووینەوە، برادەرانی دیکەشمان سەردانی ناوچەکانی دیکەیان کردووە، بەڵام بەهۆی گفتوگۆکردنی پڕۆژەی بودجەوە لە سەردانەکانمان وەستاین، بەڵام دەکرێت دواتر دەست بەسەردانەکانمان بکەینەوە. ویستمان بەدواداچوون لەسەر ئەوە بکەین ئایا پۆلیسو ئاسایشی ناوچەکان لە ئاست بەرپرسیارێتی خۆیاندان؟ ئایا ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەگشتیی پارێزراوە؟ ئەوانەی تائێستا بەرپرسیارێتی ئەمنییان لەئەستۆ گرتووە، خەڵکی ئەکادیمیو شارەزان یان هەر ئەفسەرە نەخوێندەوارەکانی جارانن؟ ئەو پرسانەو چەند پرسێکی دیکە ئامانجی سەردانەکانمان بوون.

**ڕۆژنامە: ئێوە سەردانی زیندانو بەندینخانەکانی ئەو ناوچانەتان کرد؟**

* برادەرانی ئێمە کردیان، لیژنەی ناوخۆ سەردانی زیندانەکانی کردووە، بەدواداچوونیان لەسەر ڕەوشی تەندروستی زیندانییەکانو پاکوخاوێنی زیندانەکانو هەڵسوکەوتی بەرپرسەکان لەگەڵ زیندانییەکان کردووە، ئێستاش بەردەوامین لەسەر ئەو پرسەو نیازی ئەوەمان هەیە لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانی گرتووخانەکان بکەین بۆ ئەوەی بزانین لەو گرتووخانانەدا مافی مرۆڤ پارێزراوە.

**ڕۆژنامە: بەگشتیی لەو سەردانانەدا چیتان بۆ دەرکەوت؟**

* نایشارمەوە کاتێک دەچینە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی، هەستدەکەین تەواوی دەزگا ئەمنییەکان بە پۆلیسو ئاسایشو دەزگاکانی دیکەش هەیمەنەی پارتییان بەسەرەوەیە، بەهەمانشێوە دامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی هەیمەنەی یەکێتییان بەسەرەوەیە، کە ئێمە سەدلەسەد دژی ئەو حاڵەتەینو دەمانەوێت ئاسایش ئاسایشی هەموو هاوڵاتییان بێت، نەک ئاسایشی لایەنێکی دیاریکراو. بارودۆخێک دروستبووە کە ئەگەر تەنانەت پۆلیسێک بیەوێت دابمەزرێت، دەبێت تەزکیەی پارتیو یەکێتی هەبێت، واتە حیزب بەتەواوی دەستی خستووەتە ناو ئەو دامەزراوانەوەو

> **کاتێک دەچینە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی، هەستدەکەین تەواوی دەزگا ئەمنییەکان بە پۆلیسو ئاسایشو دەزگاکانی دیکەش هەیمەنەی پارتییان بەسەرەوەیە، بەهەمانشێوە دامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی هەیمەنەی یەکێتییان بەسەرەوەیە**

دامەزراندن لەسەر بنەمای تەزکییەیە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت دامەزراندنو بەرپرسیارێتی لەسەر بنەمای شارەزاییو لێهاتوویی بێت، دەبێت کارێک بکرێت کە خەڵک دەزگا ئەمنییەکان بەتایبەت بە هی خۆی بزانێت، نەک ترسی لەو دەزگایانە هەبێت.

**ڕۆژنامە: کەواتە خەڵک ترسیان لە دەزگا ئەمنییەکان هەیە؟**

* بەداخەوە لە زۆر شوێن خەڵک وەک دەزگای داپڵۆسێنەرو تۆقێنەر تەماشای دەزگا ئەمنییەکان دەکەن، ئێستا سەرەتایەکی باشتر خۆی فەرزکردووە، کە دەبێت ئەو دەزگایانە لە دەستی حیزب دەربهێنرێتو ژیانو گوزەرانی کارمەندانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەش باشتربکرێت.

**ڕۆژنامە: لەگەڵ ئەوەدا لە هەرێمی کوردستان دوو دەزگای ئاسایش هەیە؟**

* ئەوە ڕاستییەکە، کە دەزگای ئاسایشی سلێمانی لەلایەن یەکێتیو دەزگای ئاسایشی هەولێرو دهۆکیش لەلایەن پارتییەوە کۆنترۆڵکراوە، لەبەرئەوە دەبێت بەزووترین کات یاسایەک بۆ یەکخستنی هەردوو دەزگای ئاسایش پەسەندبکرێتو لەپاڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی مەشقو ڕاهێنانەوە پەرە بە توانای کارمەندانی ئاسایش بدرێت، بۆئەوەی بە باشترین شێوە بتوانن خزمەت بکەن، لەڕاستیشدا بوونی دوو دەزگای ئاسایش مۆرکێکی ڕاستەقینەی دوو ئیدارەییە.

**ڕۆژنامە: مەرجەعیەتی ئاسایشەکانی هەولێرو سلێمانی کامەیە؟**

* هیچکام لەو دەزگایانەی ئاسایش نە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران نین. دەبێت ئەو مەسەلەیە بە یاسا ڕێکبخرێتو مەرجەعیەتێک بۆ ئەو دەزگایە دیاریبکرێت.

**ڕۆژنامە: کابینەی شەشەم لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە هیچ هەنگاوێکی کردەیی ناوە بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی ئاسایش؟**

* حکومەت بەڵێنی داوە لە ماوەی سێ مانگدا هەردوو دەزگای ئاسایش یەکبخاتەوە، بەڵام لە پڕۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستاندا، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمان کراوە، بودجەی ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بە جیا دیاریکراوە، کەواتە ئاسایشەکان لە ڕووی بودجەشەوە جیاوازن، لەگەڵ ئەوەدا پەرلەمان ماوەیەکی کاتیی بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئاسایش دیاریکردووە، کە شەش مانگ دەبێت، واتە پێویستە لەماوەی شەش مانگدا ئاسایشەکان یەکبگرنەوە.

**ڕۆژنامە: حکومەت خۆی بەڵێنیداوە لەماوەی سێ مانگدا ئاسایشەکان یەکبخاتەوە، بەڵام بۆچی پەرلەمان ئەو سێ مانگەی بۆ شەش مانگ درێژکردووەتەوە؟**

* پەرلەمان پێیوانییە ئەو دوو دەزگایە بتوانرێت لەماوەی سێ مانگدا یەکبخرێنەوە، لەبەرئەوە سەقفێکی زەمەنی شەش مانگی دیاریکردووە، بەڕاستی زۆر کێشەو بەربەست لەبەردەوام یەکخستنەوەی هەردوو دەزگاکە هەیە، لەبەرئەوەی لە سەرێکەوە هەریەک لە دەزگاکان سەر بە حیزبێکن، پاشان ئەو دوو دەزگایە لە ئازاردانی ئەندامو لایەنگرانی حیزبی بەرامبەر درێغییان نەکردووە، کەسیشیان نەیانتوانیوە بێلایەن بن، لەبەرئەوە کارەکە ئەوەندە ئاسان نییە، بەڵام یەکگرتنەوەی دەزگاکانیش کارێکی حەتمی نییەو هەر دەبێت بکرێت.

**ڕۆژنامە: بە بۆچوونی ئێوە هێزەکانی ئاسایش توانیویانە ئەمنیەتی هاوڵاتییانی کوردستان بپارێزن؟**

* تارادەیەک پاراستوویانە، بەڵام لەبیرت نەچێت، لەگەڵ پاراستنی ئەمنیەتی هاوڵاتییانیشدا، جۆرێک لە ئازاردانو ئەشکەنجەدانی هاوڵاتییانیش هەبووە، لەبەرئەوەیە خەڵک وەک جۆرێک لە دەزگای تۆقێنەر تەماشای دەزگاکانی ئاسایش دەکات.

**ڕۆژنامە: ئەگەر ئەمنییەت پارێزراوبێت، بۆچی هەر ماڵە بەرپرسێک پاسەوانی هەیە، بۆچی بەرپرسە حیزبیو حکومییەکان مەفرەزەی پاسەوانی تایبەتیان بەدواوەیە؟**

* شەڕی ناوخۆ کۆمەڵێک خەڵکی دووچاری ئەوە کردووە، کە نەتوانن ئێستا بەبێ پاسەوان بێنە دەرەوە.

**ڕۆژنامە: هیچ هاوڵاتییەک لەماوەی ڕابردوودا سکاڵای لەسەر ئاسایش پێشکەش بە لیژنەکەتان کردووە؟**

* سکاڵا هەبووە، هەم لەلایەن خەڵکو هەم لەلایەن کارمەندانی ئاسایشەوە، کە بەتایبەت داوای ئەوە دەکەن مووچەو ئیمتیازاتەکانیان وەک کارمەندانی شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق بەرزبکرێتەوە.


کاروان ساڵح

## د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم:

# سیستمی تەندروستی هی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییە

سازدانی: سەنگەر جەمال

**د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیدارێکی رۆژنامەدا ئاماژە بە کۆنیی سیستمی تەندروستی کوردستانو عێراق دەکاتو دەڵێت: «هی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییە»، هەروەک جەخت لە پێویستی چاکسازییو گۆڕانکاریی دەکاتەوە لە سیستمەکەداو ئەوەش دەخاتەڕوو، کە لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چاکسازییو گۆڕانکاریی تێیدا، «بەڵام پێویستمان بە کادیرو پێداویستی زیاترە».**



د.تاهیر هەورامی

**رۆژنامە: سیستمی تەندروستی هەرێم لە چ ئاستێکدایە، ئایا وەک ئەوەیە، کە بەشێکی پسپۆڕان پێیانوایە سیستمێکی ئێکسپایەرە؟**

* سیستمەکە کۆنەو هی دەوڵەتی عوسمانییە، یەکێکە لەو سیستمە زۆرکۆنانەی سەدەی (١٨)، کە لەوکاتەدا بە دەوڵەتی عوسمانییان وتووە پیاوە نەخۆشەکە، ئەو زەمانە ئەم سیستمە هەبووە، بەڵام ئێجگار بەسەر نەچووە.

بەپێی ئەو شتانەی ئێمە هەمانە وەک کەمیی بیناو کەلوپەلو پێداویستی پزیشکییو چۆنیەتیو چەندایەتی کارمەندو ئەو پزیشکانەی هەمانە، جگە لەوە ئەوەی لە سیستمەکەی ئێستادا نییە حاڵەتی فریاگوزارییە، ئەوەی ئێستا هەیە سیستمێکی زۆر دواکەوتووەو سەرقاڵی ئەوەین بەباشی بیگۆڕین. مینحەیەکی بانکی دوەلی هەیە، کە لەڕێی رێکخراوی (یونۆپس)ەوە کارەکەمان بۆ دەکاتو (٣٣) تەوەری پەیوەندیی لەنێوان پارێزگاکانی ئێستای کوردستاندا دادەنێت، لەگەڵ راهێنانی نزیکەی (٩٠٠) پزیشکو کارمەندی تەندروستی، چونکە کادیری وا پێشکەوتوومان نییە بۆ ئەو سیستمە، هەروەها شۆفێری ئیسعاف رادەهێنن، لەگەڵ هێنانی (١٢) ئۆتۆمبێلی پێشکەوتووی ئیسعاف، نەک ئەوەی کە ئێستا هەیە، کە (٩٥٪)یان بریتین لە پیکابێکی داخراو بۆ گواستنەوەی نەخۆش، سەرجەم ئەو کارانەی رێکخراوەکە بە بڕی نزیکەی (١٨) ملیۆن دۆلارەو ئێستا لە وتووێژدایین بۆئەوەی بۆمان بکەن.

ئێمە ناتوانین سیستمەکە لەم نزیکانە بگۆڕین، بەڵام چەند بنکەیەک دادەمەزرێنرێن لە کوردستاندا، وەک ئەوەی ئێستا لە دهۆک کاری تێدا دەکرێت، ئەو بنکانە سەرپەرشتیی زیاتر لە (٢) هەزار خێزان دەکەن، کە پزیشکەکانی گشتییو ژنانو منداڵبوونو ددانو سۆنەرو تاقیگەی پێشکەوتوو، سیستمێکی پێشکەوتووی (فایل سیستمی) تێدا دەبێت لەگەڵ هەندێک پێداویستی دیکە، کە بتوانێت فۆڵدەری ئەو ناوچەیە بکات، هەوڵدەدەین لە سلێمانیو هەولێریش بنکەی لەو شێوەیە دابنێین، وەک دەستپێکێک بۆ گۆڕینی لەسەرخۆی سیستمەکە، چونکە ناتوانرێت یەکسەر سەرجەمی سیستمەکە بگۆڕین، ئێستا ئێمە سەرقاڵی ئەوەین.

جگە لەو کارە پێشتریش هەندێک چاکسازیی کراون، هەرچەندە ئەوانەی کراون گۆڕانی ریشەیی نەبوون، بەڵام ئێمەش بەهەندێک بنکەی تەندروستیو زیادکردنی پزیشک هەوڵمانداوە تارادەیەک بەرەو پێشی ببەین.

ئێمە بەنیازین کاری کورتخایەنو درێژخایەن بکەین بۆ چاکسازیی لە سیستمەکە، ئێستا هەندێک چاکسازیی دەکەین، لەگەڵ دوو کۆمپانیای تایبەتمەندی پسپۆڕی فەرەنسیو ئەمریکی کاردەکەینو ئێستا راوێژ بەوان دەکەین، کۆمپانیاکان لە کابینەی پێشووەوە کاریان لەسەر کراوەو دیراسەی دۆخەکەمان بۆ دەکەنو پێمانڕادەگەیەنن، کە چۆنەو دەبێت چی بکەین.

**رۆژنامە: ئەگەر لە مەرکەزەوە گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیستمەکەدا نەکرێت، ئەوەی ئێوەش ئامانجەکە ناپێکێت، رای ئێوە لەسەر ئەوە چییە؟**

* ئەو قسەیە تەواوەو ئامانجەکە ناپێکێت، چونکە ئێمە دوو بنکەی چارەسەری شێرپەنجەمان هەیە، کە بودجەکەو دەرمانەکانیش بۆ هەموو نەخۆشەکانی ئەو بنکانەیە، کە بەشێکیان خەڵکی ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووریان تێدا چارەسەر دەکرێت، بەهەمان خزمەتگوزارییەوە، کەواتە گۆڕینی سیستمەکە پەیوەستە بەوەی بنکەی تەندروستیو کۆمپانیای دڵنیایی لە هەموو عێراق دابنرێت، من پێشتر لەگەڵ وەزیری تەندروستی عێراق قسەم کردووەو ئەوانیش سەرقاڵ دەبن، بۆئەوەی بزانن چۆن سیستمەکە بگۆڕنو بیگونجێنن.

**رۆژنامە: لەماوەی رابردوودا گەورەترین گلەیی گوندەکان نەبوونی بنکەی نەخۆشخانەبوونو بەشێکی ئەوانەش کە هەبوون داخراون، ئەوەش بەهۆکارێکی چۆڵبوونی گوندەکان دادەنرێت، قسەت لەسەر ئەوە چییەو چی دەکەن بۆ بووژاندنەوەی تەندروستی لە گوندو ناحیەو قەزاکان؟**

*یەکێک لە هۆکارەکانی دەستکارینەکردنی سیستمەکە بەشێوەی ریشەیی، نەبوونی کادیری تەواو و پزیشکە بۆ چاکسازییەکە، ئێمە لە هەموو پارێزگای سلێمانی بە کۆیەشەوە (٢٦) پزیشکی بێهۆشکردنمان هەیە، کە نازانین لەکوێ دایانبنێین.

کاتێک من وەزیر نەبووم، هەوڵماندا (٧٠) سەرۆکی سستەر (پەرستار) بێنین بۆئەوەی وانە بە کادیری کوردستان بڵێن، بەڵام وڵاتەکەیان قایل نەبوون، کەواتە گرفتەکە ئەوەیە، کە کادیرمان نییە.

> **ئامێری سیتی سکانمان کریوە رەنگە لەهەندێک شوێن هەبێت، کە رۆژی یەکجار بەکارنەیەت، لەکاتێکدا ئێمە ساڵانە (٢٥٠) هەزار دۆلار بۆ صیانەکردنەوەیان دەدەین بەو کۆمپانیایەی لێمانکڕیوە**

جگە لەوە لە هەموو جیهاندا پلان هەیە بۆ بنکەی تەندروستی لە گوندەکاندا، چونکە پێویستی بە کادیرو بودجەو کەلوپەل هەیە، من دەمەوێت بڵێم؛ کە کۆمەڵێک ئامێر کڕدراوە وەک پێویست بەکار نایەن بۆنموونە: ئامێری سیتی سکانمان کریوە رەنگە لە هەندێک شوێن هەبێت، کە رۆژی یەکجار بەکارنەیەت، لەکاتێکدا ئێمە ساڵانە (٢٥٠) هەزار دۆلار بۆ سیانەکردنەوەیان دەدەین بەو کۆمپانیایەی لێمانکڕیوە، کەواتە دەبێت ئەو ئامێرانە زۆرترین سوودیان لێوەربگیرێتو بە پلان لەو شوێنانە دابنرێنو نابێت خزمەتگوزاریی پزیشکییو بنکەکان بەوشێوەیە پەرتو بڵاو بکرێنەوە، چونکە ئەوە بە بەفیڕۆدانی پارەی دەوڵەت تەماشادەکرێت، بۆیە باشترین کار ئەوەیە، کە بنکەکان کە باسمان کرد لەگەڵ سیستمی ئێمرجینسی بخرێتەگەڕ.

**رۆژنامە: نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەییو دڵ لە سلێمانی نموونەی شکستنو بوونەتە نوکتە لای خەڵک، لەو بارەیەوە چی دەڵێی؟**

* قسەم لەسەر نەخۆشخانەی دڵ نییە، بۆ (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەش راستە، ئەو کۆمپانیا کۆرییەی کارەکەی لەئەستۆگرتبوو جێیهێشتووە، بەڵام ئێستا بەسەرپەرشتی وەزیری ئاوەدانکردنەوە لیژنەی بۆ پێکهێنراوەو سەرقاڵی چارەسەری کێشەکەنو کۆمپانیای یابانی هێنراوە بۆئەوەی دیراسەی هەیکەلییەتی نەخۆشخانەکە بکەنو بزانن دەتوانن بیخەنەکارو ئامێرەکانی بۆ دابنێین، کۆمپانیایەکی تورکیشمان بۆ هەمان مەبەست بانگهێشتکردووە بۆئەوەی بزانرێت چۆن کار لەسەر ئەو دیزاینە بکەن.

**رۆژنامە: لە شاری سلێمانیدا هیچ نەخۆشخانەیەک نییە تایبەت بۆ نەخۆشخانە دروستکرابێت، ئەوانەی هەیە بینای فەرمانگە حکومییەکان بوون؟ هۆکاری ئەوە چییە، ئایا بەنیازن شتێک لەو بارەیەوە بکەن؟**

* ئەوە هەیە کە دەیبینین، نەبوونی پلان لە ساڵانی رابردوو وایکردووە بەوشێوەیە بێت کە باسی دەکەیت، لە ساڵی (١٩٩١)ەوە پلان نەبووە، بۆیە وایلێهاتووە، حکومەتی بەغداش تەنیا نەخۆشخانەی فێرکاری لە سلێمانی دروستکردووە.

بەڵام ئێستا (٤) نەخۆشخانە رەزامەندییان بۆ دەرچووەو دیزاینیان بۆ دەکرێت، وەک: نەخۆشخانەی دڵ، شکانو چارەسەری سروشتی، منداڵبوونو چاندنی مۆخ، کە بەهیواین ئەمساڵ بەردی بناغەیان دابنرێتو دەست بە دروستکردنیان بکرێت.

**رۆژنامە: عیادەکان نەشیاوترین شوێنیان هەیەو زۆرێکیان مرۆڤی تەندروستیش نایانگاتێ، هەوڵنادەن کۆمەڵگەی پزیشکیی دروستبکەن بەپێی ستانداردە جیهانییەکان؟**

* ئێستا کۆمەڵگەی پزیشکیی لە چوارباخ هەیەو چەند بینایەکی تازە لە دروستکردندان، کە بەپێی رێنماییەکانی شارەوانی دروستدەکرێنو گرفتەکان تارادەیەک چارەسەر دەکەن، کەمترین پزیشکیش عیادەکانیان لە بینا کۆنەکاندا ماوە، بەڵام دەبێت لەڕێی سەندیکای پزیشکانەوە هەوڵبدرێت بۆ رێکخستنو دروستکردنی کۆمەڵگەی پزیشکیی، کە سەرجەمی پزیشکە جیاوازەکان لەخۆ بگرێت، ئێمەش رامانسپاردوونو لەم ماوەیەشدا کۆبوونەوەیەکی دیکەمان لەو بارەیەوە دەبێت لە وەزارەت.

**رۆژنامە: کێشەیەکی بەردەم نەخۆش جیاوازییو وردبیننەبوونی ئەنجامی تاقیگەکانە، کە لەسەر ئەو بنەمایە پزیشک چارەسەر دەنووسێتو رەنگە کارەساتی لێبکەوێتەوە؟ بۆ چاودێریی ناکەنو سزای کەمتەرخەم نادەن؟**

* ئێمە درکمان بەو گرفتە کردووەو خەریکی دانانی پڕۆژەی کوالێتی کۆنترۆڵی تاقیگەین، بەڵام بەوشێوە ترسناکە نییە، کە باسی دەکەیت، چونکە هەندێک نەخۆشیی هەیە لە کاتی جیاوازدا رێژەکەی لە تاقیگە دەگۆڕێت، وەک شەکرە.

**رۆژنامە: زۆرکات باس لە خراپیی دەرمان دەکرێتە بۆ هەوڵنادرێت کوالێتی بەرز بهێنرێت؟**

* دەرمان زۆر هەرزانەو زۆر خراپیشە، چونکە هەرزانیی دەرمان واتا خراپیی دەرمان، ئەو سیستمە مالییەی تەندەرات، کە لە عێراق هەیە دەڵێت: دەبێت هەرزانترین شت بکڕیت، واتە خراپترین شت، بەتایبەت بۆ دەرمان.

ئەو کۆمپانیایانەی مارکەو بەرهەمی باشیان هەیە گرانن، بەڵام کۆمپانیاکانی دیکە هەرزانن، بەڵام کوالێتیەکەیان باش نییە، جگە لەوەش لە نەخۆشخانەکانماندا دەرمانی باش هەیە.

لە وەزارەت کارمان لەسەر ئەوەش کردووەو لەگەڵ خاوەن کۆمپانیاکانو کۆگاکانی دەرمانو سەندیکای دەرمانسازان کۆبووینەتەوە بە سوپاسەوە لە هەولێر سەندیکای دەرمانسازان چەند کۆگایەکی دەرمانیان داخستووەو دەستیان بە چاکسازیی کردووە، بەڵام بۆ ئەو گرفتانە من پێموایە؛ هیچ وڵاتێک پێشناکەوێت تا هەموو تاکێکی خۆی بە ئاسایشو پۆلیس دانەنێتو خەمی وڵاتەکەی نەخوات.

**رۆژنامە: لە شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەکەیت، کوردستان پێویستی بە نزیکەی (١٤) هەزار پزیشک هەیە، ئەگەر وایە بۆ کارێکی جدیی بۆ ئەو مەبەستە ناکەن؟**

* ئێستا (٨) هەزار پزیشک هەیە، لە کوردستانو ساڵانە (٣٠٠)ی دیکەش لە زانکۆکان دەردەچن، بۆیە پێویستمان بەوەیە بەشێوەیەکی شێنەیی کاربکەین بۆ پێگەیاندنی ئەو کادیرانە بۆئەوەی لەگەڵ سیستمە نوێیەکەش بگونجێت.

ئەوەی زۆر گرنگە دوو شتە، یەکێکیان: خزمەتگوزاریی سەرەتایی پزیشکییە، ئەوەی دیکەشیان خزمەتگوزاریی فریاگوزارییە، ئەگەر لەماوەی داهاتوودا بتوانین دەستەبەری بکەین (٨٠٪)ی کێشەی تەندروستی کوردستان چارەسەر دەبێت.

**رۆژنامە: ترسی نەخۆشییە پەتاییەکان ماوە لەم کاتەدا هاوڵاتییان خۆیان لەچی بپارێزن؟**

* ئێستا هیچ شتێک نییە، بەڵام نابێت ئەوەمان بیربچێت، کە نەخۆشی ڤایرۆسیی هەموو کاتێک مەترسیی هەیە، لەم کاتەی ئێستادا ترسی نەخۆشی گرانەتاو سکچوونو رشانەوە زیاد دەبێت، کە وەرزی گەرما دێت، پێویستە هاوڵاتییان خۆیان بپارێزنو ئێمەش لەگەڵ هەمو وەرزێکداو بۆ رێگریی لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی پەتایی رێوشوێنی پێویست دەگرینەبەر.

**رۆژنامە: چەند حاڵەتی ئایدز لە کوردستان تۆمار کراوە؟ کرانەوەی سنوورەکانو زۆربوونی سەفەر ترسی زیادبوونی نەخۆشییەکەی لێناکرێت؟**

* نزیکەی (٧٠) حاڵەت تۆمارکراوە، کە ژمارەیەکی زۆریان خەڵکی دەرەوەبوونو رۆشتوونەتەوەو (٢)یان مردوونو دوو سێیەک هەن، کە کوردبن تووشبووبن، ئێستا ئەو کەسانەی لەدەرەوە دێن پشکنینیان بۆ دەکرێت، بەڵام رێکخراوێک راپۆرتیان بۆ ناردووینو دەڵێن؛ ئەوە لەگەڵ مافی مرۆڤ ناگونجێت، ئەوەش راستە.

بۆیە دەبێت خەڵک ئاستی هۆشیاریی ئەوەندە بەرزبێت، کە خۆی بپارێزێت لەو نەخۆشیانە بەتایبەت ئایدز، چونکە تەنیا لەڕێی سێکسەوە نییە، بەڵکو چەند هۆکارێک بۆ گواستنەوەی هەیە.

**رۆژنامە: حکومەت لەڕێی وەزارەتی تەندروستییەوە (٦) ملیۆن دۆلاری خەرجکرد، بۆ گرتنەبەری رێوشوێنو کڕینی حەبی تامی فلو، تائێستا چەندی بەکارهاتووە، ئایا دەتوانرێ بۆ ساڵانی داهاتوو بەکاربهێنرێتە یان بەفیڕۆدەچێت؟**

* ماوەی بەسەرچوونی ئەو حەبانە بەشێکیان (٢٠١٢و٢٠١٦)یەو بەشێکی ئێکسپایەر بوون، ئەو کاتە ئەگەر مقابەلەت بکردمایە دەتووت چی دەکەن، ئەگەر (٢) ملیۆن کورد تووشی ئەنفلۆنزای بەراز بوون، کەواتە ئەو نەخۆشییە پەتاییەو ئەگەر هەیە زوو بڵاوبێتەوە، بۆیە وەک ئیحتیاتێک ئەوەمان کردووە.

**رۆژنامە: بوونی خۆراکی خراپو بەسەرچوو لە ئێستادا گەورەترین مەترسییە لەسەر هاوڵاتییان؟ بۆ ناتوانرێت رێگریی لێبکرێت؟**

* لەو کاتەوە بووم بە وەزیر (٤) کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووەو خاڵە سنوورەکانی خۆمان بە وڵاتانی دراوسێ سەیتەرەی بەسەردا کراوە، هەرچەندە قاچاخچی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی وا نییە.

ئەوەی لێرەدا گرفتە سەرەکییەکەیە خاڵە سنوورییەکانی نێوان هەرێمو شارەکانی ناوەڕاستو باشوورەو ئێستا سەرقاڵی ئەوەین ئەو میکانیزمە پەیڕەو بکەین، کە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ جێبەجێی دەکەین لە بازگەکانی ناوەوە، هەرچەندە ئەوە بەپێی یاسا ناگونجێ، بەڵام بۆ رێگرتن لەو حاڵەتانە ناچارین.

**رۆژنامە: ساڵانی رابردوو سەدان هەزار دۆلاری هاوڵاتییان بەفیڕۆچوو، بەوهۆیەوە کە لە بەغداوە دەرمانو پێویستیی بۆ هەرێم دەکڕدرا، ئەو کێشەیە ماوە؟**

* ئێستا هەر حکومەتی ناوەندی شتەکان دەکڕێت، بەڵام هەوڵی چارەسەرمان داوەو لە سەرجەمی ئەو کەلوپەلو ئامێرو پێداویستییە پزیشکییو دەرمانانەی بۆ عێراق دەکڕدرێت (١٧٪)ەکەی کوردستانمان بۆ دەنێرن.

لەم زرووفەدا واباشترە بەوشێوەیە بۆمان بنێرن، بەڵام دەبێت وریابینو نەهێڵین لە ناوەندەوە هیچ زوڵمێکمان لێبکرێت.

**رۆژنامە: دواکەوتنی بودجە گرفتی بۆ دروستنەکردوون؟ دەتوانن بەو بودجەی دانراوە پێویستییەکان پڕبکەنەوە؟**

* ئەو پڕۆژانەی دەستمانپێکردووە، بەهۆی پەسەندنەکردنی بودجەوە نەوەستاوە. بۆئەوەی دیکەش، ژێرخانی ئابووریی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) لەژێر سفرەوە بووە، بۆیە ناتوانین بڵێین بودجەکە بەشدەکات، چونکە ئەگەر بمانەوێت خزمەتگوزاریی تەندروستییو پزیشکیی باش بدەیتە هاوڵاتییانی کورد، هەموو میزانییەی عێراق بەشناکات، بەڵام بەو بودجەیەش کە هەیە بەو سیستمەی کە هەیە پەکماننناکەوێتو دەتوانین دەرمانو پێداویستییەکان دابینبکەین،

**رۆژنامە: بەو بودجەیەی هەتانە دەتوانن گۆڕانکارییو چاکسازییەکە بکەن؟**

* ئەو دوو پڕۆژەیەی کە باسمکرد بۆ گۆڕینو چاکسازیی سیستمی تەندروستیی، پارەکەی لەسەر بودجەی ساڵی رابردوو تەرخانکراوە.

# بازرگانیی بە دروستکردنی مزگەوتەوە دەکرێت

**ڕاپۆرتی: رۆژنامە**

بەپێی ئامارێکی گشتیی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی لەکوردستان، (٤١٠٠)مزگەوتو نزیکەی (١٥٠٠٠) کارمەندی هەیە کە لە نیوە زیاتریان خزمەتگوزارنو نزیکەی (١٥٠٠)کارمەندیش هەر مووچە وەردەگرنو دەوام ناکەن، بەرپرسێکی وەزارەتیش دەڵێت: «بە سەدان مزگەوت هەن، یەک خزمەتگوزارو ئیمامی تێدا نییەو خەڵکی ئەو ناوچەیە بەڕێوەی دەبەنو وەزارەتی ئەوقافیش لێیان بێئاگایە».

کامیل حاجی عەلی، وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو «لە کوردستاندا (٤١٠٠)مزگەوت هەن، کە نزیکەی (١٦٠٠)مزگەوتیان بێ پێشنوێژو وتاربێژنو مزگەوتیش هەیە چەند خزمەتگوزارێکی هەیەو مزگەوت هەیە هیچ خزمەتگوزاری نییە، هەربۆیە داوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی مزگەوتەکانیان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە زانایانی ئایینی، بەرنامەیەکیشیان لەبەردەستادایە بۆ ڕێکخستنەوەی کاری ئەو مزگەوتانە».

لەکاتێکدا وەزیری ئەوقاف کە داوای دامەزراندن دەکات، کە میلاکی ئێستای وەزارەتی ئەوقاف، نزیکەی (١٥)هەزار کارمەندە، کە (٨)هەزاریان خزمەتگوزارن، واتە لە نیوە زیاتریان، بەڵام مزگەوتیش هەیە کە هیچ خزمەتگوزارێکی تێدا نییە،

ئەمە جگە لەوەی (١٠٠٠-١٥٠٠)کارمەندی وەزارەت هەن کە دەوام ناکەنو وەزارەت بەدواداچوونیان بۆ دەکات.

لە بەرامبەردا، مامۆستا نیازی هەورامانی پێشنوێژو وتاربێژی مزگەوتی گەڕەکی کوردسات لە سلێمانی، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە، وەزارەتی ئەوقافی بە بەرپرس زانی لە هەموو کەموکوڕییەکانی دامودەزگا ئایینییەکانی هەرێمو وتی: «ئەگەر (١٥)هەزار کارمەند هەیە، ئەی بۆچی مزگەوتەکان بێ وتاربێژو پێشنوێژن؟ ئەگەر (٨)هەزار خزمەتگوزار هەیە، بۆچی مزگەوتەکان بە پارە خزمەتگوزار دەگرن؟، «بێگومان لەبەرئەوەی ئەو کارمەندو خزمەتگوزارانە لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو خزمایەتی دانراونو دەوام ناکەن، وەک ئەوەی وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتی «بێکاران» بێتو هەرکەس بیەوێت دامەزرێتو کارو دەوام نەکات، لەوێ دایدەمەزرێنن».

بوونی (٤١٠٠)مزگەوت لە کوردستان کە رووبەرێکی دیاریکراوی هەیە، بە وتەی شارەزایانی ئایینی، «ژمارەیەکی زۆرە»و سەرچاوەیەکیش لە یەکێک لە بەڕێوەبەرێتییەکانی وەزارەتی ئەوقافەوە، جەختی لەوەکردەوە کە دروستکردنی مزگەوت لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووەو ئێستا (٤١٠٠) مزگەوت لە کوردستان هەیە کە «لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا ئەو ژمارە زۆرە لە مزگەوت نییە بەراورد بە رووبەری کوردستان».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ «وەزارەت پلانێکی ڕێکوپێکی نییە بۆ دروستکردنی مزگەوت، رۆشنبیریی پێویستیش لە نێو خەڵکدا بۆ دروستکردنی مزگەوت نییەو هەرکەسێک بیەوێت خێرێک بکات داوای زەوی دەکات تا مزگەوتی لەسەر دروستبکات»، کە جاری وا هەیە (٤) مزگەوت لە گەڕەکێکدا دروستکراون، ئەگەر وەزارەتیش ڕێگر بووبێت لەوکارانە، ئەوا وەزارەت تۆمەتبار دەکرێت بە بەربەست خستنەبەردەم کاری خێرخوازییو مزگەوت دروستکردن.

بە وتەی ئەو سەرچاوەیە، ئەوەندە مزگەوت هەن کە وەزارەتیش ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات، هەربۆیە زۆرکات لە ڕێگەی میدیاکانەوە ئاگاداری کێشەی مزگەوتەکان دەبین.

مەریوان نەقشبەندی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف، سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر زۆری ژمارەی ئەو مزگەوتانە، باسی لە کێشەیەکی دیکە کردو وتی: «دامەزراندن وەستاوەو وەزارەت ناتوانێت کارمەندی پێویست بۆ ئەو مزگەوتانە دابین بکات، هەربۆیە زۆرکات مەلاکان هەرخۆیان بەڕێوەی دەبەن، لەبەر ئەوەش کە وەزارەت کاری بۆ نەکردوونو کارمەندی بۆ دابین نەکردوون لە ژێر چاودێریی وەزارەتدا نەماون، ڕەنگە ئەو هەڵە بقۆزرێتەوە بۆ مەبەستی تایبەتیو دروستکردنی دوکانو بازاڕ، یان بۆ هەر مەرامێکی دیکە بەکاربیبهێنن، وەک لە چەند ساڵی رابردوودا بینرا کە مزگەوتەکان بووبوونە بارەگای حیزبییو هاندان بۆ کاری توندڕەویی».

هەروەک نەقشبەندی روونیشیکردەوە، کە «بودجەی وەزارەتی ئەوقاف زۆر کەمەو بۆ ساڵی(٢٠١٠) تەنیا (٧)ملیار دیناری بۆدانراوەو لەبەرامبەردا ساڵی وا هەبووە، ملیارەها دینار بۆ شێخێک یان مەلایەک دابینکراوە بۆ دروستکردنی تەکیەو مزگەوت».

زۆرێک لە مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت سلێمانیو هەولێر، لە ژێریاندا بازاڕو دوکانو لە تەنیشتیانو لەسەر ئەو زەوییەی بۆ مزگەوت وەریانگرتووە، بیناو باڵەخانە دروستکراوە، کە ئەمە دوورە لە کاری شەرعییەوە.

زانایانی ئاینیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە وەزارەتی ئەوقافو یەکێتیی زانایانی ئایینیو لیژنەی فتوا «مردوون»، چونکە ئەگەر بوونیان هەبوایە، ڕێگە نەدەدرا مزگەوت دروستکردن ببێتە بازرگانیی.

مامۆستا نیازی پێیوایە، کە «لە ئێستاداو لە کوردستان مزگەوت دروستکردن بۆ دوو مەبەستە، یان بۆ مەبەستی ناوبانگ پەیداکردنە، یان بۆ مەبەستی بازرگانییە»، لەوبارەیەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەداتو باس لەوەدەکات کە هەندێک کە ڕێگەیان پێنادرێت لە شوێنێکدا بازاڕ دروستبکەن، دێن مزگەوتێک دروستدەکەنو ژێرەکەی دەکەنە بازاڕ، کە «ئەمە لەگەڵ شەرعدا یەکناگرێتەوەو ئەگەر کوردستان، یەکێتیی زانایانو لیژنەی باڵای فتوای هەبووایە، ڕێگە نەدەدرا ئەو کارە ناشەرعییانە بەناوی مزگەوتەوە ئەنجامبدرێن».

وەزارەتی ئەوقافیش بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە بەدواداچوونی بۆ مزگەوتەکان نییەو بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتیش ئاماژە بەوەدەکات، وەزارەت تەنیا (١٠٠) پشکنەری هەیە بۆ (٤١٠٠)مزگەوت، کە «ئەمە ژمارەیەکی کەمەو پێیانڕاناگەن». بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەشەوە، مامۆستا نیازی کە هاوکات بەڕێوەبەری دەزگای کۆنترۆڵە بۆ رۆژنامەوانییو پێیوایە، ئەگەر کارمەندانی وەزارەت کاربکەنو پشکنەرەکان مەبەستیان بێت، تەنیا یەک پشکنەر بۆ شارێک بەسە، ئەگەر وەزارەت پشکنەری هەبوایە، ئەوا ئەو مزگەوتانەی (١٠)خزمەتگوزاریان هەیەو دەوام ناکەنو پارە دەدەن بەکەسێک لەبری ئەوان مجێوریی بکات، ئەوا وەزارەت پێی دەزانیو ئەو مزگەوتەی (٣)ئیمامی هەیەو یەکێکیان دەوام ناکات، وەزارەت پێی دەزانی، بەڵام بە رای ئەو مامۆستایە، کێشەکە ئەوەیە کە پشکنەرەکانیش دەوام ناکەن!.

**ئەگەر کوردستان، یەکێتیی زانایانو لیژنەی باڵای فتوای هەبووایە، ڕێگە نەدەدرا ئەو کارە ناشەرعییانە بەناوی مزگەوتەوە ئەنجامبدرێن**



فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

# نزیکەی (٢)مانگە چوارقوڕنە، سەرۆکی شارەوانیی نییە

**شاسوار مامە**

پاش ئەوەی بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، هەریەکە لە بەختیار حسێن، سەرۆکی شارەوانیی ڕانیەو شێخ عەلی، سەرۆکی شارەوانیی چوارقوڕنە لەسەر کارەکانیان لابران، کەسێک بۆ شوێنی سەرۆکی شارەوانیی چوارقوڕنە دانرا کە دانەمەزراوەو تائێستا دەستبەکارنەبووە، بەو هۆیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە کارەکانی شارەوانیی ناحیەکە ئەنجامی دەدات.

لەوبارەیەوە، مزەفەر مەلا عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەندینجار داوامانکردووە، سەرۆکێکی نوێ بۆ شارەوانیی چوارقوڕنە دابنرێت، بەڵام تا ئێستا کەسێک بۆ ئەو پۆستە دانەنراوەو هۆکارەکەشی نازانم».

وتیشی: بەهۆی نەبوونی سەرۆکی شارەوانییەوە لە چوارقوڕنە، سەرەڕای کاری بەڕێوەبەری ناحیە، خۆی سەرۆکایەتی شارەوانیی چوارقوڕنەش دەکات بە وەکالەت، بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە ئاماژەی بەوەشکرد، دوو کاری لەوشێوەیە لەیەککاتدا بۆ ئەو سەختەو ئومێدیشی خواست کە بەزووترین کات، سەرۆکێکی نوێ بۆ شارەوانیی چوارقوڕنە دیاری بکرێت.

بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سەرۆکایەتی شارەوانیی ڕانیەوە، هۆکاری لابردنی ئەو دوو سەرۆکی شارەوانییە ڕووننەکراوەتەوەو پێیوابوو: «بە تەدەخولی حیزبییو میزاجی شەخسیی، ئەو دوو کەسە لابراون، چونکە خەڵکێک هەبووە کە زۆر بەپەلە بە دوای فەرمانەکەوە بووەو تەنها دەیانویست شارەوانی چۆڵبێتو ئەوکەسانەی لێ نەمێنێت، بۆیە خۆیان بەدوای نووسراوەکاندا چوون».

لەبەرامبەردا سەمیر عەبدوڵڵا، وەزیری شارەوانییو گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی پێشووتریدا بە رۆژنامەی ڕاگەیاندبوو «فەرمانەکە بە هەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی شارەوانی دەرچووەو پەیوەندیی بە کاری حزبییەوە نییەو هەوڵدەدەین حوکمدارییی بۆ هەموو هەرێم بکەین، نەک بۆ تاکە کەسو حیزبێک».

# دۆسیەی قەڵادزێ، دەدرێتە دادگای باڵای تاوانەکان

**هۆشەنگ سەروچاوەیی**

کۆمەڵێک لە رۆشنبیرو گەنجانی شاری قەڵادزێ، لەدوای کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێو وێرانکردنی ئەو شارە لەلایەن رژێمی بەعسەوە، لەو بارەیەوە دۆسیەیەک پێشکەش بە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەکەن.

حەسەن عەبدوڵڵا، قایمقامی قەزای پشدەر بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «کۆمەڵێک گەنجو رۆشنبیری شارەکەمان بەناوی (کۆمەڵەی داکۆکی لەشاری قەڵادزێ)وە، هەستاون بە کۆکردنەوەی سەرجەم بەڵگەکان سەبارەت بە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەی رژێمی بەعس بەرامبەر بە هاوڵاتییانی شاری قەڵادزێو پشدەر ئەنجامیداون».

حەسەن عەبدوڵڵا وتیشی: «ئەم کۆمەڵەیە دوای سەردانیان بۆ وەزارەتی شەهیدانی حکومەتی هەرێمو ئامادەکردنی پارێزەر بۆ دۆسیەکە، وا بڕیارە رۆژی یەکشەممەی داهاتوو دۆسیەکە بگەیەننە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق».

ئەم دۆسیەیەی کە کۆمەڵەی داکوکی لەشاری قەڵادزێ پێشکەشی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی دەکات، لە (٣)بەش پێکهاتووە، یەکەم: تاوانەکانی ساڵی(١٩٧٤) کە بە چەکی قەدەغەکراو هێرشکرایە سەر دانیشتووانی شاری قەڵادزێو زیاتر (١٢١) شەهیدو نزیکەی (٣٠٠) برینداری لێکەوتەوە، دووەم: سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٨٩)، کە (٢)شەهیدی لێکەوتەوە، سێیەم: تاوانی ڕاگواستنی هاوڵاتییانی شاری قەڵادزێ بۆ ناوچەکانی دیکە.

قایمقامی قەزای پشدەر داواشی کرد، لەدوای سەپاندنی سزا بەسەر ئەنجامدەرانی تاوانەکاندا، قەرەبووی زیانلێکەوتووانی قەڵادزێ بکرێتەوە.

# پرۆژەیەک بۆ یەکخستنەوەی شێڵتەرەکانی ژنان گەڵاڵەدەکرێت

راپۆرتی: رۆژنامە

پرۆژەیاسایەک بۆ یەکخستنەوەی سەنتەرەکانی دالـدەدانی ژنـان لە کوردستان گەڵاڵەدەکرێت، تا بخرێنەوە ژێر دەستی حکومەت، سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنانیش ئاشکرایدەکات، کە حکومەت بەم حاڵەی ئێستاوە ناتوانێت هەموو ئەو شێڵتەرانە بەڕێوەبەرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا (٣) بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان هەن، کە تایبەتن بە دالدەدانی ژنانو سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، هەروەک لە سلێمانی یەکێتیی ژنانیش شێڵتەرێکیان بە ناوی سەنتەری سایەو لانەی ئارام هەیەو رێکخراوی ئاسوودەش شێڵتەرێکی هەیە، کە زیاتر لە (١٠) ساڵە کاردەکەن.

ئەم شێڵتەرانە بە یاسای رێکخراوەکان کاردەکەنو لە ئێستاشدا لیژنەی بەرگریی لە مافەکانی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان بەنیازن پرۆژەیاسایەک گەڵاڵە بکەن بۆ یەکخستنەوەی شێڵتەرەکانو رێکخراوەکانی ژنان.

سەمیرە عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی بەرگریی لە مافەکانی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان، لەمبارەیەوە ئاماژەی بەوەکرد؛ پێشتر حکومەت پرۆژەیاسایەکی رەوانەی پەرلەمان کرد، کە لە (٢١) خاڵ پێکهاتبوو، لیژنەی بەرگریی لە مافەکانی ژنانیش پرۆژەیەکیان گەڵاڵە کردبوو، کە لە (٣١) خاڵ پێکهاتبوو، بەڵام دواتر حکومەت پرۆژەکەی کێشایەوەو ئێستا چەند پرۆژەیەکی دیکەش هەیە بۆ ئەو مەبەستە، ئێمەش چاوەڕوانی پرۆژەکەی حکومەتین بگەڕێتەوەو دواتر پرۆژەیەک گەڵاڵە دەکرێتو لەگەڵ رێکخراوەکانیش گفتوگۆ دەکەین.

سەبارەت بەپێویستیی ئەو پرۆژەیاسایە لە ئێستادا، پەیام ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی بەرگریی لە مافەکانی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، ئەم پرۆژەیاسایە بۆ ئەو مەبەستە گەڵاڵەدەکرێت تا بەیەک چاو تەماشای کێشەی ژنان بکرێتو بەدواداچوونو چارەسەریان بۆ بکرێت.

لە بەرامبەردا خانم رەحیم، بەڕێوەبەری رێکخراوی ئاسوودە، گەڵاڵەکردنی ئەو پرۆژەیاسایە بۆ یەکخستنەوەی رێکخراو و شێڵتەرەکان بە پێویست نازانێتو پێیوایە؛ لەبەرئەوەی ئەم شێڵتەرانە پێشوەخت بە یاسای رێکخراوەکان دامەزراون، دەکرێت یاسایەک هەبێت بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی لە شێڵتەرەکان ئیشدەکەنو رێنمایی هەبێت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەو کەسانەی لە شێڵتەرەکان ئیشدەکەن، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ژنانە بکەن، هەروەک لەلایەن حکومەتەوە پاسەوانی تایبەتیان بۆ دابینبکرێت تا شێڵتەرەکان رووبەڕووی توندوتیژیی نەبنەوە.

بەڵام سەمیرە عەبدوڵڵا ئەو بۆچوونەی رەتکردەوەو باسی لەوەکرد؛ لە ئێستادا رێکخراوەکانی ژنان وەک پێویست بەدواداچوون بۆ هەموو کێشەکانی ژنان وەک یەک ناکەن، هەربۆیە ئەو پرۆژەیاسایە گەڵاڵەدەکرێت تا حیزبایەتیو سیاسەت کاریگەریی نەبێت بەسەر بەدواداچوونی هەندێک کەیسو پشتگوێخستنی هەندێکی دیکە.

پەرلەمانتاران داوادەکەن هەموو سەنتەرەکانی تایبەت بە دالدەدانی ژنان لە کوردستان یەکبخرێنەوەو یەک یاساو پەیڕەویان هەبێت، چونکە بە وتەی پەیام ئەحمەد؛ ئەوەی دەبینرێت لە ئێستادا هەر رێکخراوێکی ژنان کە لە کوردستاندا هەن لایەنێکو حیزبێک لە پشتیەوەیەتیو بەهۆی ئەمەشەوە بەیەک چاو سەیری ئەو کێشانە ناکەن کە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە.

رێکخراوی ئاسوودە، کە جێدەستی دیارە لە بواری دالـدەدانی ژنانو کارەکانیشی تائێستا بە سەرکەوتوو دادەنرێت، لەو بڕوایەدان کە پێویستە داوا لە حکومەت بکرێت هاوکاریی ئەو شێڵتەرانە بکات، چونکە رێکخراوەکانی ژنان دەستپێشخەربوون لە کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە دالـدەدانی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانیان، دواتر حکومەت چاوی لێیان کردو سەنتەری کردەوە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی بەرپرس لە بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان، حکومەت بە نیازە شێڵتەرێکی گەورە بکاتەوەو ئەوکات ئەگەر هەموو شێڵتەرەکانیش بخاتەوە ژێر دەستی حکومەت، ئەوا دەکرێت، بەڵام لە ئێستادا لەبەرئەوەی شێڵتەرەکانی سەر بە حکومەت لە ئاستی پێویستدا نین بە بەراورد بە شێڵتەرەکانی دیکە، هەربۆیە ئەگەر حکومەت ئەو پرۆژەیە جێبەجێبکات، نابێت بەم حاڵەی ئێستاوە ئەو شێڵتەرانە بخاتەوە ژێر دەستی حکومەت.



# (٥٧,٢٪)ی بەشداربووانی راپرسییەک، پاڵپشتیی فرەژنیی دەکەن

رۆژنامە

بەپێی راپرسییەکی رێکخراوی پۆینت بۆ راپرسیو لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان، (٥٧,٢٪)ی بەشداربووان لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک، موسڵ) پاڵپشتیی فرەژنیی دەکەنو(٤٧,٩٪)ی بەشداربووانیش پێیانوایە، فرەژنیی شکۆی ژن دەشکێنێت.

فرەژنیی هەر حاڵەتێک دەگرێتەوە کە پیاوێک لە یەک کاتدا زیاتر لە ژنێکی هەبێتو کارێکی رەوایە لە زۆر ئایندا، وەکو ئیسلام، لە هەندێک یاسای وڵاتانیشدا رێپێدراوەو لە هەندێک یاساکانیشدا قەدەغەیە.

رێکخراوی پۆینت بۆ راپرسیو لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان، راپرسییەکەی لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک، موسڵ) ئەنجامداوەو هەزار کەس بەشدارییان تێیداکردووە.

بەپێی راپرسییەکە ٥٧,٢٪ی بەشداربووان پاڵپشتیی لە فرەژنیی دەکەنو لە پرسیارێکی دیکەدا (٤٣,١٪)ی بەشداربووان پاڵپشتیی لە قەدەغەکردنی فرەژنیی دەکەن، هەروەها (٤٩,٣٪)ی بەشداربووانیش فرەژنیی بە کارێکی لۆژیکی دەزانن.

لە بەشێکی دیکەی راپرسییەکەدا (٤٩,٧٪)ی بەشداربووان فرەژنیی بە کارێکی نامرۆڤانە نازاننو (٤١,٤٪)یشیان بە کارێکی نامرۆڤانەی دەزانن، هەروەک (٤٧,٩٪)یشیان پێیانوایە، فرەژنیی شکۆی ژن دەشکێنێت. هەروەها (٥١,٥٪)ی بەشداربووانی راپرسییەکە پێیانوانییە، پیاو بتوانێت دادپەروەر بێت لەنێوان زیاتر لە ژنێکداو (٥٣,١٪)یشیان ئەو پیاوەی زیاتر لە ژنێکی هەبێت بە بەختەوەری نازاننو ٥٢,٧٪یشیان ئەو ژنەی شوو بەپیاوێک بکات کە ژنێک یان زیاتری هەیە بە بەختەوەر نازانن.

رێکخراوی پۆینت بۆ راپرسیو لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان لە دەرئەنجامی راپرسییەکەیانەوە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە (٣٩,٤٪)ی بەشداربووانی ئەم راپرسییە، ئەوەیان درکاندووە کە ئەوان پاڵپشتیی لە فرەژنیی ناکەن، بەڵام وەکو دیارە، هێشتا ئەو دەنگە پێچەوانەیە لاوازەو توانای ئەوەی نییە، بەرامبەر رای باو رابووەستێت.



# قەڵادزێ، ئەو شارەی تەنیا یەک پزیشکی خانمانی هەیە



راپۆرتی: شاسوار مامە

دەڤەری پشدەر کە لە ناوەندی قەزای قەڵادزێو (٥) ناحیە پێکهاتووە، سەرەڕای فراوانییو زۆریی ژمارەی دانیشتووانەکەی، تەنیا یەک پزیشکی خانمانی هەیەو ئاماژە بەوەش دەکەن، کە بۆ نەشتەرگەریی خانمان، زۆرجار پێویستە نەخۆشەکان ببەن بۆ رانیە یان شارێکی دیکە، چونکە یەک پزیشک ناتوانێت هەموو نەخۆشەکان ببینێت، لە هەمانکاتدا ئەو پزیشکە خانمەی لە نەخۆشخانەی قەڵادزێیە، کەم دەوام دەکات.

موراد رەسوڵ، کە دانیشتووی گوندی شێنێیە لە دەڤەری پشدەر، بە رۆژنامەی راگەیاند: «چەند هەفتەیەک پێش ئێستا، خێزانەکەم پێویستی بە نەشتەرگەریی منداڵبوون هەبوو، بەڵام کە نەخۆشەکەمان برد بۆ نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ، هیچ پزیشکێکی خانمانی لێ نەبوو، بۆیە بەناچاریی بردمان بۆ رانیە».

ئەو هاوڵاتییە وتیشی: «زۆرجار بەهۆی دووریی رێگاوە، گیانی خانمە نەخۆشەکانمان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەتایبەت ئەگەر لە قەڵادزێ پزیشک نەبێت، هەتا دەیگەیەنینە رانیە، کاتی زۆری دەوێت».

رووناک عەلی کە خانمێکی دانیشتووی قەڵادزێیەو یەکێکە لەو کەسانەی پێویستی بە نەشتەرگەریی هەبووە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی پزیشکەوە، بەناچاریی رووی کردووەتە شاری رانیە، بۆ رۆژنامە وتی «پێویستیم بە نەشتەرگەریی هەبوو بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەم، بەڵام لە نەخۆشخانەی قەڵادزێ پزیشکی لێ نەبوو، لەگەڵ هاوسەرەکەم چووین بۆ رانیە بۆ ئەوەی سەردانی پزیشکێکی خانمان بکەم، بەڵام لەوێش پێیان راگەیاندین کە نەخۆشخانەی گشتیی رانیە نۆژەندەکرێتەوە، بۆیە نەشتەرگەرییەکەمان ئەنجام نەدرا».

د. هێمن پیرۆت، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ، سەبارەت بەکێشەی کەمیی پزیشکی خانمان، لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «قەڵادزێ بە تەنیا کێشەی نەبوونی پزیشکی خانمانی نییە، بەڵکو بە گشتیی لە بوارەکانی دیکەشدا کێشەی کەمیی پزیشکمان هەیە».

د. هێمن ئاماژەی بەوەشکرد، لە مێژووی قەڵادزێدا، لە یەک پزیشکی خانمان زیاتری نەبووە، ئەو پزیشکە خانمەش کە لە قەڵادزێیە، چەندین نەشتەرگەریی ئەنجامداوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی قەڵادزێ نییە، هەندێکجار سەردانی سلێمانی دەکاتو هەفتانە یان مانگانە، جارێک یان چەند جارێک لێرە نابێت.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ، ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە بەهۆی ئەوەی قەڵادزێ پزیشکی خانمانو بوارەکانی دیکەی نییە، ناچارن داوای پزیشک لە شارەکانی دیکە بکەن، بەڵام بەهۆی دووریی رێگاوە، هیچ پزیشکێک ئامادە نییە لە شارێکی دیکەوە بێت بۆ قەڵادزێو بمێنێتەوە.

# مانەوەی بودجە، دەرنەکردنی یاسا، نەبوونی چاودێریکردن چی بە پەرلەمان دەڵێن...؟

**ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق**



دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

فۆتۆ: ڕۆژنامە

بەپێی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئەمریکی (ئاسک) خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا، لەسێ ئەرکە سەرەکییەکەی سەرکەوتوو نەبووە، بەشێوەیەک نە بودجەی پەسەندکردووە، نە یاسایەک دەرکراوەو نە وەک پێویستیش چاودێریی‌و بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت کراوە.

لە یەکەم ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن‌و چاودێریکردنی کارەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ئاسک)، سەرەڕای ئاماژەکردن بەجۆرێک لە کارابوونی ئەم خولە بەهۆی هەبوونی ئۆپۆزسیۆن‌و گەرموگوڕیی کۆبوونەوەکان‌و دروستبوونی حاڵەتی بەریەککەوتن‌و گرژیی لەنێوان لیستی کوردستانیی‌و لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەڵوەستەیەکی جدیی لەسەر پەسەندنەکردنی بودجەی هەرێم کردووەو چەند خاڵێکی دیکەش وەک سەرنج لەسەر ئەو خولە یاداشتکراوە، لەوانە:

«فراوانیی دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان لە پەیڕەوی ناوخۆ، بەشێوەیەک هیچ مادەیەک نییە، ئەگەر سەرۆک لە پەیڕەو دەرچوو ماف بدات بە ئەندامان بۆ لێپرسینەوەو ڕاستکردنەوە، پەسەندنەکردنی کۆی ئەو پڕۆژانەی لەلایەن فراکسیۆنەکان‌و خولی پێشوو و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە پێشکەشکراون، کە بەشێکیان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆکراوە. پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون‌و لێپرسینەوە بۆ ئەو (٥) ملیار دۆلارە بکات، وەک بەخشش‌و داهاتی گرێبەستە نەوتییەکانی وەرگیراوەو نازانرێت لەکوێ‌و بۆ کێ خەرجکراوە؟ لیژنەی داراییی‌و ئابووریی بەدواداچوونی بۆ ئەو پڕۆژانە نەکردووە، کە بودجەیان بۆ دابینکراوە، ئەوەش دەخەنەڕوو هەردوو دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانی‌و هەولێر شەرعییەتیان نییە، ئەمەش وایکردووە چاودێرییەکی ورد نەبێت بۆ دیارنەمانی ئەو پارەیەی بۆ پڕۆژەکان تەرخاندەکرێت».

د.سەباح بەرزنجی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی ئەوەی خستەڕوو؛ بۆچوونەکانی ڕاپۆرتەکە بەجێیەو خەڵک چاوەڕێی زیاتریان لە پەرلەمان دەکرد، ئەو سستی‌و لاوازییەی دەبیندرێت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە؛ تازەیی ئەزموونی پەرلەمانی خاوەن ئۆپۆزسیۆن، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ڕۆتینی زۆرو ڕێگریی دروستدەکات، لەلایەکی دیکەوە دەسەڵات بە ئەنقەست دەیەوێت پەرلەمان ڕۆڵی خۆی نەگێڕێت‌و کارەکانی ئۆپۆزسیۆن بچووکدەکەنەوە، جگەلەوەی بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانیش ئەندامێتیی بە بەخشین دەزانن.

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: «پەرلەمان لە چەند مانگی ڕابردوودا زۆر سست بووەو هیچ یاسایەکی پەسەند نەکردووە، دواتر بودجەش کرایە مەسەلەیەکی سیاسیی، کە زیاتر پەیوەندیی بە بانگەشەوە هەبووە، زۆر بەپەلە ڕەوانەی پەرلەمان کرا، بۆئەوەی فریا بکەوێت‌و وەک دەستکەوتی کابینەی تازەو لیستی کوردستانیی سەیربکرێت».

بە بڕوای ئەندامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان، پەیوەندیی ناسەلیمی نێوان دوو حیزبی دەسەڵاتدار یەکێکیان دەسەڵاتی فیعلی خۆی لەدەستداوەو ئەوی دیکەش هەژموونی زۆری هەیە، گواستراوەتەوە پەرلەمان‌و کاریگەریی لەسەر دانیشتنەکان کردووەو جۆرێک لە سەرلێشێواویی دروستکردووە، «پێشتر زۆر پەلەپەلیان لە تێپەڕاندنی بودجە دەکرد، بەڵام مانگێکە هەڵبژاردن تەواوبووەو دانیشتن نەکراوە، کەچی جێگری سەرۆک کە پێشتر پەلەی بوو، داوای دانیشتنێکی نەکردووەو ئەمەش نیشانەی هەبوونی ئەجێندایەکی سیاسییە».

ئەوەی بۆچوونی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی لەسەر کۆکە، هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆیە، کەمیی ژمارەی دانیشتنەکان‌و دەرنەچوونی هیچ یاسایەک لەماوەی ڕابردوودا، ئەو ڕەخنە توندەیە ڕۆژانە ئاراستەی ئەو خولەی پەرلەمان دەکرێت، هەروەک سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی خاوەن (٢) کورسی پەرلەمان دەڵێت: «بۆ دیاریکردنی کاتی کۆبوونەوەکان‌و پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکان پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتەکانی لەدەستی سەرۆکی پەرلەماندا کۆکردووەتەوەو بەشێوەیەک ئەندامانی پەرلەمان نازانن، کەی کۆبوونەوەیە! کە ئێستاش کۆبوونەوە ناکرێت نازانین هۆیەکەی چییە؟!».

لە بەرامبەردا، وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانیی خاوەن (٥٩) کورسی، ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەزموون‌و بیروڕای جیاوازو بوونی ئۆپۆزسیۆن وایکردووە، ئەم خولە کاراتربێت لەخولی پێشوو، ئاسۆ کەریم، ڕایگەیاند: «ڕاستە هیچ یاسایەک دەرنەچووە، بەڵام کۆمەڵێک پڕۆژەیاسا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو ڕاپۆرتەکانیان لەناو لیژنەکان کۆتاییهاتووەو دوای پەسەندکردنی بودجە یەکە یەکە ئەو یاسایانە خوێندنەوەی دووەمیان بۆ دەکرێت‌و بڕیاریان لەسەر دەدرێت».

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی کوردستانیی، هۆکاری پەسەندنەکردنی ئەو پڕۆژەیاسایانەی لە پەرلەماندایە، بۆ ئەوە گەڕاندەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کاتێک بودجە دەگاتە پەرلەمان تا پەسەند نەکرێت، نابێت گفتوگۆ لەسەر هیچ پڕۆژەیاسایەکی دیکە بکرێت. لەبارەی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆش وتی: «پێویستە ئەو پەیڕەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی پەرلەمانی کوردستان‌و پەرلەمانی دەرەوە دابڕێژرێتەوە، ئەوکات پەرلەمانتاران بڕیاردەدەن چی لێ زیاددەکەن‌و چی لێکەمدەکەن».

عەدنان عوسمان، پێیوایە: پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی بە سەرۆکایەتی داوەو ئیشوکارەکانیشی پەکخستووە، چونکە هەر کاتێک سەرۆکایەتی بیەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاری دەهێنێت‌و ئەگەر نەشیەوێت ئیشی پێناکات.

لەبارەی چارەنووسی (٥) ملیار دۆلاری داهاتی گرێبەستە نەوتییەکان‌و ئەو ڕەخنانەی، گوایە پەرلەمان نەیتوانیوە چاودێریی کارەکانی حکومەت‌و ئەو پڕۆژانەی بکات، کە بودجەیان بۆ تەرخانکراوە، عەدنان عوسمان، وتی: «ئۆپۆزسیۆن چارەنووسی پارەی گرێبەستە نەوتییەکانی وروژاندووەو ئێستاش لە هەوڵی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانین، بۆ بەدواداچوونیش لیژنەی داراییی خۆی بەدواداچوون ناکات، بەڵکو پێویست وابوو حسابی خیتامی ساڵانی پێشوو لەبەردەستدابووایە، هەروەک ئەو لیژنەیەش مەحکومە بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەلایەن پارتی‌و یەکێتییەوە، ئەوانیش تائێستا لە خەمی پەردەپۆشکردنی ناتەواوییەکان‌و سپیکردنەوەی ڕووی حکومەتن، نەک هەوڵی ئەوە بدەن پەرلەمانێکی چاودێرو ڕەخنەگر دروستبکەن».

وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانیی، ئاماژەی بەوەکرد؛ وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە دانیشتنی پەرلەمان ئامادەبووەو وەڵامی پەرلەمانتارانی داوەتەوەو باسی لەوەکردووە؛ ئەو پارانە بۆ چ پڕۆژەیەک سەرفکراوەو ناوی پڕۆژەکەو شوێنەکانیشی هێنا، بەڵام ئەم وەڵامانە تاچەند جێی باوەڕی پەرلەمانتاران بووە، ئەوە شتێکی دیکەیە. پەیوەند بە بودجەش وتی: «بودجەکە لایەنی باش‌و خراپی هەیە، بەڵام لەبەر هۆی سیاسیی نەهاتووەتە پەرلەمان، چونکە بودجە هەردەبێت پەسەندبکرێت‌و یاسای بودجە دەربچێت، بۆیە دەکرێت لەداهاتوودا پەرلەمان گفتوگۆی بکات‌و کەموکورتییەکانی چارەسەر بکرێت‌و بخرێتە خزمەتی خەڵکەوە».

# زیاتر لە ٢٠ خاوەن دووکان لە بازاڕی کاسۆ مۆڵ بێبەش دەکرێن

**ڕاپۆرتی: سیروان عەول**

«لە گەورەترین مۆڵی بازرگانی» لە سلێمانی زیاتر لە ٢٠ خاوەن دووکان بێبەشدەکرێن‌و بەشێک لەو کەسانەش کە دووکانیان لە مۆڵەکەدا لەقەرەبووی ڕووخاندنی دووکانەکانیان پێدراوەتەوە، بڕی ٤٠ هەزار دۆلاریان لێوەرگیراوەو خاوەنی مۆڵەکەش دەڵێت: وەک هاوکاری دووکانیان پێدراوەتەوە.

بازاڕی کاسۆمۆڵ لەناوجەرگەی شاری سلێیمانی لە سەر ڕووبەری (٥) هەزار مەتر چوارگۆشە دروستکراوەو ڕۆژی یەکشەممە ٤/٤ لەلایەن د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم کرایەوە.

سەرۆکی حکومەت لە وتاری کردنەوەیدا بازاڕەکەی وەک «پێشکەوتنێکی کەرتی تایبەت لە سلێمانی» وەسفکردو وتی: «حەقی خۆمانە لەمەودوا تایبەتمەندی بەم شارە بدەین».

کاسۆمۆڵ لە پێنج نهۆم پێکهاتووەو زیاتر لە ٥٠٠ دووکانی بە ڕووبەری جیاواز تێدا کراوەتەوە، بەڵام بەشێک لەو خاوەن دووکانانەی کە پێشتر لەجێی بازاڕە نوێیەکە دووکانیان هەبووە بێبەشکراون.

سالم محەمەد، خاوەنی ٨ سەر خێزان‌و خاوەنی یەکێک لە دووکانەکانی بازاڕی بێکەس (کە بۆ ئەم مۆڵە ڕووخێنراوە)، بە ڕۆژنامەی وت: من‌و زیاتر لە ٢٠ دووکاندرای تر لەم بازارە نوێیە بێبەشکراوین.



سلێمانی، ڕۆژی کردنەوەی کاسۆ مۆڵ

فۆتۆ: سیروان

خاوەنی دووکانەکانی بازاڕی بێکەس لەلایەن شارەوانیی سلێمانییەوە بەڵێننامەی تایبەت بەوەرگرتنی دووکانەکانیان بۆکراوە. بازاڕی بێکەس (کە ئێستا ڕووخێنراوە) لەساڵی ١٩٩٣ لەڕێگەی کارگێڕیی خۆجێیەتیەوە، مۆڵەتی دروستکردنی لە شارەوانی بۆ وەرگیراوەو لەسەر ئەرکی خاوەن دووکانەکان دروستکراوە، دواتر کڕین‌و فرۆشتنی بۆ کراوەو سالم یەکێکە لەوانەی کە لە ساڵی ١٩٩٧دا بە ١٠هەزار دۆلار دووکانێکی کڕیوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ دووکانەکەی لێوەرگیراوەتەوەو بۆ دروستکردنی کاسۆ مۆڵ ڕووخێنراوە.

سالم هۆکاری پێنەدانەوەی دووکانەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە پێیانوتووە «دووکانەکەی بچووکە»، بەڵام ئەو وتی: «دووکانەکەم ٦م درێژ بووە».

دروستکردنی کاسۆمۆڵ تەنها یەک بازاڕی بەرنەکەوت، بەڵکو بازاڕی بێکەس، ٣٩ دووکان کە بە پێڵاوفرۆشەکان ناسرابوون، زیاتر لە ٢٠ دووکان کە وێنەگرو چێشتخانەو جۆری دیکە بوون، هەر ٣٩ دووکانە پێڵاوفرۆشەکە جگە لە ڕووخاندنی دووکانەکیان هەریەکەیان بڕی ٤٠ هەزار دۆلاریان لێوەرگیراوە دواتر بە ڕووبەری جیاواز دووکانیان لە کاسۆمۆڵدا پێدراوەتەوە.

لەوبارەیەوە حسێن مەلا ساڵح خاوەنی کاسۆمۆڵ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوکەسانەی دووکانیان هەبووەو بەڵگەی یاساییان پێبووە، دووکانەکانمان داونەتەوە بەبێ بەرامبەر، ئەو دووکانانەی دیکە کە زیاتر لە ٣٩ دووکان دەبێت هیچ بەڵگەیەکیان نەبووە، ئێمە خۆمان هاوکاریمان کردوون‌و دووکانەکانمان داونەتەوەو بڕی ٤٠ هەزار دۆلارمان لێ وەرگرتوون، کە بەهای هەر دووکانێک لەم بازاڕەدا ١٠٠ هەزار دۆلارە، بەڵام ئێمە زۆربەی دووکانەکانمان داوە بەکرێ.

بە وتەی حسێن مەلا ساڵح «لەڕێگای وەبەرهێنانەوە لە زیادکردنێکی ئاشکرادا کە «باشترین نەخشەمان سازکردبوو» ئەو پڕۆژەیەیان وەرگرتووە.

لەکاتی دروستکردنی کاسۆمۆڵداو لەبەشی دواوەیدا ناوچەیەکی شوێنەوار دۆزرایەوە بۆ ماوەیەک کارەکانی وەستێنراو شوێنەوارناسەکانیش ڕەخنەی زۆریان لەوبارەیەوە گرت، بەڵام بە بڕیارێک کارکردن تیایدا بەردەوام بوو، وەک سەرۆکی حکومەتیش لە وتارەکەی ڕۆژی یەکشەممەدا وتی: «خەڵکانێک هەبوون جۆرەها ئاستەنگیان بۆ دروستکرد، بەڵام خۆشبەختانە کارەکە ئەنجامدرا». خاوەنەکەشی دەڵێت، ئەم شوێنە هی حکومەت بووە، فەرمانگەی کارگێڕی خۆجێی تێدا بووە، بەڵام «هیچ شوێنێکی ئاسەواری پێوە دیارنەبووە».

# لە سلێمانی، چۆن یادی ڕۆژی نەخۆشیی ئۆتیزم کرایەوە؟

ڕۆژی(٤/٢) ڕۆژی جیهانیی ئۆتیزمە، بەڵام لە هەرێمی کوردستانو بەتایبەت لە سلێمانی، بەهۆی ئەوەی ڕۆژی(٤/٢) پشوو بوو، ئەو یادە دواخرا بۆ ڕۆژی(٤/٣)و لەو ڕۆژەدا سەنتەری نێرگز فێستیڤاڵێکیان لە هۆڵی پێشەوا ڕێکخست.

ئەوەی لەو ڕۆژەدا جێگەی نیگەرانیی بەشێکی زۆر لە کەسوکاری نەخۆشەکانی ئۆتیزم بوو، ئەوەبوو کە وەزیری تەندروستی تەنیا (٥)دەقیقە کاتی خۆی بۆ ئەو نەخۆشانە تەرخانکرد، لەکاتێکدا ئەو نەخۆشانەو کەسوکارەکانیان بەدەست کۆمەڵێک کێشەی زۆرەوە دەیناڵاندو بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕان تا بیخەنە بەردەستی بەرپرسانی حکومیی، ئەوە جگە لەوەی کە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی هەر نەهات بەلای ئەو فێستیڤاڵەو نەخۆشەکانی ئۆتیزمدا.

دەمەوێت لێرەدا دەستخۆشی لە کارمەندانی سەنتەری ئۆتیزم بکەم لە سلێمانی، کە بە ڕاستی خەمخۆرنو بەتەنگ ئەو منداڵانەوەن کە نەخۆشیی ئۆتیزمیان هەیەو لەو سەنتەرە ماونەتەوە، پێویستە لەم ڕووەوە ڕێزیان لێبنرێتو دەرماڵەشیان بۆ تەرخانبکرێت، بەڵام دەمەوێت، هەر سەبارەت بەم نەخۆشییەو بەتەنگەوەهاتنی حکومەت لەبارەیەوە، چەند خاڵێک بخەمەڕوو:

• بینای سەنتەری ئۆتیزم لە سلێمانی لە ڕەوشێکی خراپدایەو زۆر بچووکەو بە ڕاستی شیاو نییە بۆ چارەسەرکردنو پەروەردەکردنی منداڵانی توشبوو بە نەخۆشیی ئۆتیزمو پێویستە حکومەت بینایەکی نوێی بۆ دروستبکات.

• پێویستە ستافی تایبەتمەندو شارەزا بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی ئۆتیزم دابمەزرێنرێن، چونکە لە ئێستادا چەندین کەس هەن کە لەبارەی ئەم نەخۆشییەوە خولی تایبەتیان بینیوەو شارەزاییان هەیە، بەڵام ناهێنرێن بۆ ئەم سەنتەرە.

• لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا، نەخۆشەکانی ئۆتیزم لە چارەسەر نزیکدەکرێنەوەو وایانلێدەکرێت لە تەمەنی (١٥)ساڵیدا تێکەڵ بە خەڵک ببنەوە، بۆیە پێویستە هەمان سیستمی پێشکەوتووی تایبەت بە پەروەردەکردنی منداڵانی ئۆتیزم بهێنرێتە هەرێمی کوردستانو کاری پێبکرێت.

**باوکی منداڵێکی تووشبوو بە نەخۆشیی ئۆتیزم**

# بێکارییو هەژاریی، هۆکاری پەرەسەندنی کارپێکردنی منداڵانە



ئەحمەد حەمە ساڵح

بێکاریی واتە نەمانی داهاتی تاکەکەس، پاشان ڕوو لە هەژارییبوونە، خێزانە هەژارو کەمدەرامەتەکان داهاتیان بەشی پێداویستی ڕۆژانەیان ناکات، ئەم بارودۆخەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە نایەکسانییەوە هەیە لە دابەشکردنی داهاتی تاکەکان لە بەرامبەر سەروەتو سامانی نیشتمان، ئەمجۆرە نایەکسانییە چەندین دیاردەی دزێو و دوور لە پێوەرەکانی بەرزی مرۆڤایەتی دێنێتە بوون، هەر لە ( دیاردەی سواڵکردنو دیاردەی کارکردن بە منداڵانو...هتد). لەبەر نەبوونی ئامار ناتوانرێت بە ژمارە دیاربکرێت، کە چەند منداڵ خراونەتە بەر کارکردن، دیاردەیەکی سیستمی سەرمایەدارییە، کە خێزانە هەژارو کەمدەرامەتەکان لەپێناو دابینکردنی بژێویی ڕۆژانەیان بە ناچاریی منداڵاکانیان دەخەنە بەردەم کارکردن، لەکاتێکدا کە کارکردن بە منداڵان بەپێی (بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان لە مافەکانی منداڵانو مافی مرۆڤو بڕگەی تایبەت لە یاساکانی کارکردن) قەدەغەکراوە.

هەروەها کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵانو پەیامەکانی پەروەردەو فێرکردنی وەزارەتی پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی مافی مرۆڤو بە شەوانیش نووسراوەکانی سەر شاشەی (TV)ەکان، کە کارکردن بە منداڵان قەدەغەدەکەن، بەڵام ئەم پەیامانە تەریب نەبوون لەگەڵ خەمی خێزانە هەژارو کەمدەرامەتەکان، کە منداڵەکانیان بە ناچاریی نەخەنە بەردەم ئیشکردن، ژمارەیەکی کەمنینو ڕۆژانەو وەرزانەش لە زیادبووندان، ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەنێوان (٧-١٨) ساڵەو ڕۆژانە کاردەکەن هەر لە فرۆشیاری (پاکەتو جگەرەو چەرەساتو چلورەو عەلاگەو (CD)و بۆیاخچیو حەماڵو کرێکارو عەرەبانەبەدەستو کاری دەستگێڕیو شاگردیی لای فیتەرو ئاسنگەرو لە نادیو چایخانەو دوکانو گەرماوەکانو ...هتد).

ناڵێین هەموو، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو منداڵانەی کاردەکەن لە ئێستاداو ئایندەدا تووشی توندوتیژییو لادان لە پێوەرە بەرزەکانی مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتیو ئاینیی دەبنەوەو فێری شتگەلێکی خراپ دەبن، ئەو منداڵانەی لە بازاڕو شوێنە گشتییەکان بەهۆی نەبوونییەوە کاردەکەن ڕووبەڕووی ئازاردانی دەروونیی دەبنەوە، هەر لە (ترساندن، گۆشەگیرکردن، هەڕەشەی جەستەیی، سووکایەتیپێکردن، جنێودان، لێدانوچەوسانەوەو...هتد)، ئەم منداڵانە کە لەبەر نەبوونی بەشێک لە ئەرکی بەخێوکردنی خێزانیان کەوتووەتە سەرشان، کاتێک خۆیان بەراورد دەکەن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان، کە ئەوان چۆن دەژینو پێویستیان بەکارکردن نییەو لە ساتە زێڕینو خۆشییەکانی جیهانی منداڵیدا دەژینو ئەمیش چۆن دوور لە نازو لەبەر نەبوونیو پێویستبوون بە کارکردن ژیانی چەندە دوورە لە خەونە وەنەوشەییو زێڕینەکانی دنیای منداڵیی، ئەم بیرکردنەوەیە لای منداڵە بەشمەینەتەکانی وڵاتەکەم دەبێتە هۆکارێک بۆ ئازاردانی ڕۆحیو دەروونییو جەستەیی، ئازاردانی دەروونیی شێوازی هەڵسوکەوتێکە منداڵ خۆی دەبینێت، کە (خۆشەویست نییەو چەندین وشەی دیکە لە مێشکیدا دێتو دەچێت، کە لە سەرجەمیاندا دابڕانو نامۆبوونو خەمباربوون ڕووخسارو دەروونیان دادەگرێت، بەشێک لەم منداڵانەش نەبوونیی دەبێتە هۆکارێک کە نەتوانن درێژە بە خوێندن بدەنو لە قۆناغێکی کەم خوێندندا لە خوێندن دادەبڕێن، دووبارە ناڵێین هەموو، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەشێکیان کە گەورەش دەبێت خاوەنی کەسایەتییەکی شێواو و کەسێکی زیانبەخش دەبێت بۆ کۆمەڵگە.

ئەرکی هەموانو بەتایبەت ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵانە، کە بە حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان بڵێین تەنیا وشەی قەدەغەیە، ئەم کێشەیە چارەسەرناکاتو پێویستە بەدوای هۆکارو چارەسەرە ڕاستییەکاندا بگەڕێین، کە کاریگەرترین پرسیار ئەوەیە بپرسین، بۆ ئەو منداڵانە کاردەکەن؟ ژیانی خێزانەکانیان چۆنە؟ بەدڵنیاییەوە خەتای ئەو منداڵەو خانەوەدادە هەژارو کەمدەرامەتەکانیانی تێدا نییە، ئاشکرایە کە هەموو باوکو دایکێک منداڵەکانی خۆیان خۆشدەوێتو حەزدەکەن لە جیهانی جوانیی منداڵیدا بژینو لە ئایندەشدا کەسێکی سوودمەندو کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و نموونەیی بن بۆ کۆمەڵگە، لەنێو ئێمەی کوردا دەمێکە وتراوە کە (باوکو دایک هیواخوازن منداڵەکانیان لە خۆیان باشتر بن)، ئەی کە ئەمە سۆزی باوکو دایک بێت، بۆ ڕێگە دەدەن منداڵەکانیان کاربکەن، وەڵامەکەی ئاشکرایە (هەژارییو بێکارییو کەمدەرامەتی)یە، دامودەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکانو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵان بەردەوام داوادەکەن منداڵ نابێت کار بکات، بەڵام ئەو دیاردەیەش هەر لە بەردەوامیدایە، لەبەرئەوەی کە ئەو منداڵانە کار نەکەن چەندین ماڵ بژێویی ڕۆژانەیان خراپتر دەبێت، پەیامی کارکردن بە منداڵ قەدەغەیە، لەگەڵ ئەوەی ئازاری ڕۆحیو دەروونیی خێزانە هەژارەکان دەدات، بەقەد ئەوە کاریگەر نابێت کە بیر لە چارەسەری ڕیشەیی ئەم گرفتە بکرێتەوە.

# ژاراوە، بە هاوینی تەپوتۆزو زستانی قوڕ دەناسرێتەوە

شاسوار مامە

هاوڵاتییانی دانیشتووی ناحیەی ژاراوە بەهۆی کەمیی خزمەتگوزارییەوە نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕنو ئاماژە بەوەدەکەن؛ ناحیەکەیان پەراوێزخراوەو بەهۆی گرفتەکانی خراپیی ڕێگاوبانو نەبوونی ئاوەڕۆو کارەباو سووتەمەنیو پڕۆژە سەرنەکەوتووەکانەوە، بەسەختیی ژیان دەگوزەرێنن.

حەسەن ڕەسوڵ، هاوڵاتییەکی خەڵکی ژاراوەیەو بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: «کەموکووڕیی زۆرەو پڕۆژەکان بەسەقەتی کراون، بۆ نموونە گەڕەکی ئازادیی زێرابی بۆ کراوە، بەڵام خراپبووە».

ئەو هاوڵاتییە ئاماژەی بەوەشکرد؛ کێشەی سەرەکیی ناحیەکەیان نەبوونی کارەباو خراپیی ڕێگاوبانەو شەقامەکان کۆنکرێتو قیر نەکراون.

بەشێکی زۆر لە خەڵکی قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە ڕوودەکەنە ناوەندی شارەکانو قەزاو ناحیەکان چۆڵدەکەن، چونکە وەک خۆیان دەڵێن؛ بەرپرسانی حکومیو حیزبیی تەنیا بەڵێنیان پێدەدەنو جێبەجێی ناکەن.

ئەحمەد حەسەن، هاوڵاتییەکی دیکەی ناحیەی ژاراوەیەو باس لەوە دەکات، «کە چەندینجار داوای خزمەتگوزارییان کردووە، بەڵام داواکارییەکانیان پشتگوێخراون».

ئەو هاوڵاتییە بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «لە زستاندا لەناو قوڕو لیتەداین لە هاوینیش لەناو تەپوتۆز، پڕۆژەش هەیە چەندجارێک جێبەجێدەکرێت، بەڵام هەر شکستدێنێتەوە، چونکە زۆر گرنگی پێنادەن».

لەبەرامبەردا دڵشاد مەمەند، سەرۆکی شارەوانیی ناحیەی ژاراوە، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە هۆکاری نەبوونی خزمەتگوزاریی دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی بودجەو ڕاشیدەگەیەنێت؛ بە پەسەندکردنی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)، هەوڵدەدەن کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاریی چارەسەربکەن.

دڵشاد مەمەند، وتیشی: «سەبارەت بە قیرتاو و شۆستەو کۆنکرێتو ئاوەڕۆ لە بەرنامەماندا هەیە لەساڵی (٢٠١٠) دا پڕۆژە ئەنجامبدەینو دەرخستەمان ئامادەکردووە».

ناحیەی ژاراوە دەکەوێتە دەڤەری پشدەرو ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی (١٠) هەزار کەسەو بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە هاوڵاتییان نیگەرانن لە حکومەتو داوادەکەن بەزووترین کات کێشەکانیان بۆ چارەسەربکرێت.



ئەو پرۆژانەی کە لە ژاراوە کراون جێگەی ڕەزامەندی نین

# قەرەبووکردنەوە رادەگیرێت

رۆژنامە

ماوەی چەند ڕۆژێکە قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو هاوردەی ناوچەجێناکۆکەکان ڕاگیراوەو بەوتەی بەرپرسانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) تا دوای پێکهێنانی حکومەت دەستناکرێتەوە بە قەرەبووکردنەوە، هاوکات تائێستاش بودجەی ئەمساڵی مادەی (١٤٠) نەخراوەتە بەردەست لیژنە باڵاکە.

کاکەڕەش سدیق، بەرپرسی ئۆفیسی کەرکوکی مادەی (١٤٠) ڕایگەیاند: لە ئێستادا قەرەبووکردنەوە ڕاگیراوەو تا دوای پێکهێنانی حکومەتی عێراق دەستناکرێتەوە بە قەرەبووکردنەوە، جگەلەوەش تائێستا بودجەی ئەمساڵی مادەی (١٤٠)، کە (١٧٢) ملیۆن دۆلارە، نەگەیشتووەتە دەست لیژنە باڵاکە، کە ئەویش کێشەی بۆ دروستکردوین، چونکە لە کەرکوکو خانەقینو شەنگار خەڵکێکی زۆر ماوە، کە تائێستاش چاوەڕوانی قەرەبووکردنەوەن.

لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ڕاگەیاندو هەرچەند لەو کاتەوە لیستە براوەکان لە هەوڵی پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەتدان، بەڵام پێکهێنانی حکومەت چەند مانگێکی دیکە دەخایەنێت.

بەرپرسی ئۆفیسی مادەی (١٤٠) لە کەرکوک، ئاماژە بەوەدەکات؛ کە چاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەتنو دوای ئەو کاتە دەستدەکرێتەوە بە قەرەبووکردنەوە.

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا حکومەتی عێراق بڕی (٧٤١ ملیارو ٤٢٠) ملیۆن دیناری سەرفکردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو هاوردە لە ناوچەجێناکۆکەکان، لەگەڵ ئەوەشدا داوای بڕی (٦٥٣ ملیارو ٢٥٠) ملیۆن دیناری دیکە کراوە بۆ قەرەبووکردنەوە.

بەپێی دوا ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە ساڵی (٢٠٠٧وە تا ٢٠٠٩/١١/٣٠) لە هەر سێ پارێزگای (کەرکوک، دیالە، نەینەوا) ئاوارەو هاوردە بە بڕی (٧٤١ ملیارو ٤٢٠) ملیۆن دینار قەرەبووکراونەتەوە، هەروەک داوای بڕی (٦٥٣ ملیارو ٢٥٠) ملیۆن دینار کراوەو تائێستا سەرفنەکراوە، بەوپێیە (٦٣١٥٨) مامەڵە قەرەبووکراونەتەوەو (٥٦٣٢٣) مامەڵە قەرەبوو نەکراونەتەوە.

کاکەڕەش سدیق، باسی لەوەشکرد، جگە لە ئۆفیسەکانی کەرکوکو خانەقینو شەنگار چوار ئۆفیسی دیکە لە ناوەڕاستو باشووری عێراق دەکرێنەوە، لەکاتێکدا بودجەی ئەمساڵی مادەی (١٤٠) بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کەمکراوەتەوە، هەرچەند ئێمە هەوڵی زۆرمان دا کەمنەکرێتەوە.

# پاش پرۆسەی هەڵبژاردن

## پێشنیازێک بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاسەنگی کێشەی کورد لە باشووردا



ئەڵمانیا: جەمال نەبەز

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق، وادەرنـەچـوون وەک حیزبە کوردییەکان چاوەڕوانیاندەکرد. پاش ئەو شکستەی، کە بەتایبەتی لە کەرکووک و دیالەدا ڕوویدا، ئێستە گەلێک لە لایەنگرانی «هاوپەیمانیی کوردستان» ئۆباڵەکەی دەنێن بە مل ئەوەدا کە کۆمەڵە و ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کورد، وەک تاکە دەستەیەک نەچوونە هەڵبژاردنەوە. هێندێکیش هـەن، ئاشکراتر دەبێژن، کە خۆجیاکردنەوەی «بزووتنەوەی گۆڕان» و چەند «کۆمەڵێکی گچکە»، لە «هاوپەیمانیی کوردستان»، بوو بە هۆی ئەوەی کە کورد ٧ تا ١٠ کورسی پارلەمانی لەدەستبچێ. هەرچەندە ئەم ژمارە و تۆمەتەش ڕاست نین، بەڵام با وادابنێین کە ڕاستن و بڵێین، ئەگەر وا نەبووایە، ئەوا ژمارەی کورسییەکانی کورد، لە پەنجاوهەفتەوە دەبوو بە شەستوهەفت، تەنانەت، با لەبەر خاتری وان بیکەین بە هەفتا کورسی. بەڵام هەفتا کورسی هێشتا زۆرینە نییە و کەمینەیە لە چاو ٣٢٥ کورسیی پارلەماندا، دیمۆکراسیش مانای ژمارەی دەنگەکانە. جا لەبەر ئەوەی، کورد لە عێراقدا بە ژمارە کەمینەیە، ئەوا هیچ کاتێک بە دەنگ نایباتەوە. خۆ دەستەی کورد لە پارلەمانی پێشوودا، بەڕێژە لاواز نەبوو. بێجگە لەوەش، سەرۆککۆمار و جێگری سەرۆکڤەزیران و ڤەزیری دەرەوە و چەند ڤەزیرێکی دیش کورد بـوون، لەگەڵ ئەوەشدا، تاکە یەک داخوازیی بنەڕەتیی کورد جێبەجێنەکرا، نـە کێشەی سـنووری هـەرێـم (نێوچە داگیرکراوەکان)، نە کێشەی پێشمەرگە، نە کێشەی نەوت و گاز، نە کێشەی بودجە، نە... نە... نە... باشە، ئەودەمە کورد، خوا نەیبڕێ، یەک بوون، ئەدی ئۆباڵی ئەو سەرنەکەوتنانە بە ئەستۆی کێ بوو؟

مەبەستم لێرەدا، نە لەسەرکردنەوەی هیچ لایەکە و، نە سەرکۆنەکردن و توانج گرتنە لە هیچ لایەکی دی، بەڵکو مەبەستم خستنەبەرچاوی بۆچوونێکی ڕاست و ژیربێژانەیە کە مخابن، لە ڕامیاریی کورددا بەدیناکرێ. خۆ ئەگەر بەدیبکرابایە، دەبوو ئۆباڵەکەی بخرایە ئەستۆی ئـەوەی کە کاتێک ئەمریکا لە نیسانی ٢٠٠٣ دا پەلاماری ڕژێمی سەددامی دا و لەبنەڕەتەوە هەرەسی بە دەوڵەتی عێراق هێناو بـەوە، بوارێکی فراوان لەبەردەم ڕامیارانی کورددا کرایەوە، ئەوە کاربەدەستەکانی دوو حیزبە کوردییە سەرەکییەکە (پارتی و یەکێتی) بوون، کە هاوکێشە (معادلە) ی چارەسەرکردنی دۆزی کوردیان، هەر لەیەکەمین هەنگاوەوە، بەهەڵە دانا. کورت و کرمانجی، نەچوون بڵێن، «بابە ئێمە کورد و کوردستانیین و بەزۆر کراوین بە عێراقی و، ئەنفال و گەلکوژی کراوە لێمان و، بەچەکی کیمیایی لێماندراوە و، نامانەوێ بچینەوە ژێر ڕکێفی ئەم دەوڵەتە، خۆ ئەگەر هەر ناچارماندەکەن ببینەوە بە عێراقی، ئەوا دەبێ مەرجەکانمان بە واژۆ و بە پەیمان و بە گەرەنتیی نێونەتەوەیی پەسەندبکرێن». لەباتی ئەوە، کەوتنە حیزبحیزبێنەو پێش ئەوەش، شەڕی «براکوژی» و پاراستنی بەرژەوەندیی بنەماڵەیی و پشتکردنە نێوچە داگیرکراوەکان و کردنی خەڵکی هەرێم بە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمنەهێنەری مووچە خۆری مشەخۆر. لەهەمان کـاتـدا، خۆیان خستە خزمەت ئامانجەکانی ئەمریکاوە، بێ هەلومەرج، و کەوتنە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق، بە خۆی و حکوومەت و لەشکر و پۆلیس و دەسەڵاتەوە. مەترسیی ئەم کارە نالەبارە، بۆ هۆشیارکردنەوەی سەرکردەکان، پێش پەلاماری ئەمریکا و ڕۆژی پەلاماردان و پاش ئەوەش، چەند جار و چەند جار خستومەتە بەرچاویان، بەڵام بێ کەڵک بوو.

ئەوجا دیارە کە مرۆڤ هاوکێشەیەکی ماتماتیکی هەر لە یەکەمین هەنگاوەوە بە هەڵە دانا، هەموو هەنگاوەکانی دوای هەنگاوی یەکەم، ئەگەر لە خۆشیاندا ڕاست بن، ئەوا هەر هەڵەن. ڕامیاریش هەروایە، کە تۆ لە یەکەم هەنگاوەوە هەڵەتکرد، هەنگاوەکانی دیکەش، پێبەپێی ئەوە، هەر هەڵە دەردەچن. لەبەر ئەوە دەبێ لەسەرەتاوە، جارەکی دی دەستپێبکەیتەوە، بەڵام ئەو دەرفەتەی کە لە ٢٠٠٣/٤/١٠ دا هەتبوو، تێپەڕی و ناگەڕێتەوە بۆت.

ئێستە با بێینە سەر بارودۆخی ئەوڕۆ:

گۆڕەپانی گەمەی ڕامیاریی عێراق، پاش ئەم هەڵبژاردنەی دوایـی، جۆرێکی بەسەرهاتووە، کە چەند لایەنێکی دژ بەیەک کەوتوونەتە پارلەمانەوە، بەڵام هیچ لایەنێک زۆربەیەتیی نییە و ناتوانێ بەتەنێ حکوومەت دروستبکا و دەسەڵات بگرێتە دەست. خۆ ئەگەر دوو لایەنیش ڕێکبکەون، بۆ نموونە، لیستەی مالیکی و حەکیم، یان عەللاوی و حەکیم، ئەوا دەبێتە حکوومەتێکی زۆر بێهێز و بە کشانەوەی چەند پارلەمانتارێکی کەم لێیان، حکوومەتەکەیان هەرەسدەهێنێ. لەبەرئەوە، پێویستییان بە کـورد دەبـێ. ئەمە بێجگە لەوەی مالیکی و حەکیم، زۆر زەحمەتە بەتەنێ بچنە ژێر ئەو بـارەوە، چونکە ئەو دەمـە، تۆمەتی «حکوومەتی شیعەگەری» دەخرێتە ئەستۆیان، ئەوەش دەبێ بزانین، کە مالیکی و موقتەدا سەدر، دانـەکـرۆژێ لە بـەرەی عەللاوی دەکـەن. مالیکی دان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا نانێ و هەڕەشەش دەکات. عەللاوی دەڵێ «دەبێ مالیکی خۆی بدابەدەستەوە و واز لە دەسەڵات بهێنێ»، موقتەدا سەدر، کە جاران دژی سیستەمی فیدرالی بوو و، دەیگوت دەبێ عێراق دەوڵەتێکی سەنترالیستی بێ و، دەیگوت کەرکووک «عەرەبی»یە، ئێستا دەفەرموێ «ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە بەرژەوەندیی بەڕێزی و داروودەستەی وی نەبێ، ئەوا باشووری عێراق لە عێراق «جـیـادەکـاتـەوە». ڕاستییەکەی، جـاران وامدەزانی کە هەر بەندە «ئینفیسالی»م، بەڵام وادیارە، جەنابی موقتەداش «ڕەسمەن» بووە بە «هاوبیر»م. ئەمریکای، لە ڕامیاریدا کوڵەوار و، لە کورد نەبێ، لە هەموولایەک زللە لێدرا و چەمۆڵە خواردوو، شان بەشانی بەریتانیا و ڕژێمی ترک و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی سعوود و ئەسەد و موبارەک و بەعسییەکان، پشتگیریی عەللاوی دەکـا. عەللاویش، پێویستی بە کورد دەبـێ، ئەوەتە هەر لە ئێستەوە دەبێژێ کە سەردانی کاک مەسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی کردووە و «هیچ ناکۆکی»یەکی لەگەڵ «هاوپەیمانیی کـوردسـتـان» هەستپێنەکردووە. بۆ هێورکردنەوەی کوردیش، دەفەرموێ «ڕێنادا بە سەددامییەکان بێنەوە سەرکار، بەڵام ئەو بەعسییانەی سەددامی نەبوون، مافی خۆیانە بێنەوە پێشێ»، ئەمەش خاڵانەی ئەوەیە، یەکێک بێ و حیزبی نازی لە هیتلەر جیابکاتەوە. شایانی باسە، دوکتۆر مەحموود سۆرانی و مام جەلال تاڵەبانیش، ماوەیەک لەمەوبەر، هەر ئەو بیروڕایەیان بەرامبەر بەعسییەکان هەبوو، واتە، ئەوانیش بەعسییەکانیان لە سەددامییەکان جیادەکردەوە. دیارە، هەر لەسەر بنچینەی ئەم «فەلسەفەیەش» بوو کە مام جەلال، وەفیق سامەڕایی کردبوو بە ڕاوێژکاری خۆی. پێویستە ئەوەش بێژم، وەفیقیش و عەللاویش، هەردووکیان دوو ئەندامی گەورەی حیزبی بەعس بوون، بەڵام لەسەر ناکۆکیی تایبەتیی خۆیان، لە سەددام جیابوونەوە، نەک لە حیزبی بەعس و بیری بەعسێتی. عەللاوی، کە جاران وەک مالیکی، دەیویست ئەمریکاییەکان عێراق بەجێبهێڵن، ئێستە، بە پێچەوانەی مالیکییەوە، دەیەوێ پەیماننامەی زێرەڤانیی نێوان ئەمریکا و عێراق بە جۆرێک هەموار بکرێ، کە ئەمریکا دەستەبەربێ عێراق، واتـە عەللاوی و بەعسییەکانی هاوڕێی، بپارێزێ، چۆنکە ئەوەتە بەئاشکرا دەفەرمووێ «عێراق پاش ڕۆیشتنی ئەمریکاییەکان، ناتوانێ خۆی بپارێزێ»، بەمەدا دیـارە کە کورد دەبێ چاوەڕوانی «بەرەی یەکگرتووی» ئەمریکا و بەعسییەکان بکەن. لە ڕامیاریدا هیچ شتێک نەبوو نەکراو نییە.

ئـێـران، بـەپـێـچـەوانـەی ئەمریکا و هاودەستەکانییەوە، دژی عەللاوی و، پشتیوانی مالیکی و موقتەدا سـەدرە و، زۆر هەوڵیش دەدا کە حیزبەکەی عەممار حەکیم و هاوپەیمانیی کوردستانیش لەگەڵ مالیکی و موقتەدا سـەدر ڕێکبخا دژ بە ئەمەریکا و عەللاوی. ئەم بانگێشتنەی مام جەلال بۆ تاران، بۆ پێکەوە «نۆشگیانکردنی چلۆکەباب»ی ئاهەنگی نەورۆز وپەسندانی مام جەلال لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە، وەک باشترین کەس بۆ سەرۆککۆماریتی عێراق، هەوڵێکە بۆ ئەو ئامانجە. ئەگەرنا، ڕژێمی ئێرانی ئیسلامی، دژی نـەوڕۆز و چوارشەممە سـوورە و، هەموو ئەو بۆنە نائاینییانەیە کە پێوەندییان بەکوردەوە هەیە، ئەگەرچی نەوڕۆز، کە تاکە بۆنەیەکی گشتیی هەزاران ساڵەی کوردبوو، لە ناهۆشیاری و دەستەو ستانیی کاربەدەستانی کوردەوە، کرا بە جێژنی ترک و فارس و عەرەب و ئەفغانی و تاجیک و، بەرگی کوردیی لەبەر داکەندرا.

ئاشکرایە، کـورد، چ لەگەڵ مالیکیو، چ لـەگـەڵ عـەلـلاوی، تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژی زۆر تاڵ و ناخۆشی هەیە و، دەزانێ هەردووکیان لەکاتی دەسەڵاتیاندا وەک سـەرۆکڤەزیر، دەستیبەدەستییان پێکردو، یەک درکیان لە پێی کورد دەرنەهێنا. تاقیکردنەوەی بابەتێک کە تاقیکرابێتەوە، لە گەمژەیەتی بەولاوە، شتێکی دی نییە. لەبەر ئەوە تێهەڵچوونەوە لەگەڵ ئەم دووانـە، لە خۆهەڵخەڵەتاندن بـەولاوە شتێکی دی نییە. ئێی، خۆ پارلەمانتارە کوردەکان و، پارلەمانتارەکانی سەر بە عەممار حەکیم، کە ئەو بەتەنێ دژی بیری فیدرالیزم نییە و، هێندەی ئەوانی دی دژ بە کورد نییە، ناتوانن پێکەوە حکوومەت دروستبکەن. لەبەر ئەوە، بە بیروڕای من، تاکە ڕێیەک کە بۆ کورد مابێتەوە ئەوەیە کە کورد لە حکوومەتی عێراقدا بەشداری نەکا. بەڵکو، بەشێوەی «چاودێر» لە پارلەماندا، هەڵوێستی خۆی لەبارەی بابەتە جیاجیاکانەوە، هەرجارە و بەپێی بەرژەوەندیی کورد دەستنیشانبکا. ئەودەمە دەبینین، هیچ دەستەیەک ناتوانێ فەرمانڕەوایی عێراق بگرێتە دەست، خۆ ئەگەر گرتییە دەست، ئەوا تەمەنی مانەوەی لەسەرکار درێژ نابێ. چۆنکە بەرژەوەندیی ئەو لایەنە دەرەکییانەی کە چاویانبڕیوەتە عێراق، وەک ئەمریکا و بەریتانیا و ترکیا و سعوود و سووریای لایەنگری عەللاوی کە سعوودییەکان مالیکی بە مەترسییەکی گەورە دادەنێن، لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێران، کە لایەنگریی مالیکی و موقتەدا سەدر دەکا، زۆر دوورن لەیەک و، چاوەڕوانیی بەیەکدادانیش دەکرێ لێیان. کورد نابێ خۆی بکا بە لایەنێکی ئەم شەڕە. بەشدارینە کردنی کورد لە حکوومەتدا ڕێزێکی زۆر بۆ کورد پەیدادەکات.

دیـارە، یەکێک لەو باسانەی کە دێتە پێشەوە لـە پـارلـەمـان، هەمواركردنی دەستوور دەبێ، بۆ هێنانە دەرەوەی ئەو بڕگانەی کە گوایە بۆ بەرژەوەندیی کوردن. کورد دەتوانێ بێژێ «ئێمەی کورد، لەمەولا خۆمان بە پێوەندی دەستوور و مادەی (١٤٠) نازانین. چۆنکە بەبەڵگە ئیسپات بوو، کە لە کورد خۆی بەولاوە تا ئێستا، هیچ لایەک دەستەبەری بەجێهێنانی دەستوور نەبووە، ئەگەرنا تا ئێستە کێشەی کەرکووک و خاکە داگیرکراوەکانی دیکە یەکلایی دەبوونەوە. لەبەر ئەوە ئێمە لە تەواوی ئەو دەستوورە دەکشێینەوە و کەرکووک و مووسڵ و چەند نێوچەیەکی دیالە و کووت و سەلاحەدین و عەمارە بەشێکی جیانەکراوەن لە خاکی داگیرکراوی کوردستان و، هیچ گەلێکیش ڕازینابێ خاکی خۆی بخاتە دەنگدان و هەڕاجەوە. ئێمە ئەو کاتە لەژێر گوشاری ئەمریکا و دڵپاکی خۆمان ئەوەمانکرد و، ئێوەش ڕێزتان نەگرت، ئێستەش دەبێژن کاتی بەسەرچووە. دەوا لای ئێمەش هەر کاتی بەسەرچووە و ئەو شوێنانە کوردستانن بتانەوێ و نەتانەوێ. ئەوەتا مالیکی دەبێژێ، ئەگەر کـورد باسی مـادەی ١٤٠ بکەن، لەحکوومەت دوور دەخرێنەوە». کاتی خۆی گوتم دەستوور بۆ گەلێک دەبێ کە ڕێزی دەستوور بگرێ.

ئەمە هەنگاوێکە، بـەلای منەوە، زۆر بەجەرگانە و پڕسووتە، چۆنکە، کێ دەتوانێ بێژێ، ئەگەر ڕۆژێک دەنگ وەرگیرا لەسەر ئەو خاکە داگیرکراوانە، ساختەکارێتی و فێڵ و تەلەکەبازی و بەرتیل و ترساندن کارێکی واناکەن، کە پرۆسەی دەنگدان بە پێچەوانەی سووتی کـوردەوە نەبێ وەک ئەم هەڵبژاردنەی دوایی، کە کەرکووک بە دیاریی درا بە عەللاوی و نیوەی دەنگدەرانی کوردیش وەک بیزاریدە ڕبڕینێک دژ بە حیزبە کوردییەکان، نەچوون بۆ دەنگدان، ئەو دەمە ناتوانین قسەبکەین، چۆنکە، دەڵێن «ئەوە دیمۆکراتییە و دۆڕاندووتانە»، ئەو دیمۆکراتییەی کە ئەوان هیچ کاتێک، باوەڕیان پێ نەبووە و نییە.

هەرچی پلە و پایەشە، بە ڕاستی ئەو پلەوپایە تەشریفاتییانە، هێندە ناهێنن کورد سنگی خۆی بکوتێ بۆیان. چۆنکە کێشەی کـورد لەبنەڕەتەوە، کێشەی خاکە، نەک کێشەی دەستکەوتنی پلەوپایە و پارە لە دەوڵەتێکدا کە دەوڵەتی کورد نەبێ. کە کورد بە دوای ئەوانەدا نەگەڕا، ئەو دەمە هیچ کەسێک ناتوانێ بێژێ: ئەرێ ئێوەی کورد چیتان دەوێ لەوە زێتر؟ ئەوەتا سەرۆککۆمار و فیسارە وەزێر و فیسارە ڤەزیر لە خۆتانە، ئێدی بۆچی تێرناخۆن؟

ئـەو دەمـە، ئەمریکاش ناتوانێ ڕوو هەڵماڵراوانە، چی دی گوشار بخاتە سەر کورد و کوردیش ئامادە نابێ و ڕوونایگرێ، سەر بۆ داخوازییەکان و بەرژەوەندیی داگیرکەرانی کوردستان شۆڕبکا، بەڵام دەبێ شان بەشانی ئەم هەڵوێستە بوێرانەیە، چالاکییەکی فـراوان و ماندوونەناسانە بخرێتەکار، بۆ ئاشتییەکی نەتەوەیی و، بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، بەنێوچەداگیرکراوەکانیشەوە،بۆهێنانەکایەی پیشەسازیی کشتوکاڵی و تەکنیکی و، بەر لەهەموو شتێک، ئاواکردنەوەی گوندەکان و ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکان لە لەشکرێکی سەربەخۆی ناحیزبی کوردستانی دا و، کردنی هەرێمی کوردستان بە نێوچەیەکی دامەزراوەیی دیمۆکراسی و، پێش هەموو شتێک «دادوەرییەکی سەربەخۆ» بێتە کایەوە، ئەمەش کاتێک لەکردن دێ کە ڕەگی گەندەڵی و دەسەڵاتی حیزبی و بنەماڵەیی و کەڵەگایی چینایەتی و ژندوژمنی، لەبنەوە هەڵگێشرابێ. ئەو حەلە دەتوانین بێ لەڕوودامان، بکەوینە دەمەدەمێ لەگەڵ بەرەی نەیاران و بە بەڵێنە درۆکانی تەفرە نەخۆین. پێشینان گوتوویانە «ئەم جیهانە، یان زۆردار دەیبا، یان بێ ئار دەیخوا»، ئێمە هیچ کاتێک زۆردارەکە نەبووین و، ناشمانەوێ ببین، لێ لە سادەدڵیی خۆمانەوە، هەر پێخوستی زۆردار بووین، دەبا لەمەولا، ڕێی دووەمیان «ڕێی بێ ئاری» بگرینە بەر و، شەرم و شکۆیی ناشییانە لەخۆمان لادەین، بەڵکو لەڕێی «بێ ئاری»یەوە شتێکمان دەستکەوێ.

هیوام وایە، ئەزموونی ژیانی بندەستی و فێڵ و تەڵەکەی نەیاران بەدرێژایی هەزاران ساڵان، هیچ نەبێ، ئەوەی فێری مە کردبێ، کە ڕاستی و دروستی و دڵپاکی، لەگەڵ کەسانی ناڕاست و درۆزن و دڵگەمار، وەک ناڕاستی و درۆ و دڵگەمارییە، لەگەڵ کەسانی ڕاست و دروسـت و دڵپاک. ئەوی کوردستانی بەئازایەتیی ڕۆستەمانە داگیر نەکردبێ، بۆی نییە چاوەڕوانی ئازایەتیی ڕۆستەمانە بێ لەکورد، ئەوی بە درۆ و دەلەسە، کوردی خاپاندبێ، مافی ئـەوەی نییە گوێبیستی ڕاستیی بێ لەکورد.

بەرلین ٢٠١٠/٣/٣١

× کورد نابێ خۆی بکا بە لایەنێکی ئەم شەڕە. بەشدارینەکردنی کورد لە حکوومەتدا ڕێزێکی زۆر بۆ کورد پەیدادەکات.

× کێشەی کورد لەبنەڕەتەوە، کێشەی خاکە، نەک کێشەی دەستکەوتنی پلەوپایە و پارە لە دەوڵەتێکدا کە دەوڵەتی کورد نەبێ.

ئێمەی کورد، لەمەولا خۆمان بە پێوەندی دەستوور و مادەی (١٤٠) نازانین

# بەڕێزان، ئوسامە نوجێفیو هاوڕێکانی... سوپاس



لەتیف مستەفا

## بە مەبەستی ڕێکخستنەوەو پتەوکردنی ماڵی کوردی، ئۆپۆزسیۆن دەستپێشخەرییەکی مێژوویی چاوەڕواننەکراوی کرد

### کەرکوک، لەکلکی گەڕایەوە

ئەمجارە کەرکوک لەکلکی گەڕایەوە، ئەگەرنا لە دەستماندەچوو، ئازاییەکەشی بۆ ئێمە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ برادەرە عەرەبەکانمان کە لەکاتی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، زۆر پێیان لەسەر ئەوە داگرتو دەقێکیشیان لە یاساکەدا جێگیرکرد، کە نابێت دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق ببێتە بنەمایەک بۆ هەر ریفراندۆمێک لەسەر چارەنووسی کەرکوک، چونکە پێیانوابوو، دڵنیاشبوون کە ژمارەی کورد زۆر زۆرترە لە ژمارەی پێکهاتەکانی دیکەو ئەگەر بکرێتە بنەمای ریفراندۆم، کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕێک پێچەوانەبوون. ڕاستە هاوپەیمانییو عێراقییە یەکی شەش کورسییان هێناوە، بەڵام لە ڕووی ژمارەی دەنگەوە عێراقییە زۆرینەی دەنگەکانی هێناوەو بەم پێیەش ئەگەر ئەو دەقە یاساییە نەبوایە کە خۆیان جێگیریان کرد لە یاساکەدا، ئێستا بۆیان هەبوو دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە بکەن بە بنچینەی ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی کەرکوکو بەدڵنیاییەوە بردبوویانەوەو کەرکوکمان بۆ هەتا هەتایە لەدەستچووبوو، بەتایبەتی کە مادەی(١٤٠) لە دەستووری عێراقدا تەنیا زۆرینەی دەنگدەرانی بۆ هەر ریفراندۆمێک داناوە، واتە تەنیا زۆرینە بەسە بۆ ریفراندۆم لەسەر کەرکوک، لەبەرئەوەی عێراقییە یان لایەنەکانی دیکە زۆرینەیان هێناوە، کەواتە بە دڵنیاییەوە کەرکوکیان بردبووەوە، بۆیە بە ڕاستی شایەنی سوپاسن لەسەر ئەو دەقە یاساییەی کە بە خێر بۆ ئێمە گەڕایەوە.

### هۆکارەکەی کێ بوو؟

دیارە هەردوو لایەنی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات یەکتر تاوانبار دەکەن بەوەی کە نەتوانراوە بە یەک لیست دابەزنو لە ئەنجامدا نزیکەی(٦٠)هەزار دەنگی کورد بەفیڕۆچووە، بەتایبەتی هی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن. ئەگەر تا ڕادەیەک ئەمە ڕاستبێتو دەبوایە لەوناوچانە بیرمان لە فۆرمێکی دیکە بکردایەتەوە، بەڵام جگەلەوەش نزیکەی (١١٠)هەزار دەنگدەری کورد لە کەرکوک نەچوون بۆ دەنگدان، باشە ئەوانەی کە نەچوون بۆ دەنگدان هۆکارەکەی کێ بوو؟، ئەگەر ئەو (٦٠)هەزارە دەخرێتە ملی ئۆپۆزسیۆن، ئەوا بەدڵنیاییەوە (١١٠) هەزارەکە دەچێتە ملی دەسەڵات، واتە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن جارێک هەڵە بووبێت، دەسەڵات دووجار هەڵەبووە، چونکە تا ئێستا دوو حیزبی دەسەڵات، ئەم وڵاتە بە موڵکی قۆرغکراوی خۆیان دەزانن‌و دەسەڵات بە چاوی بوونەوەرێکی نامۆ سەیردەکەن‌و تا ئێستاش دەنگدەرانی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن تووشی سزای جۆراوجۆر دەبنەوە.

ئەو (١١٠) هەزارەی کە نەچوون بۆ دەنگدان، بە دڵنیاییەوە لە دەسەڵات نارازیین، چونکە هەستدەکەن چەندین ساڵە ئەم دەسەڵاتە پەراوێزی خستوون‌و هیچیان بۆ ناکات، واتە لە دەسەڵات پڕن، لەوانەیە هەبێت بڵێت ئەی بۆ نەچوون دەنگبدەن بە ئۆپۆزسیۆن؟ بەکورتی لەبەرئەوەی نەیانوێراوە یان توانایان نەبووە، نەیانوێراوە، ئەگەر بچوونایەو دەنگیان بدایە بە ئۆپۆزسیۆن، دەترسان لەوەی تووشی سزا ببنەوە، یان توانایان نەبووە، بەتایبەتی کە زۆربەی خەڵکی کەرکوک لە چینە هەژارەکانە یان لە شوێنی دوورەدەستە، دەسەڵات تەنیا کارئاسانیی بۆ گواستنەوەی ئەوانە کردووە کە دڵنیابووە دەنگدەری خۆین، لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان دەمانخوێندەوە کە وتراوە؛ تەنیا ڕێگە بەوانە بدەن سواری پاسەکان ببن کە دەنگدەری خۆیانن، کەواتە نزیکەی نیوەی دەنگدەری کورد دەنگیداوە، ئەمە جگە لەوەش کە ئەگەر نەبین بە لایەنگری ئۆپۆزسیۆن‌و کراسەکەی لە هەڵە بتەکێنین، بە ڕاستی تەنانەت لە مەسەلەی فرەلیستییو سووتانی دەنگەکانی ئۆپۆزسیۆنیش، دەسەڵات پشکێکی هەر بەردەکەوێت، کە ئەگەر لەوەی ئۆپۆزسیۆن زیاتر نەبێت لەویشیاندا کەمتر نییە، کە لێرەدا نامەوێت باسی بکەم.

### لە هەر خەسارەتێک، عەقڵێک

تازە بیستوومە کە تورک دەڵێت، خوایە عەقڵی کوردم بدەیتێ، بەڵام دوای خەسارەکەی. دەڵێم ئەوەی لە کەرکوک ڕوویدا، تازە ڕوویدا، ناکرێت ئێمە هەر هەڵە بکەین، خۆزگە ئەوەمان بکردایەو ئەوەمان نەکردایە، گرنگ ئەوەیە نەهێڵین مەترسیی گەورەتر ڕووبدات.

ئێستا زۆر بە ڕاستیو ترسێکی گەورە چاوەڕێمانە، چوارساڵی داهاتوو چوارساڵی زۆر گرنگو هەستیارو چارەنووسسازە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەرێمو ناوەند، بەتایبەتی کێشەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان کە پێموایە، ئەگەر لەم خولەدا چارەسەرێکی بۆ نەکەین، تاهەتایە لەدەستمان دەچن.

بەرامبەرەکانمان هەم باشتر خۆیان ڕێکخستووەتەوە، هەم لە ڕووی ژمارەشەوە لە جاران زیاتر بوون، هەم لە ڕوویەکی دیکەشەوە، هەردوو لایەنەکەی بەرامبەرمان چەندین پاڵپشتیی دەرەکییو هەرێمایەتییان هەیەو لە بەرامبەردا، ئێمە هەرێمێکی بچووکی بێکەسین، لەچاو جاراندا ژمارەشمان کەمبووەتەوە، ڕووبەڕووی مەترسیی گەورەو نەیاری گەورەش دەبینەوەو ئەوەی کە هەمانبێت، تەنیا خۆمانین، بۆیە دەبێت ناوماڵی خۆمان زۆر توندوتۆڵ بکەین بۆئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە گەورانە ببینەوەو پێموایە، بنچینەی هێزی هەر کیانێک لەناوخۆی خۆیدایەتی، هەر کیانێک ئەگەر لە ناوخۆدا تەبابن‌و یەکتری قبووڵ بکەن، دیموکراسیو پرەنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات هەبێت، پرەنسیپی لێپرسینەوەو دژایەتیی گەندەڵیی هەبێت، ڕێزگرتنی مافی یەکترو مافی مرۆڤ هەبێت، ئەو کیانە چەند بچووک بێتو دوژمنەکانی چەند زۆرو گەورە بن، دەتوانێت لە بەرامبەریان بوەستێتو پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

ئێستا لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنێک هەیەن جوڵەیەکی باشی خستووەتە پرۆسەی سیاسییەوەو دڵی خەڵکی کوردستانی بەم ئەزموونە خۆشکردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم ئۆپۆزسیۆنە بە چاوی نامۆ سەیردەکرێتو دژایەتی دەکرێتو تا ئێستاش حیزبەکانی دەسەڵات، وڵات وەک تاپۆو قۆرغکراوی خۆیان دەزانن‌و ئامادە نین دان بەو واقیعەدا بنێن کە لە قازانجی هەرێمو خۆشیاندایە، هەروەها لەم دوو هەڵبژاردنەی دواییدا چەندین شتی ناخۆش ڕوویدا کە درزی قوڵی لە نێوانیاندا دروستکردووە.

بە مەبەستی ڕێکخستنەوەو پتەوکردنی ماڵی کوردی، ئۆپۆزسیۆن دەستپێشخەرییەکی مێژوویی چاوەڕواننەکراوی کردو یەکەم لایەن بوو، داوای یەکهەڵوێستیی کردو نەک هەر ئەوەش، بەڵکو ئامادەییشی نیشاندا تا ئاستی بەستنی(هاوبەندی) ئیئتیلافیش بڕوات لەگەڵ لایەنەکانی دیکەو لەوەش زیاتر ئامادەیی نیشاندا لەسەر کاندیدکردنەوەی بەڕێز، مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بەرامبەر داوایەکی بچووک، تەنیا ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکان‌و لابردنی سزای سیاسیی کە ئەمە هیچ نییە لەچاو ئەو هەموو مەترسیو نەیارانەی کە چاوەڕێمانن، ئەمەش هەمووی لە پەرۆشی ئۆپۆزسیۆن بوو بۆ یەکریزیی بۆئەوەی تۆمەتبار نەکرێت بەوەی کە ئەو یەکریزیی تێکداوە. ئێستا تۆپەکە لە ساحەی دەسەڵاتدایە، ئەگەر بەجدیی بەپیر ئەو داواکارییە نەک بچووک، بەڵکو ئاساییەدا نەیەت کە مافی خۆشیەتی، ئەوکات ئۆپۆزسیۆن چۆن بڕوات بۆ بەغدا، کەس گلەیی لێ ناکات، ئەوکاتیش ئەوەی بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆ، دەسەڵاتە نەک ئۆپۆزسیۆن کە لەوانەشە دەرئەنجامەکەشی لەوەی کەرکوک خراپتر ڕووبدات، هەڵێکی مێژووییەو هیوادارم کەسمان نەبینە هۆی لەدەستدانی.

---

# کێ بەرپرسە لە فەوتانی دەنگەکان؟ یاساکانی کۆمسیۆن یان فرەلیستیی کوردیی؟



بێستون فایەق

دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و کەمبوونەوەی ڕێژەی کورسییەکانی کورد لە ناوچە دابڕێنراوەکان، لەنێو لایەن‌و پارتە کوردییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردندا، چەند لایەنێک بە بەرپرسیاری کەمبوونەوەی ڕێژەی کورسییەکانی کورد لەو ناوچانە لە قەڵەمدەدرێن، بەوەی نەهاتوونەتە چوارچێوەی یەک لیستی کوردییەوەو زۆرجاریش بۆ مەبەست ژمارەو داتای هەڵەو پێچەوانە دەدرێت بە گوێی هاوڵاتییانداو دەوترێت فرەلیستیی هۆکاری سەرەکیی لەدەستدانی چەند کورسییەکی پەرلەمانەو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بە بەرپرسیاری ئەو ڕووداوە تۆمەتبار دەکرێن، بێئەوەی ئاوڕێک لەو یاسایانەی کۆمسیۆن بدرێتەوە، کە لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پەسەندکران‌و هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی ڕێژەی کورسییەکانی کوردو فەوتانی دەنگەکانن. ڕاستە کورد چەند کورسییەکی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەکیس چووە، بەڵام کێ بەرپرسی لەدەستدانی دەنگەکان‌و کەمبوونەوەی ڕێژەی کورسییەکانە؟ سیستەمو یاساکانی کۆمسیۆن، یان فرەلیستیی؟، ئەگەر هەموو قەوارە کوردییەکان بە یەک لیست بەشداربوونایە کۆی کورسییەکانی کورد بەم ڕێژەیەی ئێستا دەبوو، کە (٥٧) کورسییە یان زیادی دەکرد؟

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە کۆمسیۆن ڕایگەیاندووە لە پارێزگای بەغدا، بە هەموو لیستە کوردییەکان (٢٧٢٤٦) دەگیان بەدەستهێناوە، کە ناکاتە یەک کورسی،

هەروەها لە پارێزگای سەلاحەدینیش لیستی هاوپەیمانیی کوردستان (٢٢٦٧٦) دەنگو لیستی گۆڕان (٢٦٥٤) دەنگو لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکان (١٩٨٩) دەنگی بەدەستهێناوە، کە کۆی دەنگی هەرسێ لیستەکە ناکاتە کورسییەک، لە پارێزگای دیالەش، جگە لە یەک کورسییەکەی هاوپەیمانیی کوردستان،(١٢٠٥٨) دەنگی هەموو لیستە کوردییەکان فەوتاوە، کە ناکاتە نیو کورسیش، لە پارێزگای کەرکوک (٦٩٠٠٠) دەنگی لیستە کوردییەکان فەوتاوە، لەبەرامبەردا (٢١) لیستو قەوارەی عەرەبو تورکمانی پارێزگای کەرکوک (٦٩٩٠٠) دەنگیان فەوتاوە، کە بەمەش ڕێژەی فەوتانی دەنگەکانی لایەنەکانی دیکە زیاتر لە لایەنە کوردییەکانە، لە پارێزگای نەینەواش جگە لە (٨) کورسییەکەی هاوپەیمانیی کوردستان، کۆی ئەو دەنگانەی کورد کە فەوتاوە ناکاتە کورسییەک، بەشێوەک کە کۆی ئەو دەنگانەی هاوپەیمانیی کە ماوەتەوەو دەنگی لیستەکانی گۆڕان‌و کۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامیی دەکاتە (١٧٦٥٨) دەنگ، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ناکاتە کورسییەک.

وەک ئاشکراشە بەهۆی پەیڕەوکردنی سیستەمی فرەبازنەیی لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی پارێزگایەک ناچێتە سەر پارێزگایەکی دیکەو ئەو دەنگانەی کە ناکاتە دەنگی کورسییەک دەفەوتێن.

کەواتە کاتێک باسی فەوتانی دەنگی کوردو کەمبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانی کورد دەکرێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، حەق وایە یاساو ڕێساکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن‌و پەیڕەوکردنی سیستەمی فرەبازنەیی ڕوونبکرێتەوە، کە ئەو یاسایانە هۆکاری سەرەکیی فەوتانی دەنگەکانن، نەک فرەلیستییو بەشداریی چەند لیستێکی جیای کوردی لە ناوچە دابڕێنراوەکان.

---

# لەبەرئەوەی «ب ڕەنگەکێ نەباش باسێ زانکۆیێ هاتیە کرن» سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک بەنیازە پەنا بۆ یاسا ببات

رۆژنامە

دوای ئەوەی ڕۆژنامەکەمان ڕاپۆرتێکی لەسەر زانکۆکانی هەرێم بە ناونیشانی (حیزب چی بە مامۆستاو مامۆستا چی بە زانکۆکان کردووە) بڵاوکردەوە، زانکۆی دهۆک نووسراوێکی بە ناوی (ڕاستقەکرن) ئاراستەی ڕۆژنامەکەمان کردووە، کە شایانی لەسەر وەستانە.

ئەو نووسراوە پێش هەمووشتێک ژمارەو ڕۆژی دەرچوون‌و ئیمزای هیچ بەرپرسێکی بەسەرەوە نییە، ڕاستە لەسەر کلێشەیەک نووسراوە، کە لۆگۆی زانکۆکەی بەسەرەوەیە، بەڵام بۆئەوەی وەک نووسراوێکی باوەڕپێکراو تەماشای بکرێت دەبوو مۆرو ئیمزاو مێژووی دەرچوونی بەسەرەوە بوایە.

نووسراوەکە بەناوی ڕاستکردنەوەوە ئاراستەی ئێمە کراوە، بەڵام هیچ خاڵێکی دیارینەکردووە، کە ڕۆژنامەکەمان‌و ڕۆژنامەنووسەکەمان هەڵەی تێداکردبێتو بۆی ڕاستکردبێتینەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە چەند ڕستەیەکی لەبارەی ئەوەوە نووسیوە، کە گوایە ئێمە دوور لە گیانی مۆراڵی ڕۆژنامەوانیی زانیاریی ناڕاستمان لەسەر زانکۆکەیان بڵاوکردووەتەوە، لەڕاستیدا ئەوەی لەسەر زانکۆی دهۆک بڵاومانکردووەتەوە لە زاری مامۆستایەکی زانکۆکەوە وەرگیراوە، کە قسەکانی بە دەنگ لامان پارێزراوە.

گەلۆ، ئەوەی ئێمە لە ڕاپۆرتەکەماندا لەسەر زانکۆی دهۆکو تەواوی زانکۆکانی دیکە باسمانکردووە، کەس ناتوانێت نکۆڵییان لێبکات، کێ هەیە نەزانێت دەستوەردانی حیزب لە زانکۆکان بەردەوامە، وەرگرتنی خوێندکاران لە خوێندنی باڵا بە نمرەی نزمەوە لەبەرئەوەی کوڕی حیزبو بەرپرسەکانە دیاردەیەکی بەرچاوە، یان کێ هەیە نەزانێت مەسەلەی دانانی سەرۆکی زانکۆ، ڕاگرو سەرۆک بەشەکان دوورە لە بنەمای زانستیو بە بڕیاری حیزبە، زۆرێک لەو بەرپرسانەی زانکۆ بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ لە پۆستەکانیاندا ماونەتەوە.

باشە باسکردنی ئەو کەموکوڕییانە بۆ دوورە لە بنەماکانی مۆراڵی ڕۆژنامەوانیی، وەک زانکۆی دهۆک ڕۆژنامەکەی ئێمەی پێ تۆمەتبار دەکات؟ لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری داوە لە دادگا سکاڵا لەسەر ڕۆژنامەکەو ئەو ڕۆژنامەنووسە تۆماربکات، کە ڕاپۆرتەکەی ئامادەکردووە.

جێگەی داخە زانکۆیەک کە خۆی بە قەڵای مەعریفەت دەزانێ وا لە مۆراڵی ڕۆژنامەگەریی گەیشتبێت، کە دەبێت تەنیا وەسفو سەناکردن بێت، ئەگەر ڕۆژنامەیەک ڕەخنەی گرت، ئیتر ئەو ڕۆژنامەیە بێ مۆراڵەو دەبێت دادگایی بکرێت.



# نێچیرڤان بارزانی وای وت



**مەهدی ئەبوبەکر**

بەندە، تا ئێستا چەندین شتی باشم لەبارەی کەسایەتیی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بیستووە، بەڵام نازانم ئەوانەی دەربـارەی ئەو پیاوە دەوترێن چەندی راستەو چەندی ناراستن؟، چونکە لە دوو کۆبوونەوەی گشتیی رۆژنامەنووسان بترازێت، هەرگیز بەڕێز بارزانیم لە نزیکەوە نەبینیوە. ئەوەی گومانم لێی نییە ئەوەیە کە بارزانی میانەیەکی زۆر باشی لەگەڵ رۆژنامەنووساندا هەیە، چونکە زۆرێک لە هاوکارە رۆژنامەنووسەکانم چەندینجار ئەوەیان بۆ دووپاتکردوومەتەوەو وەک باسیشدەکرێت، تەلەفۆنی شەخسیی لەگەڵ هەندێکیشیاندا هەیەو لە دانیشتنەکانیشدا لەگەڵ رۆژنامەنووسان، بێئەندازە رێزیان لێدەگرێت، وەک برادەرێکم بۆی گێڕامەوە، رێزەکەی هێندە زۆرە، کە ئامادەبووەکان ئیحراج دەکات.

ئەوەی سەرنجی راکێشام، تا ئەم بابەتە لەسەر نێچیرڤان بارزانی بنووسم، ئەو پەیوەندییە خۆشەی نییە لەگەڵ رۆژنامەنووساندا، یان قسەکردن نییە لەسەر ئەدائی لە کابینەی پێشووی حکومەتدا، بەڵکو ئەوەی هانیدام ئەو قسانەی بوون کە لە (ژمارەی ٥٧٥ی رۆژنامەی رۆژنامە)دا لە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژدا کردبوونی.

بارزانی لەو چاوپێکەوتنەدا، نموونەی سیاسییەکی جیاوازی ناو دەسەڵاتی پیشانداوە، نموونەیەکی زۆر جیاواز لە سیاسییە بڕیاربەدەستەکانی دەسەڵات. بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە بیرکردنەوەی دەسەڵات سەبارەت بە بەڕێوەبردنی وڵات، یەکگرتنەوەی حکـومـەت، ئـاسـایـشو هـێـزەچـەکـدارەکـان، پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا. لە هەمووشیان گرنگترو کاریگەرتر، سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستانو مەسەلەی نانبڕاوەکان بوو.

بارزانی، زۆر بەجورئەتەوەو بەبێ پێچوپەنا لەبارەی ئەو مەسەلانەوە قسەی کردووە، ئەوەی خۆی بـڕوای پێی هەیە وتویەتی. سەبارەت بە دوو ئیدارەیی بە راشکاوانە دەڵێت: «دوو ئیدارەیی هەر ماوە، بەڵام هەنگاو هەیە بۆ ئەوەی ئەو دوو ئیدارەییە نەمێنێت.» ئەوپەڕی ئازایەتی لەو قسەیەدا بەدیدەکرێت، چونکە لەلایەک داننانە بە واقیعەکەداو لە لایەکیش رەخنەگرتنە لە خودی خۆیشی، کە تا شەش مانگێک لەمەوبەر سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو. ئەوەش مانای ئەوەیە کە بارزانی لەچوارچێوەی بیرکردنەوەی سیاسیی خۆیدا لەوەش ناپرینگێتەوە کە رەخنە لە ئەدائی خۆیشی بگرێت.

لەبارەی ئاسایشو هێزە چەکدارەکانیشەوە، دەڵـێـت: «..... بـەداخـەوە نەمانتوانیوە هێزی پێشمەرگەو ئاسایش لە هەرێم یەکبخەین.....» ئەوەش دانپێدانانێکی ئازایانەیە لەلایەن بەرپرسێکی پایەبەرزەوە کە خودی حیزبەکەی خاوەنی هێزی پێشمەرگەو ئاسایشە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارێکی کاریگەری حکومەتە.

لـەو چاوپێکەوتنەدا، نێچیرڤان بـارزانـی، بۆچوونێکی نوێی لەبارەی ئۆپۆزسیۆنو لەناو ئۆپۆزسیۆنیشدا لەبارەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە خستووەتەڕوو. لەوانەیە ئـەو بۆچوونانەی رووبەڕووی رەخنەشی بکەنەوە لەلایەن حیزبەکەی خۆشیەوەو یەکێتیی نیشتمانیش توورە بکات، بەڵام بارزانی بۆچوونەکانی خۆی لەچوارچێوەی قەناعەتێکدا خستووەتەڕوو، کە بەرژەوەندیی هەموو هەرێمی کوردستانی تێدایە.

ئەوەش ئەوە روونەدەکاتەوە کە ئەو بەڕێزە، ئاسۆی بیرکردنەوەی زۆر فراوانترو جیاوازترە لە بیرکردنەوەی بەرپرسە باڵاکانی دیکەی دەسەڵات، چونکە بارزانی لەوە تێگەیشتووە کە ئۆپۆزسیۆن بۆ هەرێم پێویستە، ئەو بۆچوونەش پێچەوانەی بـیـرکـردنـەوەی دەسـەڵاتـە، کـە لەبەرخاتری بەرژەوەندیی خۆی دەیەوێت ئۆپۆزسیۆن لەسەر بێشکە سەربڕێت، بەڵام بارزانی بێگوێدانە ئەوەی کە رەنگە لە دوارۆژدا ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات لە حیزبەکەی ئەویش وەربگرێت دەڵێت: «...... من پێموایە؛ ئەوە دیاردەیەکی زۆر تەندروستە کە ئۆپۆزسیۆنێکمان هەبێت، بۆ ئەوەی چاودێریی دەسەڵات بکات......».

لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) بـەدواوە، کێشەی نانبڕاوەکان وەکو مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لە هەرێمدا سەریهەڵدا، بەڵام دەسەڵات، بەتایبەتی یەکێتی ئەوەی رەتکردووەتەوە، نانی کەسی بڕیبێت، بەڵام بەڕێز بارزانی، هەم وەک مەسەلەیەکی سیاسیی، هـەم وەک مەسەلەیەکی ویژدانیی لەوبارەیەوە دەڵێت: «..... بە بۆچوونی ئێمە، ئەمە کارێکی ئێجگار نارەوایە، بەتایبەتی نانبڕینو بڕینی قوتی رۆژانـەی ماڵو منداڵ، کە شتێکە نابێت لە هەرێمی کوردستاندا رووبداتو پێویستە چارەسەرێکی جدیی بۆ بکرێت.......».

قسەکردنی راشکاوانەی بارزانی لەبارەی بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە، لەکاتێکدا کە بارزانی کەسی دووەمی ناو پارتیو سیاسییەکی خاوەن پێگەو بڕیاربەدەستی هەرێمە، ئەو بۆچوونە پشتڕاستدەکاتەوە کە دەیەوێت بیرکردنەوەی دەسەڵات سەبارەت بەو بزووتنەوەیە بگۆڕێت، چونکە دەزانێت ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە وەک ئەوەی هەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکرێت، ئەوا کوردستان دووچاری ئاڵۆزی دەبێتەوە. بارزانی لـەوە گەیشتووە کە ناکرێت بزووتنەوەیەکی سیاسیی بەرفراوانی وەک گۆڕان، نادیدە بگیرێتو لە هاوکێشە سیاسییەکاندا حیسابی بۆ نەکرێت، بۆیە بێگوێدانە ئەوەی کێ پێیخۆشەو کێ نیگەرانو کێ توورە دەکات، زۆر بەسانایی دەڵێت: «..... ئەو گۆڕانکارییەی لە کوردستان روویـداوە، دەبێت بە سروشتی وەریبگرین، ئەم هێزە هێزێکە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا وجودی هەیەو خاوەنی (٢٥) کورسییەو لەناو پەرلەمانی عێراقیش (٨) کورسیی هەیە......».

ئەوەی نێچیرڤان بارزانی، لەو چاوپێکەوتنەدا وتوویەتی؛ شایانی لەسەر وەستانە، چونکە دنیابینییەکی نوێیە لەناو خودی دەسەڵاتەوە سەریهەڵداوە. جۆرە بیرکردنەوەیەکی نوێیە بۆ سیاسەتو بەڕێوەبردنی وڵات، بە پێچەوانەی بیرکردنەوە تەقلیدییەکەی دەسەڵاتەوە، کە دەیەوێت هەموو شتێک پاوانی خۆی بێت.

ئەگەر ئەو بۆچوونانەی بەڕێز بارزانی لە داهاتوودا رەنگو سەدای لەسەر گۆڕەپانەکەدا هەبێتو بچێتە بواری کرداری سیاسییەوە، ئەوا ئاسۆیەکی فراوان بۆ پێکەوەژیانی سیاسییانەی لایەنەکانو گەشەی هەمەلایەنە چاوەڕوانی هەرێم دەکات.

# پاراستنی ژینگە، یان پاراستنی حیزب؟!



**یەحیا عومەر رێشاوی**

ئـەو دیمەنە دڵتەزێنانەی بـەچـاوی خۆم لە سەیرانگەکانی کوردستاندا بینیمو لەناخەوە ئازاریاندام، دەرخـەری ئەو راستییەن کە تاچەندێک (هۆشیاریی ژینگەیی) و (خۆشویستنی نیشتمان)و (هەستی هاوڵاتیبوون) لای بەشێکی زۆر لە هاونیشمانییانمان لەدوای دواوەیە. کاتێک خانەوادەو هاوڵاتییەکی ئەم نیشتمانە بۆ گەشتو سەفا، خۆیان دەگەیەننە پانتاییەکی سەوزو پەنا کانییەکی زوڵاڵو پاش کەیفکردنو تێربوونو چڕینی گۆرانییو هەڵپەرکێو شاییکردن، بێباکانە ئەو ژینگە خوداییو سیحراوییە چڵکنو قێزەون دەکەنو وەک پاڵەوانێکو بەبەرچاو منداڵەکانو نەوەی نوێوە، پاشماوەی خۆراکەکانیان بەجێدەهێڵن، ئیدی چۆن چاوەڕوانییان لێدەکەیت بۆ نیشتمانەکەیان بەپەرۆشو بۆ خاکەکەیان دڵسۆزو خۆبەختکەر بن!

داخەکە بۆ ئەوەیە، هەر خودی ئەم کەسە (بەڕێزە) رەنگە لەهەڵبژاردنەکانی (٣/٧)دا بانگەشەکارو بستێ زمانی درێژ بووبێتو لافی ئازادییو دیموکراسییەتو یەکسانیی لێدابێت، خودی ئەم هاوڵاتییە (ئەگەر دروست بێت، پێی بڵێین هاوڵاتی) رەنگە جەنگی دەستەویەخەی لەگەڵ رکابەرەکانی کردبێتو لەکۆڕو مەجلیسیشدا شیکەرەوەیەکی سیاسیی دەرەجە یەک بووبێت؟! رەنگە لەهەموو کەس زیاتر باسی وەتەنییەتو سامانی نیشتمانو بودجەو گەندەڵییو گشت دۆسیە سیاسییەکانی دیکەی کردبێت، بەڵام هەر پاش هەفتەیەکو بۆ خاتری خۆشیو حەوانەوەی خۆی، سەوزاییو کانییەکانی ئەم خاکە بەهەشتییە دەکاتە قوربانیی چێژە کاتییەکانی خۆی.

بە راستی هەقە هەموومان بە ئەسەفو خەمەوە لەم دیاردە ناشارستانییە بدوێینو لەناخەوە ئەوانە ببوغزێنین کە رەنگە بە کۆڵێک بڕوانامەو گیرفانی پڕو دونیایەک شارەزایی سیاسییەوە لەکۆڕو بۆنەکاندا دەرکەون، کەچی ناتوانن پارێزگاری لەم ژینگە پاکو ئەفسوناوییە بکەنو دڵسۆزییەکانیان لەجێگەی خۆیدا خەرج بکەن. مەگەر ئەوانەی دەهاتنە سەر شەقامەکانو هاواری هەڵبژاردنیان دەکرد، هەر ئەم (بەڕێزانە) نین کە پاش هەفتەیەک خۆیان گەیاندە سەیرانگەکان، مەگەر هەر هاوڵاتی ئەم نیشتمانە نین کە بێڕەحمانەو بێشەرمانە خاکو ئاو و ژینگەمان لێ ناشیرین دەکەن، خۆ کەس ناتوانێت گەشتیارانی ئێرانی تۆمەتبار بکات، چونکە ئەوان هەم ژمارەیان کەمو هەم فەرهەنگی پاراستنی ژینگەو سەیرانگەکان لای تاکی ئێرانی لە ئاستێکی باڵادایەو کەسیش ناتوانێت پێمان بسەلمێنێت، ئەمانە لە ئەستێرە، یان وڵاتێکی دیکەوە هاتوونو فەرهەنگی پاراستنی ژینگەییان نزمە! ئەوە هەر خودی خۆمانین، ئەم (تاوانانە) ئەنجامدەدەینو پێویستە رەخنەی توند ئاڕاستەی خۆمان بکەین.

من دەڵێم، هەق وایە کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو حکومەتی هەرێم، ئەم چەند مانگەی پێش سەرقاڵبوون بە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان تەرخان بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیارییو وریاکردنەوەی هاوڵاتییانو ئەندامانی لایەنەکانو کارمەندی فەرمانگەکانو قوتابییانو خەڵکی بەگشتیی، لە ترسناکیو ئاسەواری خراپی ئەم خووە ناشارستانییە، جێی خۆیەتی کە کۆمیتەو ناوچەکان، مەڵبەندو لقەکان، لیژنەو مەکتەبەکان، فەرمانگەو زانکۆو پەیمانگەکان، بەخەستیو لە هەڵمەتێکدا لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە بدوێنو بودجەیەکی تایبەت بۆ ریکلامکردنو پڕۆژەی هۆشیارکردنەوەی تاک لە پاراستنی ژینگەو نیشتمانەکەی بخەینە گەڕ.

من چی بکەم لە هاوڵاتییەک کە تا سەرئێسقان حیزبییو سیاسیی، کەچی پلەی پەرۆشیی بۆ نیشتمانو خاکو ئاوەکەی لە خوار سفرەوە بێت، چی بکەم لە هاوڵاتییەک، بیست ساڵە کۆبوونەوەی حیزبیی پێدەکرێتو بابەتی سیاسییو فیکریی بەگوێدا دەدرێت، کەچی قوتووە بیبسی لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە ئاودیودەکاتو ئەلفو بێی پاکراگرتنو پاراستنی ژینگەی دەوروبەری فێر نەکراوە، هەر بۆیە ئەمە داواکارییەکە بۆ حکومەتو حیزبو لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ هەڵمەتێکی نیشتمانیی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەییو گەڕاندنەوەی بەهاو جوانیی بۆ سەیرانگاکانمان. تۆ بڵێی، کەسێک هەبێت، بەدەممانەوە بێت؟! تۆ بڵێی!

yreshawy@yahoo.com

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

## ئاگاداری دەرفەتی کار

فەرمانگەکەمان لە شاری سلێمانی پێویستی بە کارمەند هەیە لەم بوارانەی خوارەوەدا.

| | |
|---|---|
| ١. بەرپرسی ئۆفیس | ١ کارمەند |
| ٢. کارگێڕی و دارایی | ٢ کارمەند |
| ٣. تۆمارکار Data Entry | ١٨ کارمەند |
| ٤. سەرپەرشتیاری تۆمارکار | ١ کارمەند |
| ٥. دابەشکاری ناسنامە | ٤ کارمەند |
| ٦. وادە دانەر | ١ کارمەند |
| ٧. پرسگە | ٢ کارمەند |
| ٨. ووردبینی زانیاری | ٢ کارمەند |
| ٩. ی. سەرپەرشتیاری تەکنیکی Assistant Technical Supervisor | ١ کارمەند |

**مەرجەکان:**

١. پێشکەشکار پێویستە لانی کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت لە بواری پەیوەندداردا، تەنها بۆ تۆمارکار نەبێت کە دەکرێت خاوەنی بڕوانامەی دیبلۆم بێت لە زانستی کۆمپیوتەردا.
٢. خاوەنی ٢ ساڵ ئەزموون بێت لە بواری پەیوەندداردا. بەرپرسی ئۆفیس پێویستە خاوەنی ٥ ساڵ ئەزموون بێت لە بواری بەڕێوەبردندا.
٣. توانای بەکارهێنانی کۆمپیوتەری لە ئاستێکی بەرزدا بێت. بۆ هەریەک لە پۆستەکانی کارگێڕی و دارایی لەگەڵ وادەدانەر بەکارهێنانی excel لە ئاستێکی بەرزدا مەرجە.
٤. توانای چاپکردن بە زمانی کوردی لە ئاستێکی بەرزدا بێت.
٥. شارەزایی زۆر باشی زمانی ئینگلیزی بۆ پۆستی سەرپەشتیاری تەکنیکی مەرجە.
٦. پێویستە دامەزراو نەبێت لەلایەن حکومەتەوە بەفەرمی.

**تێبینی:**

١. تکایە C.V ـی (بە هاوپێچ) بنێرە بۆ ئیمەیلی vacancy.slemany@gmail.com و دڵنیابە لە دانانی ژمارە تەلەفۆن لە ناو C.V ـیەکەتدا.
٢. هەر کەسێک ئەو مەرجانەی لای سەرەوەی تێدا نەبێت داواکارییەکەی پشتگوێ دەخرێت.
٣. دوابەروار بۆ وەرگرتنی داواکاریی کار ٢٠١٠/٠٤/١٨ یە.
٤. دامەزراندن بەشێوەی گرێبەست دەبێت.
٥. داواکار پێویستە لە تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتنی تایبەت سەرکەوتووبێت پاشان وەردەگیرێت.

# کێ گۆڕانە، گۆڕان هی کێیە؟



هۆشیار عەبدوڵڵا

کەم نین ئەوانەی گۆڕانخوازن، نەک لەبەرئەوەی هەڵسوڕاوەکانی بە فریشتە دەزانـن گۆڕانخوازن‌و دەنگ بە گۆڕان دەدەن، چونکە دەزانـن بەرپرسیارێتی مێژوویی داوای ئەوەیان لێدەکات هێزی سێیەم (سێوی سێیەم) دروستبکەن‌و چیتر دەسـەڵات پاوان نەکرێت، دووریش نییە دوای دروستکردنی هێزی سێیەم هەر ئەو دەنگانە لە هەوڵی دروستکردنی هێزی دیکەشدا بن، ئاخر دیموکراسییەت واتە جیاوازیی، واتە فرەیی...

گـۆڕان خـاوەنـی ئایدیۆلۆژیایەکی تەڵقیندەر نییە، ئەوەی بیەوێت ئەو بارودۆخە سیاسییە بە ئاراستەی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن‌و سەرکەوتنی ئەو چەمکانەی گۆڕان خستوویەتیە کۆمەڵگە، بگۆڕێت، گۆڕانەو گۆڕانخوازە، سەرخستنی گۆڕان تەنیا سەرخستنی لیستێک‌و گۆڕینی دەسـەڵات نییە، بەڵکو لـە جـەوهـەردا سەرخستنی پرۆژەی ئەو چەمکانەیە کە گۆڕان بە جورئەتەوە خستیە سەر گۆرەپانی سیاسیی‌و بەردەم رای گشتیی، گۆڕانخوازان بوون بە جدیی دژایەتی گەندەڵییان تەنیا بە پشتیوانی سایتێک‌و رۆژنامەیەک راگەیاندو کردیانە بابەتی قسەو بـاس‌و وایانکرد سوپەر گەندەڵەکانیش بڵێن: پێویستە گەندەڵیی نەمێنێت..! لە باسی گەندەڵیی‌و هەوڵەکانی گۆڕاندا بۆ دژایەتی ئەو دەردە، با باسێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، لە یەکێک لە بەرنامەکانی(رووبەڕوو)دا نەوشیروان مستەفا باسی زۆر کێشەی کۆمەڵی کوردەواریی کرد، لەناویاندا وتی گەندەڵیی لە هەرێمدا وەک خۆڵبارینی لێهاتووە بەخۆت نازانیت‌و ناشتەوێت، بەڵام ناچاری هەڵیمژیت، بۆ بەیانی لێپرسراوێکی باڵای حیزبیی‌و ئیداریی، کە سوکە دەستێکی لە گەندەڵیدا هەیە، یەکێک لە هەڵسوڕاوەکانی گۆڕانی بینیبوو، وتبووی قسەکانی ئەمشەوی کاک نەوشیروان زۆر بەهێزبوون قسەی جوانی کرد، هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان پرسیبووی وەک چی؟، لێپرسراوەکە وتبووی بەتایبەت ئەوەی کە وتی گەندەڵیی وەک خۆڵبارین وایە هەموو کەس هەڵیدەمژێت، تومەز وایزانیوە ئەو بۆچوونەی کاک نەوشیروان ئەستۆپاکیی بۆ دەکات..!

بـە گـەڕانـەوە بـۆ فـەلـسـەفـەی پشتیوانیکردنی گۆڕان، دیسان پشتیوانییە لە مافی هاوڵاتیبوون‌و جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت‌و شەفافیەتی بودجەو دەسـەڵاتـێـکـی دیـمـوکـراسـی دوور لە پاوانخوازیی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و پشتیوانیکردن لە ئالوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، هەموو ئەم چەمکانە گریمانەی سەرکەوتنی نەک بە تەنیا گۆڕان، بەڵکو سەرکەوتن‌و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنن، ئیدی ئەوە غەدرێکی گەورەیە بـەروارد لەنێوان کادیرێکی حیزبی‌و گۆڕانخوازێک بکرێت، چونکە دووەمیان هێندەی مەبەستی ئەوەیە سیاسەت لە نوێبوونەوەدا بێت، ئەوەندە مەبەستی بەرژەوەندیی بەرتەسکی کەسی‌و حیزبیی نییە.

کەواتە ئەوەی حەزبکات ئەو چەمکانەی لـەسـەرەوە باسکران سەرکەوتووبن، گۆڕانیش نەبێت گۆڕانخوازە، دەنگیشی بە گـۆڕان نەدابێت هەر گۆڕانە، کەواتە گـۆڕان نە بە شوناسەو نە بە پێناسەو ناونووسکردن دەبێتە گۆڕان، گۆڕانبوون بەرلەوەی ئینتیمای سەر کاغەز بێت، مەیلی هۆشیارانەی ناو فیکری مرۆڤەکانە، کە دەشگوترێت گۆڕان ماڵی هەمووانە، ئەو ماڵە ماڵێکە بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو دواکارییە سیاسییەی کە بە رێکخراوبوون نەبێت تەنیا لەسەر کاغەزو وشەی رۆژنامەکان دروست نابێت، ئێستا تێکڕای گۆڕانخوازان هـەڵـسـوڕاوی ئـەو ماڵەن بێ جیاوازی ئاستەکان، تا ئەوکاتەی گۆڕان هەوڵێک بێت بۆ ئەوەی مۆدێلێکی نوێ بەرهەمبێنێت لە کاری سیاسیی، رێکخراوەیی، گۆڕانخوازان لە هەموو ئاست‌و چین‌و توێژەکان زۆرن‌و ماڵەکە بە هی خۆیان دەزانن، هەرکاتیش بوو بە ماڵی چەند کەسێک‌و بەرژەوەندیی چەند گرووپێک بوو، عاقیبەتی خێر نابێت‌و هەموومان لێی دێینە قسە، گـۆڕان تا ئامرازی خزمەتی خەڵک بێت هی هەمووانە، هەرکاتیش وەک ئەوەی ئێستا حیزبەکانی دیکە دەیکەن گۆڕانیش خۆی لێ بوو بە ئامانج، ئەوکاتە ماڵی هەمووان نییەو زووش دڵۆپە لێیدەدات.

لەو کۆمێنتانەی بۆ وتاری رابردووم هـاتـووە، چەند دۆستێک نووسیویانە، بۆ رەخنە لە گـۆڕان ناگریت‌و دەنگیان کەمیکردووەو ئیعتراف بەوە ناکەیت؟! لە راستیدا من دەڵێم هەڵبژاردنی رابردوو من بە کـردەوە لە ناو کاری راگەیاندن‌و پـڕوپـاگـەنـدەی گـۆڕان بـووم، خۆزگە هەمووان رادەی نادیموکراتیبوونی ئەو فشارەیان دەزانـی کە لەسـەر گـۆڕان‌و گۆڕانخوازان بـووە، باسەکە جیاوازییە لەنێوان دوو بۆچوون، بۆچوونێک دەنگی ئـەو هەشت کورسییە، سـەربـاری ئەو هەموو فشارە بە سەرکەوتن دەزانێت‌و بە سەرەتای دروستبوونی ئیرادەیەکی دەزانێت کە بەرگەی ئەو هەموو فشارە دەگرێت، بۆچوونێکیش دەڵێت بەرامبەریش دەنگی زۆر هێناوە، بەڵام ناڵێت ئەم دەنگانە چەند حەرام‌و بەرهەمی چ تەزویرێکی بەربڵاون.

گـــۆڕان یـەکـێـک لـە جوانییەکانی رەخنەلەخۆگرتنەو کەس وەک هەڵسوڕاوە دیـارو بەرچاوەکانی گـۆڕان خەریکی رەخنەلەخۆگرتن نین‌و نیگەران‌و راڕانین لەوەی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە چەند بۆ ئایندەی خەڵک‌و دیموکراسی‌و ئازادیی گرنگەو خوانەخواستە شکستیشی چەندساڵ چاوەڕوانیی دەوێـت تا ئومێدی هێزێکی نوێ سەردەربێنێت، ئومێدێک کە تیایدا فرەیی هەبێت‌و دیموکراتییەت تەنیا وشەو بۆچوونی ناو بێژەو وتاری بۆنەکان نەبێت، تەنیا کاتێک داوای بوونی ئۆپۆزسیۆن نەکەن کە وجودی نییە، ئەوکاتەی دێتە بوون بتوانن بە دوژمنی نەزانن‌و گۆڕی بۆ هەڵنەکەنن، ئاخر خۆ دیموکراسیبوون بە قسە خۆشە، بەڵام خۆیان وتەنی (کردار شەرتە)!.

جارێکیان سەرکردەیەکی بە قسە دیموکراتی وتار بۆ خەڵک دەخوێنێتەوەو هاواردەکات؛ ئێمە وڵاتێکی دیموکراتین، ئێمە پێشکەوتووخوازین، ئێمە سۆشیال دیموکراتین، هاوڵاتییەک لێی دێتە دەنـگـو دەڵـێـت؛ جەنابی سـەرۆک کوا دیموکراتییەکەتان؟! سـەرۆک وەڵامـی نـاداتـەوەو دیسان بـەردەوامـدەبـێـت لە دروشمەکانی.. ئێمە دیموکراتین، ئێمە بـاوەڕمـان بە ئـازادیـی بـیـروڕا هەیە؟! ئەمجارەیان هاوڵاتییەکی دیکە لێی دێتە دەنگو دەڵێت؛ کوا دیموکراتییەکەتان؟ کوا ئازادییەکەتان؟ کوا پێشکەوتووخوازیتان؟ کـوا ئـەو پـیـاوەی ئێستا پێی وتـی کوا دیموکراتییەکەتان بۆ لە تەنیشتمەوە نەما؟!!!

hoshyarabdulah@yahoo.com

# پاشاگەردانیی

# پەرلەمان خەڵوەتگایە... حکومەت لە پاشەکشەدایە...



هیوا جەمال

«هەر کارێک بکرێت، لێپرسینەوە نییە، کەس نازانێت چۆن پرۆژەکان جێبەجێدەکرێن، مانگێکە پەرلەمان کۆنەبووەتەوە، کێشە لە نێوان یەکێتی‌و پارتیدا هەیە لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەبردنی حکومەت».

کەمال عەبدوڵڵای شۆفێری تاکسی لە سلێمانی، لەسەر بێزارییەکانی بەردەوامبوو لە قسەکردن‌و بە رۆژنامەی وت «بێزارم... بێزارم لەم هەموو غەدرەی لەم خەڵکە دەکرێت...، کەی ئەمە حاڵە کە ئێمە هەمانە، پاشاگەردانییە، کەس نازانێت چۆن وڵات دەڕوات بەڕێوە»، تا زیاتر گوێت لە کەمال بگرتایە، قسەکانی زیاتر توندتر دەبوون.

وشەی پاشاگەردانیی لە قسەکانی کەمالدا سەرنجی راکـێـشـام‌و بۆ ئـەو مەبەستەش سەردانی چەند فەرهەنگێکی کوردیم کرد، بۆئەوەی ماناکەی بە دروستی بنووسم، لە هەردوو فەرهەنگی (خاڵ)ی شێخ مەحەمەدی خاڵ (لاپەڕە ٦٣)و فەرهەنگی (کوردستان)ی گیو موکریانی (لاپەڕە١٤٢) ماناکەی بەم شێوەیەیە: شێوانی شوێنێک بەهۆی نەمانی گـەورەو سەرۆکەوە.

ئـەگـەر لـە مـانـا راسـتـەوخـۆکـەیـدا، پاشاگەردانیی بۆ ئەو کاتەبێت کە پادشا یان سەرۆک لە وڵات نامێنێت، یان دەمرێت، یاخود بەهەر هۆکارێک بێت وڵات بەبێ گەورە بمێنێتەوە، ئەوا لە پەروەردگار بەزیاد بێت، لە وڵاتی خۆمان‌و هەرێمی کوردستان، سەرۆک‌و گەورەکان زۆر زۆرن، بەڵام لە زۆرییانەوە پاشاگەردانیی روویداوە، چونکە نازانرێت کێ لەکێ دەپرسێتەوە.

### کێ لە پەرلەمان دەپرسێتەوە؟

دوای ئەوەی دوو مانگ پشووی وەرزیی (خولی گرێدانی یەکەم) ئەم خولەیان بوو، ماوەی مانگێکە پشووی پەرلەمانی کوردستان تەواو بووەو تەنیا یەک کۆبوونەوەیان لە سەرەتای مانگی رابردوودا بۆ دەستپێکردنەوە، ئەنجامداو تا ئێستا دانیشتنیان بۆ هیچ مەبەستێک ئەنجام نەداوە.

کۆنەبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدایە، هەستیارترین پرۆژەیاسا لە پەرلەمان گیریخواردووە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بەهەموو تاکێکی کوردستانەوە هەیە.

جگە لە پرۆژەیاسای بودجە کە لەماوەی پێشوودا بە کۆمەڵێک لە کەموکورتییەوە رەوانەی پەرلەمان کرا، زیاتر لە چوار مانگە لە پەرلەمانەو بەهۆی ئەو کەموکورتییە زۆرانەوە تا ئێستا لە پەرلەمان تێنەپەڕیوەو کێشەی گـەورەی بۆ دەسـەڵات‌و خەڵک لەلایەک‌و حیزبە دەسـەڵاتـدارەکـان لە نێو خۆیانداو دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنیش لەلایەکی دیکەوە دروستکردووە.

زۆری نەماوە کە پرۆژەیاسای بودجە لە پەرلەمان مرداربکرێتەوە، چونکە ماوەیەکی ئەوەندە زۆرە دەستاودەست دەکات‌و نەتوانراوە ئەو هەموو کەموکووڕییانە چارەسەر بکرێن، بۆیە چەندین پێشنیاز هەیە بۆ گەڕاندنەوەی بۆ حکومەت (وەک کورد دەڵێت، ماڵی قەڵب دەگەڕێتەوە بۆ ساحێبی).

جگە لەمانە، لە خولی پێشوودا زیاتر لە (٤٠) پرۆژەیاسا هەبوون بۆ ئەم خولەی پەرلەمان (خولی سێیەم) ماونەتەوەو تا ئێستا کەس هەر باسی نەکردوون، جا ئیتر نازانرێت ئەم خولەی پەرلەمان ئیعتراف بە خولی رابردوو دەکات؟، یان وەک هەر کارێکی دیکەی ئەم دەسەڵاتە سەیروسەمەرەیەی ئێمە کە تازەکان هاتن، ئیتر خۆیان لەسەرەتاوە دەستپێدەکەنەوەو کارەکانی پێش خۆیان دەسڕنەوەو بڕوایان پێیان نییە.

ئێستاش لەم خولەدا، زیاتر لە (٥٠)پرۆژەیاسا پێشکەشکراون‌و بە وتەی پەرلەمانتارێکی ئۆپۆزسیۆنیش، تەنیا فراکسیۆنی گۆڕان (٣٧) پرۆژەیاسایان لە پەرلەمان خەوێنراوە، ئەوە جگە لە پرۆژەیاساکانی فراکسیۆنەکانی دیکە.

کـێ بـەرپـرسـە لـە دواکـەوتـنـی ئـەم پرۆژەیاسایانە؟ پەرلەمان چۆن دەتوانێت کارەکان بەو شێوەیە دوابخات کە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە ژیان‌و گوزەرانی خەڵکی دیکەوە هەیە؟، ئۆپۆزسیۆن چ کارەیە لەو پەرلەمانەدا کە خەریکە بە چەقۆی کول پرۆژەیاساکان مـردار دەکرێنەوە؟ کێ لە پەرلەمان دەپرسێتەوە؟ دەکرێت نوێنەرانی خەڵک کە بەدەنگو مەترسی‌و خوێنی خەڵکی کوردستان چوونەتە پەرلەمان، ئێستا ئاوا خەڵکەکەی خۆیان پشتگوێبخەن؟

بەپێی مـــادەی(٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بڕگەی(١)، سەرۆک یان چواریەکی ئەندامانی ئەنجومەن بۆیان هەیە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەن بکەن...

بڕگەی(٢)ی هەمان مادە دەڵێت: لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆک بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا داوای کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان بکات.

بەپێی بڕگەکانی ئەم مادەیە، سەرۆکی پەرلەمان، چواریەکی ئەندامان، یان سەرۆکی حکومەت دەتوانن داوای کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان بکەن.

ئەم مادەیە باسی کۆبوونەوەی نائاسایی دەکات، بەڵام خۆ ئێستا کاتی خولی گرێدانی دوومەو دەبێت ئاسایی کۆبوونەوەکان بکرێن.

ئەگەر بەپێی ئـەم مـادەیـەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بێت، بەپێی پلەبەندیی (سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمانتارەکان، سەرۆکی حکومەت) کەمتەرخەمن لە کۆنەبوونەوەی پەرلەمان‌و ئەوان بەرپرسیارن لە دواکەوتنی کۆبوونەوەکان.

### ئایا کێ لە سەرۆکی پەرلەمان دەپرسێتەوە سەبارەت بە دواکەوتنی کۆبوونەوەکان؟

پێدەچێت سەرۆکی پەرلەمان بە پشتبەستن بە مادەی(١٧)ی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەو پێشێلکارییە بکات‌و کۆبوونەوە ئەنجام نەدات، چونکە بەپێی ئەو مادەیە، سـەرۆک دەسەڵاتێکی فراوانی پێدراوە کە زۆربـەی بڕیارو ئیجرائاتەکانی لەدەستدا بێت، بەڵام هیچ مادەیەک نییە کە ماف بدات بە ئەندامانی پەرلەمان داوای لێپرسینەوەی بکەن ئەگەر سەرۆک لە پەیڕەوی ناوخۆش دەربچێت.

ئایا کێ لە ئەندامانی پەرلەمان دەپرسێتەوە بۆ داوای کۆبوونەوەیان بۆ پرسە گرنگەکان نەکردووە؟ لەناو پەرلەمانتارانیشدا ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) کە نەک چواریەک، بەڵکو سێیەکی پەرلەمان پێکدەهێنن، ئایا داوای کۆبوونەوەیان کردووەو ئەگەر نەیانکردووە، کێ لەمان دەپرسێتەوە؟

ئـایـا بـۆ سـەرۆکـی حـکـومـەت داوای کۆبوونەوەی نەکردووە تەنانەت لەسەر ئەو بودجەیەش کە خۆی ناردوویەتی بۆ پەرلەمان، کێ لەو دەپرسێتەوە؟

### حکومەت بەرەودواوە دەڕوات

ئەو تێڕوانینانەی لە سەرەتاوە نێگەتیڤ بوون بەرامبەر سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەت، رەشبینی نەبوون بەرامبەری، چونکە لـەدوای شەش مانگ لە دەستبەکاربوونی، سەرەتای ئەو خاڵە نێگەتیڤانە دەرکەوتوون.

سەرۆکی کابینەی شەشەم کە زۆرتر بەوە ناسراوە، بەڵێنەکانی ئێجگار لەکارە عەمەلییەکانی زۆرترن، لەماوەی ئەو شەش مانگەی رابردوودا ئەمەی بە عەمەلی سەلماندووەو لەوکاتەوە کە دەستبەکاربووە، دەیان بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان داوە، بەڵام تا ئێستا خەڵک بەرهەمی بەڵێنەکانی نەبینیوە.

رەنگە پاساوی سەرۆکی حکومەت بۆ بەجێنەگەیاندنی بەڵێنەکانی، پەسەندنەکردنی بودجە بێت، بەڵام ناکرێت سەرۆک نەیزانیبێت بودجە خەملێنراوەکەی بەو دەردە دەڕوات، چونکە دەیـزانـی: ١.کەموکووڕیی زۆری تێدایەو پێویستی بە کاتی زۆر هەیە، ٢.ناکرێت سەرۆکی حکومەت بڵێت نەمدەزانی بودجەکە بەو دەردە دەچێت، چونکە ئەو نەزانینە، زۆرتر لەسەری دەکەوێت‌و دەیسەلمێنێت کە بە راستی حکومەتەکەی تووشی شەلەل بووە.

٣. دەبوایە بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکانی بۆ حیزبەکەی، ئەو هەموو بەڵێنەی نەدایە، چونکە ئـەو، وەک خۆیان دەڵێن بۆ «چوار ساڵ» سەرۆکەو دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەڕێوەیە، ئەوە هەر وەک ئێستا ئاشکرا دەبوو کە بەڵێنەکان نابنە واقیع.

### سەرۆکی حکومەت کرێچییە

لەماوەی شەش مانگی رابردوودا، سەرۆکی حکومەت نەیتوانیوە وەک سەرۆکی حکومەتی هەموو هەرێمی کوردستان دەسەڵاتدارێتی خۆی بسەپێنێت‌و تەنیا وەک سەرۆکی حکومەتی سلێمانی‌و گەرمیان دەرکەوتووەو دەسەڵاتی نەبووە بەسەر بەشە زەردەکەی هەرێمەکەیدا، تەنانەت تا ئێستا سەرۆک نەیتوانیوە بچێتە هۆڵی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشوو، ئەوەش ئاماژەیەکی سەرەتاییە بۆ ئەوەی کە سەرۆک خاوەنماڵ نییەو تا ئێستاش کرێچییە.

راپۆرتەکەی گۆڤاری گوڵانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی، ئاماژەیەکی ترسناکە لەسەر کەمتەرخەمیی سەرۆکی حکومەت لەبارەی حوکمڕانییەوەو سەرنەکەوتنی لەو ماوەیەدا کە جڵەوی حوکمی گرتووەتەدەست، ئەو راپۆرتە دیوی ناوەوەی بیروڕای پارتی، شەریکە دەسەڵاتی دەردەخـات سەبارەت بە حوکمڕانیی‌و ئەوەشی بەچاودا دراوەتـەوە کە کارەکانی کابینەی پێنجەمی بەرەو دواوە بردووە.

ئێستا پارتی لە حکومەتەکەی یەکێتی کەوتووەتە تەقەو بەجدیی رەخنەی لێدەگرێت، ئەمەشی لەو روانگەیەوە دەستپێکردووە کە لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەرکەوت کە پێدانی حکومەت بە یەکێتی بەپێی ئیستیحقاقی خۆی نییەو لەوبڕوایەشدایە، سەرۆکی حکومەت کارەکانی بۆ بەرژەوەندیی هەستانەوەی حیزبەکەیەتی‌و دەکرێت کارەکانی کابینەی پێشوو ئیفلیج بکات.

هـەرچـەنـدە پـێـدانـی حکومەت بەپێی رێککەوتنێکە کە ناوی ستراتیژیی لێنراوە، بەڵام سیاسەت لەگەڵ بەرژەوەندیدا یەکیگرتووەو هەرکاتێک رێککەوتنێکی خۆی هەیە.

### سەرۆکی حکومەت لەسەر چی بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت؟

ئـەو هۆیانەی کە پێویستن سەرۆکی حکومەتی لەسەر بانگهێشت بکرێت، بەکورتی بریتین لە:

١. ناردنی بودجەی خەملێنراوی (٢٠١٠) بۆ پەرلەمان بە کەموکورتییەوە، لێپرسینەوەی لـەسـەر ئـەوەی کـە بـۆچـی بـەو هەموو کەموکورتییەوە نێردراوە؟

٢. نەناردنی حیسابی خیتامی سێ ساڵی رابـردوو لەلایەن حکومەتەوە، بۆیە دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، کە بۆچی تا ئێستا ئەو حیسابە نەکراوە؟

٣. کۆمەڵێک بەڵێنیداوەو بەردی بناغەی دوو زانکۆی داناوە، بێئەوەی بودجەکەی پەسەند کرابێت، دەکرێت بانگبکرێت‌و لێی بپرسرێتەوە کە لەسەر چ بنچینەیەک ئەم کارانەی کردووە؟







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩